

# ڕەتکردنەوەی زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن

## گۆڕینی بنەماکانی دیموکراتیە بۆ ئایدلۆژیەتی رادیکاڵی

ئەگەر فیکر لای هیگڵ بەمانای شۆڕش بێت و لای مارکس بەمانای توندوتیژی شۆڕشگێڕانە بێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕینی ڕادیکاڵی لەکۆمەڵگەدا، ئەوا فیکر لەدیموکراتیەتی هاوچەرخدا بەمانای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دێت و، لەکۆمەڵگەدا هیچ هەقیقەتێك بوونی نابێت، بێجگە لەو هەقیقەتەی لەئاکامی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنەوە بەرهەم دێت و هەر ئەو هەقیقەتەش دەبێتە پرانسیپی تیۆری کۆمەڵگە بۆئەوەی گۆڕانکاری پێویست و لەسەرخۆ لەکۆمەڵگە ئەنجامبدرێت.

کەواتە لێرەوە ڕەتکردنەوەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بەهەر بیانوویەك بێت، ئەمە مانای ئەوەیە بیروبۆچوونێك لەکۆمەڵگە هەیە کە دەیەوێت بەبێ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن ئەوەی خۆی پێی دەڵێت هەقیقەت بەسەر کۆمەڵگە و لایەنە سیاسییەکانی بەرامبەری فەرزی بکات، ئەوجا ئەم فەرز کردنەش ئەگەر فەرزکردنی ئایدلۆژیایەك بێت یان تەنانەت پەیامێکی ئاسمانی بێت لەناو کایەی سیاسیدا، ئەوا بێجگە لەئایدلۆژیایەکی سڕبووی ڕادیکاڵی بەزمانە مارکسیەکەی و، ئایدلۆژیەتێکی سڕبووی ئسوڵی بەزمانی حزبە ئیسلامیەکان هیچ مانایەکی دیکەی نییە، هەربۆیە ئەگەر لەم ڕاستەوە وشەی (ئایدلۆژیەتی ڕادیکاڵی یان ئوسوڵی) بەباشترین مانا بەکار بهێنین، ئەوا لەئایدلۆژیەتی ڕادیکالی و ئسوڵی ئیسلامیدا، ڕیفۆرم و چاکسازی کۆمەڵگە بەمانا ڕادیکاڵیەکەی بەکاردەهێنێت و ئامانجی ئەوەیە کۆی سیستمە سیاسییەکە وەك خراپ (تۆتالیتار و دیکتاتۆر) پیشانبدات، بۆ ئەوەی شەرعیەتی ڕووخانی سیستمەکە وەربگرێت و سیستمێکی دیکە دابمەزرێت کە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە لەم سیستمە نەچێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕای گشتی لێیان

**ڕادیکاڵی و ئسوڵی بەپێویستی نازانن لەسەر ڕیفۆرم و چاکسازی موناقەشە بکرێت، یان بەرنامەیەکی جیاواز لەبەرنامەکەی ئەواندا هەبێت**

قبووڵ ناکات ڕاشکاوانە بڵێن ئێمە دژی سیستمی دیموکراتین، ئەوا دەیانەوێت ئەو ڕووخانە بەڕێگەی سندوقی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت و زەمینەیەك دروست بێت سیستمە دیموکراتیەکە خۆی دان بەوەدا بنێت کە ئەو سیستمە دیموکراتی نییە و سیستمێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆرە، ئەم دانپێدانانەش لای ئەوانەی هەڵگری ئایدلۆژیەتی چەپن و لای ئەوانەی هەڵگری ئایدلۆژیەتی ئسوڵی ئیسلامین، دەبێت موناقەشەی لەسەر نەکرێت، یان بەمانا تازەکەی (شەڕە دەنووکی لەسەر نەکرێت!!)، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ئەوانەی هەڵگری ئایدلۆژیەتی چەپی رادیکاڵی یان خۆیان لەو بازنەیەدا پێناسە دەکەن، بۆ سەلماندنی ئەو ئایدلۆژیەتەی خۆیان پەنا دەبەنە بەر بەراوردکردنی زانستی، هەربۆ نموونە دەڵێن خەڵك بۆ دەزانێت باشترین کۆمپیوتەر و باشترین ئۆتۆمبێل و باشترین جل و بەرگ بەکار بهێنێت، بۆ ناتوانێت باشترین دیموکراتی (دیموکراتی بێ ڕەخنە) پیادە بکات، لەم بەراوردکردنەش مەبەستیان ئەوەیە بەخەڵك بڵێن جیاوازی نێوان بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ڕێکخستنی کۆمەڵگە چییە، ئەو ئەقڵەی بتوانێت کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت یان بتوانێت تازەترین ئۆتۆمبێل لێ بخوڕێت واتە دەتوانێت باشترین سیستمیش

**بونیادی هەر سیستمێکی دیموکراتی لەهەر وڵاتێکدا ئەزموونێکی نوێیە و بریتییە لەچۆنیەتی پێکەوە گرێدانەوەی توخمەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی تایبەتی دیموکراتی بەو وڵاتە بەرهەم بێت**

بۆ کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت، پاشخانی ئەم بۆچوونە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فیکرییەی مارکس، لەبنەڕەتدا هەوڵدانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەپێی یاساکانی سروشت بەڕێوە ببرێت، ئەمەش واتە بەپێی فیکری مارکسی کاتێك ئەقڵی مرۆڤ بتوانێت بەپێی یاساکانی سروشت بزانێت کەی مانگ و خۆر دەگیرێت و کەی باران دەبارێت و کەی ئاسمان ساماڵ دەبێت، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەم ئەقڵە توانای هێندەیە موناقەشەی لەسەر ناکرێت، ئەوا دەبێت ئەو یاسایەشی کە کۆمەڵگەی پێ ڕێکدەخرێت، موناقەشەی لەسەر نەکرێت. لەبەر ئەوەی کە ئەو یاسایە جێبەجێکرا، چۆن لەکاتی خۆی مانگ و خۆر دەگیرێت و باران و بەفر دەبارێت، بەهەمان شێوە کۆمەڵگەش

**ئایا لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی هاوچەرخ هەبووە کە سەرکوتکار بێت، بێجگە لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشان**

ڕێکدەخرێت، ئەو کۆمەڵگەیەشی ئەو ئەقڵە ڕێکیدەخات وەڵامی هەموو پرسیارەکانی خەڵکی داوەتەوەو ئیدی پێویست نییە پرسیاری دیکە بەرهەم بێت و جیاوازی لەناو کۆمەڵگە هەبێت، لەبەرامبەردا ئەوانەشی کە هەڵگری ئایدلۆژیەتی ئیسلامی سیاسین یان خۆیان لەبازنەی ئیسلامی سیاسیی ئسوڵیدا دەبیننەوە، دیسان ئەوانیش پێیانوایە، ئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی ئینتقائیانە لەقورئان دەریدەهێنن و وەك سیاسەت بەخەڵکی دەفرۆشنەوە، ئەوە پەیامی ئاسمانە و نابێت ڕەخنەی لەسەر هەبێت و دەبێت کۆمەڵگە ملکەچی بێت و بەجێبەجێکردنی ئەو پەیامەش ئیدی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دروست دەبێت و، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی خەڵکی داوەتەوەو ئیدی نابێت پرسیار هەبێت، ئەمە لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز وردەکاری حکومڕانی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی بۆ تێگەشتن و دیالۆگی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە، نەك سەپاندیبیەتی، بۆیە لەم حاڵەتەشدا لەبەر ئەوەی ئیسلامی



سیاسیی ئوسوڵی دەقە سیاسییەکانی خۆی بە پەیامی پەروەردگارەوە گرێداوەتەوە، ئەوا پێویست نییە لەسەر ئەو بەرنامەیە موناقەشە بکرێت کە سەرچاوەکەی پەیامی پەروەردگار بێت، بۆیە لەم خاڵەدا (ڕادیکاڵی و ئسوڵی) بەپێویستی نازانن لەسەر ریفۆرم و چاکسازی موناقەشە بکرێت، یان بەرنامەیەکی جیاواز لەبەرنامەکەی ئەواندا هەبێت، خۆ ئەگەر بەرنامەیەکی جیاواز هەبوو ئەوا ناوی لێدەنێن (شەڕە دەنوك، نەك دیالۆگ و لێکتێگەیشتن).

**ئەوەی سەقامگیری لەکۆمەڵگە دروستکردووە، سیحری دیموکراتییە نەك وەك مارکۆز دەڵێت شمشێری سەرکوتکاری یان وەك هەندێك لەکوردستان دەڵێن دەسەڵاتی سەرکوتکاری یان تۆتالیتاری یان تاك حزبی**

## گۆڕانکاری لەسەرخۆی دامەزراوەیی و گۆڕینی ڕادیکاڵیانەی کۆمەڵگە

کاتێك باسی بونیادی دیموکراتی دەکرێت، هەموو پسپۆڕان و شارەزایانی سیاسەت باس لەوە دەکەن، بونیادی دیموکراتی کاتی دەوێت و پێویستی بەکامڵبوونی کەڵچەری دیموکراتی هەیە، هەروەها زۆر بەڕوونی باس لەئاستەنگەکانی قۆناخی ڕاگواستن دەکەن، کە ڕاگواستنە لەسەر دوو ئاست، ئاستی یەکەمیان سیاسییە کە کۆمەڵگە لەکۆمەڵگەیەکی داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی کراوە دەبات، ئاستی دووەمیان ئابوورییە کە ئابووری لەدەستی دەوڵەت وەردەگرێتەوە و تە سلیمی بازاڕی دەکات، ئەم دوو هەنگاوە کە سەرلەبەر کۆمەڵگە دەگۆڕێت، پێویستی بەبونیادی ژێرخانێک، کە جیا لەوەی بونیادی ئەو ژێرخانە کاتی دەوێت و پێویستی بەهاوکاری هەموو لایەکە، لەهەمانکاتدا، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەك لەوەی دیکە جیاوازە و یاسا فیزیاییەکان بەسەر کۆمەڵگەکاندا پیادەناکرێت، ئەمەش واتە بونیادی هەر سیستمێکی دیموکراتی لەهەر وڵاتێکدا ئەزموونێکی نوێیە و بریتییە لەچۆنیەتی پێکەوە گرێدانەوەی توخمەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی تایبەتی دیموکراتی بەو وڵاتە بەرهەم بێت، ئەمە کۆمپیوتەر و ئۆتۆمبێل نییە لەئەمریکا یان ژاپۆن چۆن دروست دەکرێت لەکوردستانیش بەهەمان شێوە دروست بکرێتەوە، ئەوا بچووکترین هەڵە لەو بونیادی ئەزموونی دیموکراتیدا وادەکات کاتی سەرکەوتنی پرۆژەکە درێژ بکاتەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی بونیادی دیموکراتی، پیشەسازی دروستکردنی ئۆتۆمبێل و تەلەفزیۆن و بەفرگر نییە کە پێشتر پارچەکانی لەدەرەوە دەهێنران و لەناو عێراق پێکەوە دەبەستران و ناویان لێدەنرا (قیسارە و عەشتار و سەلاحەددین)، بەڵام ئەوانەی پاشخانی فیکریان دژی دیموکراتی و شێوازی



بەرهەمهێنانە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد (کە ئەوان پێی دەڵێن شێوازی سەرمایەداری)، ئەگەر خۆیان لەسەر چەپی ڕادیکاڵی ساخبکەنەوە، ئەوا لای ئەوان دیموکراتی لەسەر ئاستی سیاسیی بریتییە لەسندوقی دەنگدان، وەك هۆگۆ شافیز لەفەنزویلا، لەسەر ئاستی ئابووریش هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ئابووری سۆشیالیستی، واتە پشتکردنە بازاڕ لەبەر ئەوەی بازاڕی سەرمایەداری، بازاڕی قۆرخکارییە، ئەوانەشی خۆیان لەبازنەی ئیسلامی سیاسیی دەبیننەوە، ئەوا لەبەر ئەوەی لەئیسلامدا بەیعە هەیە، ئەوا دیموکراتی لەهەڵبژاردندا بۆ پێکهێنانی شورا (نەك پەرلەمان) بچووك دەکەنەوە، کە گەیشتنە دەسەڵاتیش بەدەستووری خۆیان نەك دەستووری مەدەنی، وڵات بەڕێوە دەبەن، لەسەر ئاستی ئابووریش لەبەر ئەوەی ئابووری ئازاد لەسەر بنەمای سوود و قازانجە، ئەوا ئەم سوود و قازانجە دەکەوێتە قاڵبی حەرام و حەڵاڵ و دەبێت شێوازی بەرهەمهێنانیش لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ بگۆڕێت بۆ ئابووری ئیسلامی، نابێت لەسەر ئەم بۆچوونەش موناقەشە هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا حزبە ئیسلامیەکان دەقەکانی قورئانی پیرۆز لەمیانەی ئەو تەفسیرانەوە پیادە دەکەن، کە لەسەردەمێکی جیاواز بۆ قورئان کراوە، ئەوان نایەن دەقی قورئانی پیرۆز بۆ ئەم سەردەمە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەم سەردەمە سوود لەقورئان وەربگرن، بەڵکو ڕەوڕەوەی کۆمەڵگە بەرەو پاشەوە دەبەنەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ئێستا لەگەڵ تەفسیرە کۆنەکاندا بگونجێنن، ئەمە بۆ دیراساتی مارکسی و خوێندنەوەی دەقەکانی مارکسیش لای ڕادیکاڵەکان بەو جۆرەیە کە فەلسەفەی مارکسی وەك دەقێکی نەگۆڕ و پیرۆز سەیر دەکەن، ڕاستە مارکس بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا زۆر جەخت لەسەر ئەقڵ دەکاتەوە و ئەمە بەبناخەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەزانێت

**ئایا ئەوەی دەستی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن درێژ دەکات، تۆتالیتار و دیکتاتۆرە، یان ئەوەی دیالۆگ و لێکتێگەشتن ڕەتدەکاتەوە، حزبێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆرە**



و داوا دەکات پێویستە تیۆری کۆمەڵگە پشت بەتیۆری سروشت ببەستێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوانەی فیکری مارکسی وەك ئایدلۆژیایەکی ڕادیکاڵی سەیر دەکەن، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ فیکری مارکسی، بۆ ئەوە ناگەڕێنەوە کە جارێکی دیکە بەچاوێکی ڕەخنەیی مارکسیەت بخوێننەوە، بەڵکو مارکسیەت وەك دەقێکی ئەسڵی و پیرۆز سەیر دەکەن و نایەنەوێت ڕەخنەی لێبگرن و داهێنانی تێدا بکەن، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەگەڵ فیکرەکە بگونجێنن نەك فیکرەکە بکەنە هۆکارێك بۆ ئەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی پێ خۆشگوزەران بکەن، ئەمەش واتە لەبەری ئەوەی ئەوان دەیانەوێت مرۆڤ و کۆمەڵگە بکەنە ئامێرێك بۆ ئەوەی ڕاستی فیکری مارکسی بسەلمێنێت، نەك فیکری مارکسی بکەنە ئامێرێك بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پێ چاك بکەن، کەواتە ئەوانەیش وەك ئیسلامییەکان دەیانەوێت سەردەمی ئێستا یان کۆمەڵگەی دیموکراتی بگێڕنەوە بۆ دواوە و وەك سیستمێکی دیکتاتۆر و چەوسێنەر پیشانی بدەن بۆ ئەوەی شەرعیەتی گۆڕانکاری ڕادیکاڵی وەربگرن، هەر بۆ نموونە وەك جۆرج تەرابیشی لەپێشەکی کتێبی (مرۆڤی تاك ڕەهەندی هێربەرت مارکۆزە ئاماژەی پێکردووە) دروستبوونی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەسییەکانی سەدەی ڕابردوو لەئەڵمانیا لەپێناوی ئەوە بوو دیراسەتی مارکسیەت بکەن کە بزانن بۆچی لەکۆمەڵگە توخمەکانی شۆڕش هەن، بەڵام شۆڕش دروست نابێت، واتە (سەرمایەدار هەیە، دەوڵەمەندبوون هەیە، جیاوازی چینایەتی هەیە)، کە ئەم توخمانە هۆکاری هەڵایسانی شۆڕش و گۆڕینی ڕادیکاڵیانەن، بەڵام سەرسوڕمانەکەی مارکۆز لەسەر ئەوەیە بۆ ئەم توخمانە

**لەکۆمەڵگەدا هیچ هەقیقەتێك بوونی نابێت، بێجگە لەو هەقیقەتەی لە ئاکامی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنەوە بەرهەم دێت**

پەکخراون، چۆن دەبێت لەکۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری کە سەرمایەداری دژی مرۆڤایەتیە و شمشێری سەرکوتکاری لەسەرمرۆڤایەتی ڕاگرتووە شۆڕش نەبێت؟ چۆن دەبێت مرۆڤ بە سیستمی سەرمایەداری ڕازی بێت؟ ئەگەر سەیری پرسیارەکان بکەین دەبینن ئەم جۆرە بۆچوونە باسی سیستمی دیموکراتی ناکات، بەڵکو باسی سیستمی سەرمایەداری دەکات، ئەم سیستمە زاڵمەش بەبۆچوونی مارکۆز (ڕەخنە و ئۆپۆزسیۆنی بەنج کردووە)، ئەمەش شێواندنی واقیعی کۆمەڵگەی دیموکراتیە کەوا پیشاندەدرێت (ڕەخنە و ئۆپۆزسیۆن) بوونی نییە، بۆیە گرنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین ئایا مەبەستی مارکۆز لەڕەخنە و ئۆپۆزسیۆن کامەیە، ئایا لەکۆمەڵگە دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوا (ڕەخنە و ئۆپۆزسیۆن) بوونی نییە؟ بێگومان بوونی هەبووە، بەڵام مەبەستی مارکۆز (نە ڕەخنەی کۆمەڵگەی کراوەیە نە ئۆپۆزسیۆنی کۆمەڵگەی دیموکراتیە)، بەڵکو مەبەستی ڕەخنەی ڕادیکاڵیە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو بنەماکانی سیستمی دیموکراتی کە ئەو بەسیستمی سەرمایەداری ناوی دەبات، هەروەها ڕەتکردنەوەی بنەمای بازاڕی ئازادە(کە هەڵگری ئەو جۆرە ئایدلۆژیەتانە پێی دەڵێن شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و گۆڕینی بۆ شێوازی بەرهەمی سۆشیالیستی)، ئەمەش واتە پێویستە ئۆپۆزسیۆنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەبەر ڕۆشنایی شێوازی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستی کۆمەڵگەیەکی بێ چین (مجتمع اللاطبقی) و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنێتەوە و کۆمەڵگەیەك دروست بێت نە جیاوازی چینایەتی و نەجیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی تێدابێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا بەبۆچوونی ئەوان لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە ڕەخنە قبووڵ دەکات و ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی ئاشتیانە بوونی هەیە، ئەم بوونە بونێکی بەنجکراوە و دەبێت ئەو بەنجە نەمێنێت و کۆمەڵگە بەخۆی بێتەوە و ڕەخنە و ئۆپۆزسیۆنی ڕادیکاڵی بەرهەم بهێنێت.

مارکۆز ئەمەی نەشاردۆتەوەو لەیەکەم بەشی کتێبەکەیدا (مرۆڤی تاك ڕەهەند)

**ئەوانەی فیکری مارکسی وەك ئایدلۆژیایەکی رادیکاڵی سەیر دەکەن، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ فیکری مارکسی، بۆ ئەوە ناگەڕێنەوە کە جارێکی دیکە بەچاوێکی ڕەخنەیی مارکسیەت بخوێننەوە تاوەکو داهێنانی تێدا بکەن**

کۆمەڵگە لیبرال دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوا وەك (ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و تەواوی دیموکراتیە لیبرالیەکان) بەوە تاوانبار دەکات، ئەوان هێندەی ئەولەویەت بەمەترسیە دەرەکیەکان دەدەن، هێندە بایەخ بەکێشە ناوخۆییەکان نادەن و کێشە ناوخۆییەکان شاردراونەتەوە، ئەگینا کەس بەرگەی زوڵمی کۆمەڵگە لیبرال دیموکراتەکان ناگرێت، کە ئەو ناوی لێناوە (کۆمەڵگە





پیشەسازییە هاوچەرخەکان)، بەدەق لەکتێبەکەیدا دەڵێت: (ئەگەر مرۆڤایەتی بەهۆی کارەساتی نیوکلیارییەوە هەڕەشەی کۆمەڵکوژی لەسەر بێت، ئایا ئەم مەترسیە هەرخۆی لەسەر ئەو هێزانەش نییە کە شمشێری سەرکوتکاریان لەسەر مرۆڤایەتی ڕاگرتووە، هەربۆیە بەڕاستی ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین خۆمان بەم کارەساتەوە سەرقاڵ بکەین، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە دیراسەتی هۆکارە شاراوەکان لەکۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخدا پشتگوێ دەخەین، ئەو هۆکارانەش لای جەماوەر نە حسابی بۆ دەکرێت و نەهەوڵی قەلاچۆکردنی دەدرێت، لەبەر ئەوەی هەڕەشەی دەرەکی ئەولەویەتی پێدراوە)، ئەم قسەیەی مارکۆز لەلاپەرە ٢٥ی کتێبی (مرۆڤی تاك ڕەهەند) لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو کراوە، ئایا هەمان قسە نییە کە هەفتەی ڕابردوو لەسەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە گوێمان لێی بووە، ئاماژەی بەوەکرد کە باسکردنی هەڕەشەی دەرەکی بۆ ئەوەیە خۆیان حکومڕان بن و کوڕ و کوڕەزاکانیشیان حکومڕان بێت، لێرەدا ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم دووقسەیە بکەین کە یەکێکیان هی سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووە و هی دووهەمیشیان تەنیا هەفتەیەکە کراوە، ئایا جیاوازی نێوانیان چییە؟ لەلایەکی دیکە مارکۆز کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ بەکۆمەڵگەی سەرکوتکار ناودەبات، پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی هاوچەرخ لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەبووە کە سەرکوتکار بێت(بێجگە لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشان)، کە ئەو بەوجۆرە پیشانی دەدات کە سیستەمی لیبرال دیموکراتی دوژمنی مرۆڤایەتیە

## فیکر لە دیموکراتیەتی هاوچەرخدا بەمانای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دێت

و شمشێری سەرکوتکاری لەسەر ملی مرۆڤایەتی ڕاگرتووە و پێویستە ئەو شمشێرە سەرکوتکارییە لەسەر ملی مرۆڤایەتی نەمێنێت و مرۆڤایەتی ئازاد بێت. بۆیە کاتێك ئەم ئایدلۆژیەتە هەموو سیستەمی لیبرال دیموکراتی کە فۆکۆیاما بەکۆتایی مێژوو ناوی دەبات، بەدژی مرۆڤایەتی بزانێت، ئایا کاتێك لەسەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان، سیستەمێکی تاکحزبی و تۆتالیتارییە، بۆچی جێگەی سەرسامی بێت؟ ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر سیستەمی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بگاتە ئاستی سیستەمی حکومڕانی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا... و تاد، لای هەڵگرانی ئەم ئایدلۆژیەتە ئاساییە بەدوژمنی مرۆڤایەتی پێناسە بکرێت و داوای ئەوە بکەن شمشێری سەرکوتکاری لەسەر ملی هاوولاتیان هەڵبگرن، بۆیە تەنیا جیاوازییەك ئەگەر لەنێوانی پێڕەوانی کۆن و نوێی ئەو ئایدلۆژیەتە ڕادیکاڵیە هەبێت ئەوەیە، کە نەوەی کۆنی ئەم ئایدلۆژیەتە بیریان لەوەدەکردەوە بەشۆڕش ئەو ئایدلۆژیەتە فەرز بکەن، ئێستا دەیانەوێت بەڕێگەی سندوقی هەڵبژاردن، کە گەیشتنە بە دەسەڵات وەك هۆگۆ شافیز لەڤەنزویلا و ئیڤۆ مۆڕال لەبۆلیڤیا و فیرنانـدۆ لۆگـۆ لەباراگـوای...و تاد، سەرلەبەری سیستەمی دیموکراتی دامەزراوەیی هەڵدەوەشێنن.

### بۆچی ڕەخنە و کەموکورتی هەیە بەڵام شۆڕش نییە؟

ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان هەوڵدەدات بەڕێگەی ڕەخنەگرتن و خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین، سیستەمی حکومڕانی کوردستان وەك ڕژێمەکانی میسر و تونس و لیبیا و سوریا پیشانی ڕای گشتی بدات، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە بۆ



لەچاوی خەڵکی کوردستان و لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەم وێنایە دروست نابێت، ئەگەر پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە بکەینەوە، ئایا ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن وەك ڕەخنە و نارەزایی پیشانی دەدات، ئایا بەشێوەیەك لەشێوەکان بوونی هەیە؟ یان ئۆپۆزسیۆن خۆی دروستی دەکات و لەکوردستاندا هیچ کەموکورتیەك نییە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاساییە و هەر هاووڵاتیەکی ئاسایی بگریت دان بەوەدا دەنێت و ڕاشکاوانە دەڵێت (بەڵێ کەموکورتی هەیە، بەڵێ ناعەدالەتی هەیە، بەڵێ گەندەڵی هەیە، بەڵێ بازاڕ قۆرخکراوە، بەڵێ جێبەجێکردنی پرۆژەکان وەك پێویست نییە...و تاد)، باشە پرسیاری دیکە ئەوەیە کە خەڵك و ئۆپۆزسیۆن و حزبە فەرمانڕەواکان هەموویان لەسەر ئەم کەموکورتیانە یەك دەنگن، بۆ شۆڕش دروست نابێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای مارکۆز و ئەوانەی وەك ئەو بیردەکەنەوە ئەوەیە، کە سیستمی سەرمایەداری مرۆڤەکانی والێکردووە بەیەك ئاڕاستە ببینن و بەیەك ئاڕاستە بیر بکەنەوە، سیستمی سەرمایەداری ڕەخنە و ئۆپۆزسیۆنی بەنج کردووە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرە ئەوەیە ئایا ئەو قسەیەی مارکۆز توانی ڕاستی خۆی بسەلمێنێت، توانی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە قەناعەت کە سیستمی لیبرال دیموکراتی دژی مرۆڤایەتیە؟ بێگومان نەخێر لەبەر ئەوەی نەوەکانی دوای مارکۆز لەهەمان قوتابخانەدا بۆیان دەرکەوت مەسەلەکە تەنیا (ئامێر و بەرهەم) نییە، کە مارکس پێیوابوو پێویستە تەکنۆلۆژیا لەخزمەتی پێشکەوتنی ئامێردا بێت، لەبەر ئەوەی سەرەنجام ئامێرەکە دەکەوێتە دەستی چینی پرۆلیتاریا و بەقازانج بۆ پرۆلیتاریا دەشکێتەوە، بەڵکو مەسەلەکە (کار و کارلێك)ەو، پێویستە مرۆڤەکان کار بکەن و لەگەڵ یەك کارلێك بکەن، بۆ ئەوەی کاری ئامێری بگۆڕێت بۆ کاری ستراتیژی کە ئامانجی ئازادی مرۆڤە، بەڵام ئەم ئازادییە بەرهەمی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە، نەك بەرهەمی شۆڕش وەك هیگڵ دەڵێت، یان بەرهەمی توندوتیژی شۆڕشگێڕی وەك مارکس ئاماژەی پێکردووە، بۆیە

**پەکخستنی دیالۆگ و لێکتێنەگەیشتن دەبێتە هۆکارێك بۆ پەکخستنی دیموکراتی**

لێرەوە ئیشکالیەتی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لەوەی (جیاوازی هەیە، دەوڵەمەند و هەژار هەیە، گەندەڵی هەیە...و تاد) بەڵام شۆڕش نییە، وەڵامەکەی ئەوەیە ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی کراوەیە خەڵك ئازادە ڕەخنە لەهەموو ئەو دیاردە و کەموکورتیانە بگرێت، خەڵك ئازادەو داوای لێدەکرێت بەشداری پرۆسە سیاسییەکە بێت لەکاتێکدا پرۆسە سیاسییەکە بەتۆتالیتار و تەنانەت دیکتاتۆریش وەسف دەکات، کەواتە ئەوەی سەقامگیری لەکۆمەڵگە دروستکردووە، سیحری دیموکراتیە نەك وەك مارکۆز دەڵێت شمشێری سەرکوتکاری یان وەك هەندێك لەکوردستان دەڵێن دەسەڵاتی سەرکوتکاری یان تۆتالیتاری یان تاك حزبی.

**بێ بەهاکردنی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بۆ شەڕە دەنووك**

دیالۆگ بۆ لێکتێگەیشتن، دانوستاندن نییە بۆ ڕێککەوتن، هەربۆیە لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا پێوەندی نێوان توخمەکانی دیموکراتی ئەوجا ئەو توخمانە (پارت و لایەنە سیاسییەکان بن لەگەڵ یەکتری، یان دامەزراوە گشتیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکەکان بێت، یان حکومەت و کەرتی تایبەت بێت)، هیچیان دانوستاندن نین بۆ ڕێککەوتن،

بەڵکو دیالۆگن بۆ لێکتێگەیشتن، مەبەست لەجیاوازی نێوان دانوستاندن و دیالۆگ، ئەوەیە لەدیالۆگدا لایەنەکان هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە لەواقیع تێبگەن و بەپێی ئەو تێگەیشتنە لەگەڵ واقیعەکە مامەڵە بکەن، ئەمەش واتە هیچ لایەك نە شتی لای ئەوی دیکەیە و نە لایەك قەرزداری لایەنەکەی دیکەیە، بەڵام دەبێت هەموو پێکەوە لەمیکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و حکومڕانی تێبگەن. بەڵام لەپرۆسەی دانوستاندن دا، پرۆسەکە بریتییە لە(دان) و (ستاندن) ئەمەش واتە تەنازولکردن لەشتێك و وەرگرتنی شتێکی دیکە، کە لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا هیچ لایەك تەنازول لەشتێك ناکات بۆ ئەوەی شتێکی دیکە وەربگرێت، لەوانەیە یەکێك بپرسێت ئەی بۆ لەپرۆسەی دیموکراتی عێراقدا دانوستاندن هەیە نەك تێگەیشتن؟ وەڵامی ئەمەش ئەوەیە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا دانوستاندن هەیە، بەڵام لەناو هەر پێکهاتەیەکدا لێکتێگەیشتن هەیە، واتە کورد و عەرەب دانوستاندن دەکەن، شیعە و سوننە دانوستاندن دەکەن، بەڵام لەنێوان شیعە و شیعە و سوننە و سوننە و کورد و کورد لێکتێگەیشتن هەیە، نەك دانوستاندن.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا باسی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی نیوان(پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ ) بکەین، کە خەڵك زیاتر باسی ڕێککەوتن دەکات وەك پرۆسەی دانوستاندن، بەمیتۆدی ئەم نووسینە، ئەم کۆبوونەوانە بۆ ڕێککەوتن نین، بەڵکو بۆ لێکتێگەیشتنە، واتە پێویستە لایەنەکانی فەرمانڕەوا کە پارتی و یەکێتین لەخواستەکانی

**لەدیالۆگدا لایەنەکان هەوڵیان بۆ ئەوەیە لە واقیع تێبگەن، بەڵام لە پرۆسەی دانوستاندن دا تەنازولکردنە لە شتێك و وەرگرتنی شتێکی دیکە**

ئۆپۆزسیۆن تێبگەن و ئامادەبن موناقەشەی بکەن و ئەوەی لەسەری دەگەنە تێگەیشتنی هاوبەش پێویستە ببێتە بەرنامە بۆ هەردوولا (ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەوا)، بەهەمان شێوە دەبێت لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش لەخواستەکانی هەردوولایەنی پارتی و یەکێتی تێبگەن و ئامادەبن موناقەشەی بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر لەسەر بەرنامەی پارتی و یەکێتیش گەیشتنە تێگەیشتنێکی هاوبەش، ئەو تێگەیشتنە هاوبەشەش ببێتە بەرنامەی هاوبەشی (ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەوا)، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە هیچ لایەنێکیان (ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەوا) وەك کۆمەڵێك حزبی سیاسیی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی خاوەنی هیچ نین هەتا بیدەن یان وەریبگرن، ئەوەی وتوویژ و دیالۆگی لەسەر دەکەن بەرژەوەندی گشتییە، لەباری واقیعیشدا حزبی سیاسی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی هاوچەرخدا، نوێنەرە نەك حاکم، واتە هەتا ئەگەر ئەو حزبە هەڵبژاردنیش بباتەوە و ببێتە حزبی حاکم، مانای ئەوەنییە کە حاکمی ڕەهایە، بەڵکو حاکمە بەنوێنەرایەتی خەڵك و خەڵکیش(چەکی سپی) بۆ ئیمزا نەکردووە هەتا ئەو بەکەیفی خۆی ژمارەی لەسەر تۆمار بکات، بۆیە مافی خەڵکە لەسەر ئەدای نوێنەرایەتی کردنەکەشی ڕۆژانە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، بۆیە هەتا ئەگەر



حزبی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ حزبی حاکم ناکۆکیش بێت و نەگەنە هیچ ئاکامێك، ئەوا مافی ئەوەی نییە لەگەمەی پرۆسە دیموکراتیەکە (دیالۆگ و لێکتێگەیشتن) بێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن لەبەرژەوەندی گشتی خەڵك بێت و حزبی حاکم نەیەتە ژێر باری بەرژەوەندی گشتی، ئەوا بەدەستی خۆی زەمینەی هەڵبژاردنی داهاتوو لەدەست خۆی دەدات و دەبێت ئەو لایەنە ببێتە حاکم، کە گەلی کردووە بەشاهید ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی گەلی کردووە، بۆیە لەم ڕاستەوە پەکخستنی دیالۆگ و لێکتێنەگەیشتن لەکۆمەڵگەی دیموکراتی، خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ پەکخستنی دیموکراتی و، هەروەها گۆڕینی هەیکەلی حزب لەئەرکی نوێنەرایەتی کردنەوە بۆ ئەرکی بڕیاردان و حزبی پێشڕەو هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئایدلۆژیەتی خۆی بەسەر خەڵکدا و هیچ بوارێك بۆ پیشەسازی دروستکردنی ڕای گشتی و ڕایەڵی پێکەوە گرێدانەوەی بۆچوونە جیاوازەکان ناهێڵێتەوە، پچڕانی ئەم ڕایەڵە و پەکخستنی پیشەسازی دروستکردنی ڕای گشتیش واتە دروستبوونی تۆتالیتاریەت یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی خۆسەپێن بەسەر ڕای گشتیدا. هەربۆیە کاتێك لایەنی ئۆپۆزسیۆن داوای ئەوە دەکات ئەو شەش پاکێجی تەسلیم کردووە و بێ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن جێبەجێ بکرێت، پرسیار ئەوەیە ئەم داوایە جیاوازی چییە لەگەڵ فەرمانی حزبە تۆتالیتارییەکانی پێشووی عێراق کە ئاراستەی کوردیان دەکردوو دەیان نووسی (قررنا مایلی..)، لەوانەیە لایەنی ئۆپۆزسیۆن بەوە پاکانە بۆ ئەم هەڵوێستەی خۆی بکات، بەرنامەکەی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە و هیچ داوایەکی حزبی تیانییە و بۆچی موناقەشە بکرێت؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین تەنیا بانگێشەکردن بۆ ئەوەی لایەنێك بڵێت هەقیقەت لای منە، مانای ئەوەیە هەقیقەت لای ئەو لایەنە بوونی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ئەگەر ئەم بەرنامەیەی ئۆپۆزسیۆن بەئاستی دەستوور سەیر بکرێت، دەستوور نابێتە دەستوور ئەگەر گەلی کوردستان ڕای خۆی لەسەر نەدات، هەر بۆیە کاتێك ئۆپۆزسیۆن بەوجۆرە موخاتەبەی پارتی و یەکێتی بکات و بڵێت، ئەوە بەرنامەی ئێمە و فەرموون جێبەجێی بکەن، پرسیار ئەوەیە ئەگەر پارتی و یەکێتی بەمجۆرە موخاتەبەی ئۆپۆزسیۆنیان بکردایە، ئایا هاوکێشەکە چۆن دەبوو؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ئەوەی دەستی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن درێژ دەکات، تۆتالیتار و دیکتاتۆرە، یان ئەوەی دیالۆگ و لێکتێگەشتن ڕەتدەکاتەوە، حزبێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆرە، ئەوە دیکتاتۆر و شمولیە کە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن ناو دەنێت شەڕە دەنووك، یان ئەوە دیکتاتۆرە کە بێجگە لەدیالۆگ و لێکتێگەیشتن، بەدیلێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نابینێتەوە.

**حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەوا خاوەنی هیچ نین هەتا بیدەن یان وەریبگرن، ئەوەی وتوویژ و دیالۆگی لەسەر دەکەن بەرژەوەندی گشتیە، واتە حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا نوێنەرە، نەك حاکم**





ڕێبوار سیوەیلی:

# نەگونجاو و نەشیاوە سەرچاوەی ڕەخنە قووڵایی بیرکردنەوەی مرۆییمان بێت، بەڵام ئامانجەکەی ڕووخاندن و ڕەتکردنەوە بێت

ڕێبوار سیوەیلی لەو نووسەرو دەنگە ڕەخنەگرە جددیانەیە کە لە بەرانبەر دنیای فکرو زمان و ڕەخنەو ڕووداوە سیاسییەکان و دۆخی ئێستای خەڵك و کوردستان بە گشتی، ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەیەو وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی و بەرهەمهێنی مەعریفەو سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی سەڵاحەدین؛ هەرکاتێك لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانیدا ڕاوبۆچوونێکی خۆی دەربڕی بێت،بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و مرۆییەوەو بە وردی لە بارەی پرس و ئاریشەکانی ناو کۆمەڵگە قسەی کردووە، بە تایبەت ئەو پرسانەی پێوەندییان بە دەسەڵاتی سیاسی پارتە فەرمانڕەوایەکان و ئۆپۆزسیۆن و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتەوە هەیە، لێرەدا دەردەکەوێت خۆی لە قەیرانەکان نەدزیوەتەوەو لە وتەکانیدا ئەو بەرپرسیارێتیە ڕادیارە کە تەژی نین بە توڕەیی و نائومێدی ڕەها و داڕووخانی دەروونی و پەخش کردنی ڕەشبینی، بەڵکو لەم دەرفەتە کورتەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێزیان سازداوە، بە ڕوونی ڕادیارە کە دڵسۆزانە بەرانبەر خەڵك و نیشتمانی خۆی دەدوێت و بەشێوەیەك کە هیچی کەمتر نەبێت لە سەرجەم جیهان و مرۆڤایەتی، بۆیە لە خەمی ئەوەدایە متمانەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە یەکتری و بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و بە ئەزموونی ئەم نیشتمانەوە لەسەر بنەمای سیستمێکی دادپەروەرانە توندوتۆڵ بکرێت، تا نەوەکانی پاشەڕۆژ خۆشنوودو ئازادو سەربەرزانە پێکەوە بژین. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.



**گوڵان:** هەست دەکەین بۆشاییەك لەنێوان خەڵك حکومەت هەیە، ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئایا چۆن پێوەندییەکی بەردەوام لە نێوان خەڵك و حکومەت ڕێکدەخرێت؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** بە بڕوای من ئەو بۆشاییەی لە نێوان خەڵك و دەسەڵات لە کوردستاندا هەیە، بەشێکی بۆشاییە لە نێوان خەڵك و حکومەتدا، بەشەکەی تریشی بۆشاییە لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و خەڵك و لە نێوان پەرلەمان و خەڵك و لە نێوان مەسئولین و خەڵك و تەنانەت لە نێوان خەڵك و حیزبە سیاسییەکانیشدا.

لەبەر ئەوە من لەو بڕوایەدام چاکترە کەمێك واقیعیی بین و بڵێین: پێوەندیی نێوان دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی و خەڵك لە هەرێمی کوردستاندا لە قەیراندایەو بە دۆخی بێمتمانەیی خەڵك بە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە لەلایەك و بە بێمتمانەیی لایەنگرانی حزبەکانیش بە مەکتەب سیاسییەکانی خۆیان، لەلایەکیترەوە، گەیشتووە و ئەمەش تەشەنەی سەندووە بۆ ناو پێوەندیی خەڵك بە دەزگا گرنگەکانی وەك دادوەری و جێبەجێکردن کە وێنەیەکی ئەووتۆیان پێشکەش نەکردووە کە پیشانی بدەن ئەوان بێلایەنانە کار دەکەن و بڕیار دەدەن. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پێویستە هەموو لایەنەکان هاوکار بن و بەبێ ترس دەستینشانی هۆکارەکانی ئەو کێشەیە بکەن و بیر لە چارەسەر بکەنەوە.

چونکە وەك وتم من کێشەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەبینم و نموونەی ئەو بێمتمانەیی و بۆشاییە لە نێوان خەڵك و گشت لایەنەکان و دامەزراوەکاندا هەستی پێدەکرێت. بە بڕوای من لە ئێستادا زۆر گرنگە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی چەند ڕۆژە بە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێم و بە ئامادەبوونی گشت لایەن و کەسایەتیەکان ببەسترێت و بە ڕوونیی و شەفافیی تیایدا ئەم مەسەلانە بە ڕاشکاوی و بەبێ دیپلۆماسیەتی سیاسیی درۆزنانە و دەمامکدار قسەیان لەسەر بکرێت:

یەکەم: پێوەندیی حزبەکان و حکومەت و ئەو ڕێگرییانەی کەسەکان و دەستە شاراوەکان دروستیدەکەن بۆ پەکخستنی پڕۆسەی سیاسی و حکومڕانی لە هەرێمەکەدا.

دووەم: یەکالاکردنەوەی کێشەی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات: ئایا بنەمای ئەم کێشەیە سیاسی و ئایدۆلۆژییە، یان ئابووری و سامانە؟ ئایا دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن چۆن پێوەندییەکانی خۆیان لە ئاستی سیاسیدا ببەنە پێشەوە و بە وەستانی ئەو پێوەندیانە کۆمەڵگا پەك نەخەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسییە ئەوە پێویستە ڕەچاوی پرانسیپە سیاسیەکان بکات و ڕێگا پێوەندارەکانی پراکتیکی سیاسی بگرێتە بەر. لەبەرامبەر ئەمەشدا پێویستە لایەنی حکومڕانیش هەڵوێستی ڕوونی خۆی لە ئۆپۆزیسیۆن دەر ببڕێت و قسەی ژێر لێفەیان لەسەر نەکات. یان ئەوەتا قەبووڵییەتی ئۆپۆزیسیۆن هەیە و پێویستە، یان ئەوەتا قەبووڵی نییە و ئیستیعابی ناکات و لە هەردوو باردا بڕیاری خۆی بدات.

٣. دادگاو پەرلەمان کاراتر بکرێن و پرۆسەی چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ حکومەت، نەبێت بە ژێر لچی پێوەندییە حزبییەکان و ئینتیمای سیاسیی ئەندام پەرلەمانەکانەوە. پەرلەمان لەو کێشانەی کە ڕوو دەدەن، لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دەدرێن و لە سووربوونی لەسەر ئەرکە سیاسیەکەی خۆی، لاوازە و ئەمەش ئەو ئومێدەی خەڵکی لاواز کردووە کە ڕێگرە لەبەر دەم دروستبوونی هەر جۆرە بۆشاییەکدا.

چوارەم: دەسەڵاتی کۆمەڵی بازرگانی سیاسی و قۆرخکەر لە وڵاتەکەدا سنووردار بکرێت و سزای تاوان و دەستدرێژییەکانیان بۆ سەر موڵکی گشتی بدرێن. ئەمە بڕوایەك و ئومێدێك بە خەڵك دەبەخشێتەوە.

پێنجەم: لە دانانەوەی کابینەی نوێ و وەزارەتەکان و پارێزگاکاندا، چیتر پلەی بەرز نەدرێتە کەسانی دەمامکدار و دروستکراو بۆ جێبەجێکردنی کارو پاراستنی بەرژەوەندیی کەسانێکی تر لە وڵاتەکەدا.

شەشەم: پلانێکی دەمودەست دابنرێت بۆ دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی و سەروەریی یاسا و یەکسانیی بژێویی و دەستنیشانکردنی خەرجیی و پێویستیی تاکەکەس لە هەرێمدا.

حەوتەم: بەخشینی ڕەنگ و بۆ و ڕوخسارێکی نەتەوەییانەو مرۆییانە بە ئەزموونەکەو دەستهەڵگرتن لە هەر جۆرە شەرمنییەکی سیاسی لەبەرخاتری دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکانی دراوسێ.

یەکەم هەنگاوی ئەمەش بە واژووکردنی پەیماننامەیەکی ئاشتەوایی نێوان لایەنە ناکۆکەکان دەستپێدەکات، کە تیایدا خۆیان بەرپرسیار بکەن بەرامبەر هەر جۆرە بیرکردنەوە، ڕەفتار و بڕیارێکیان کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و نەوەکانی

**توانج، پلارهاویشتن، شاتەشات، نقوورچگرتن و بریندارکردنی دەروونی و تەشیهر ناچنە خانەی ڕەخنەوە، چونکە ئەمانە ڕەهەندیی سایکۆلۆژیانەی مرۆڤ پەکدەخەن و ماندووی دەکەن**

**پێوەندیی حزبەکان و حکومەت و ئەو ڕێگرییانەی کەسەکان و دەستە شاراوەکان دروستیدەکەن بۆ پەکخستنی پڕۆسەی سیاسی و حکومڕانی لە هەرێمەکەدا پێم باشە لە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی چەند ڕۆژەدا بە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێم قسەیان لەسەر بکرێت**

**ڕەخنەی جیدی لە ئەقڵ و دەماخی دەروەست و جیدییەوە سەرهەڵدەدات و ناتوانێت بەرهەمی بیرکردنەوەی قووڵ نەبێت لە کۆمەڵگا**

**ئەگەر ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسییە، ئەوە پێویستە ڕەچاوی پرانسیپە سیاسییەکان بکات و ڕێگا پێوەندارەکانی پراکتیکی سیاسی بگرێتە بەر**

**ئایا بنەمای کێشەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات سیاسی و ئایدۆلۆژییە، یان ئابووری و سامانە؟ ئایا دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن چۆن پێوەندییەکانی خۆیان لە ئاستی سیاسیدا ببەنە پێشەوە و بە وەستانی ئەو پێوەندییانە کۆمەڵگا پەک نەخەن**

ئێستا و پاشەڕۆژ، بکەوێتەوە.

**گوڵان:** بۆ تێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت زمان دەبێتە هۆکار، ئەمەش واتا زمان لە بری ئەوەی ئامانج بێت هۆکارە بۆ تێگەیشتن، ئایا چۆن زمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە نێوان خەڵك و حکومەت بونیاد دەنرێت؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** من لەو بڕوایەدام زمان هەمیشە لە نێوان خەڵك و حکومەت و دەسەڵاتدا هەم هۆکار و هەم ئامانجیشە، چونکە پێوەندی ئەو دووانە بەردەوام و جەوهەرییە، نەك کاتیی و ڕاگوزەریانە. لەوەها پێوەندییەکدا پێویستیمان بەجۆر و ئاستێکی زمانە کە توانای گوزارشتکردنی لە ڕاستیەکان هەبێت و کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری یاساییان بۆ بدۆزیتەوە. بەم مانایەش پێویستە زمانی یاسا کە لە هەمان کاتدا هۆکار و ئامانجە لە نێوان خەڵك و حکومەت و دەسەڵاتدا، ببێتە زمانی ستاندارد و فەرمی. مەبەستم لە زمانی یاسا، ئەو جۆرە زمانەیە کە ناوەڕۆکەکەی دەستنیشانکەری ماف و ئەرکی خەڵك و لە هەمان کاتیشدا زمانی فەرمان و ڕێکخستنی کۆمەڵگایە. بەبێ ئەمجۆرە زمانە کە تیایدا خەڵك بەرژەوەندیی و ئەرکی خۆی ببینێ و لە هەمان کاتیشدا هەست بەو جەبرە بکات کە فەرمانی ملکەچی و جێبەجێکردنی بەسەردا دەدات، کۆمەڵگا ڕوو لە ئاڵۆزیی دەکات و کەس لەکەس تێناگات و هەر کەسە لە لای خۆیەوە دەبێت بە حکومەتێك و دەسەڵاتێك و لەسەر حسابی داهاتووی وڵاتەکەو بەرژەوەندیی گشتی و نەوەکانی پاشەڕۆژ، خراپکاری و ڕیایی و ستەمکاریی ڕەواج پێدەدات. هیچ زمانێکی یاسایی نییە کە لە هەمان کاتدا زمانی بەخشینی مژدەیە، زمانی سزادان و کۆنترۆڵکردنیش نەبێت. زمانی هاوبەشی نێوان دەسەڵات و حکومەت و خەڵك، زمانی یاسایە و دەبێت یاساش ئەو پێوەندییە ڕێکبخاتەوە.

**گوڵان:** ئەگەر (تیۆری ڕەخنە)، (تیۆری کۆمەڵگە) بێ، ئایا پێناسەی ئەو ڕەخنەیەی دەبێتە تیۆری کۆمەڵگە؛ چییە؟ ئایا ڕەخنە بۆ ڕەتکردنەوەیە یان بۆ چارەسەر و لێکتێگەیشتنە؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** من نازانم ئێوە بە چ مانایەکەوە گوزارەی تیۆریی ڕەخنە بەکار دەهێنن و مەبەستتان لە پرسیارەکە چییە؟ بەڵام ئەگەر لەبەشی دواییەوە بدوێم، پێویستە بڵێم: لەو بڕوایەدام ڕەخنەی جیدی لە ئەقڵ و دەماخی دەروەست و جیدییەوە سەرهەڵدەدات و ناتوانێت بەرهەمی بیرکردنەوەی قووڵ نەبێت لە کۆمەڵگا.

بۆیە نەگونجاو و نەشیاویشە سەرچاوەی ڕەخنە قووڵایی بیرکردنەوەی مرۆییمان بێت، بەڵام ئامانجەکەی ڕووخاندن و ڕەتکردنەوە بێت. لەبەر ئەوە ئامانجی ڕەخنە بریتیە لە ڕۆشنگەری و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو قەیرانانەی بەدەستیانەوە گیرمانخواردووە. ڕەخنە چالاکییەکی هزرییانەی مرۆڤە بۆ دابینکردنی پراکتیکی نوێ و بەسوود. ئەمە جگە لەوەی هەموو ڕەخنەگرتنێکی جیدی دەچێتە چوارچێوەی پێوەندییەکی گشتیتری بوونی کۆمەڵایەتیانەوە. بۆیە ناکرێت تۆ ڕەخنە وەك چالاکییەکی هزری بکەیتە چەکی هەڵوەشاندنەوە و وێرانکاری، چونکە لە بنەمادا ڕەخنە بەرجەستەکەری توانای مرۆڤە بۆ داهێنان و نوێبوونەوە. لێرەدا پێویستە ڕەخنە بەو مانایەی باسمکرد، جیابکەینەوە، لە توانج، پلارهاویشتن، شاتەشات، نقوورچگرتن و بریندارکردنی دەروونی و تەشیهر، کە هەموویان ڕەهەندیی سایکۆلۆژیانەی مرۆڤ پەکدەخەن و ماندووی دەکەن. ڕەخنە وەك چالاکییەکی داهێنەرانە، ئاڕاستەی بونیادە سایکۆلۆژییەکان ناکرێت، هێندەی ئەوەی ئاڕاستەی بونیادی گشتی و سیستەمەکانی کۆمەڵگا دەکرێت بۆ باشتربوونیان..

**گوڵان:** ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە میدیای ڕەخنەیی و جددی هەیە، پێویستە ئەم میدیایە لەسەر بنەمای ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو بگرێت، نەك لە سەر بنەمای بازاڕ کار بکات، ئایا چۆن حکومەت هاوکاری میدیای ڕەخنەیی و جددی بکات؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** ئەرکی حکومەت لە ئاست ڕاگەیاندندا ئەوەیە بە یاساو کرانەوەو تەئمینکردنی ئازادیی هاوکاریان بێت و لێگەڕێت بۆ خۆیان مونافەسە بکەن و پارەی خۆیان پەیدا بکەن. لە هەمان کاتیشدا پێگەیەکی پرۆفێشناڵی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کاریان و پاداشتکردنیی مادیی و مەعنەوییان، بەوەی کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و پرانسیبەکانی ئاکاری میدیایان کردووە. هەروەها سزادانی مەعنەوییان بەوەی کە بیانخاتە پەراوێزەوەو متمانەیان لێبستێنێتەوە، لە کاتێکدا کە ئەرکی خۆیان جێبەجێ ناکەن.

**پێویستە لایەنی حکومڕانی هەڵوێستی ڕوونی خۆی لە ئۆپۆزیسیۆن دەرببڕێت و قسەی ژێر لێفەیان لەسەر نەکات. یان ئەوەتا قەبووڵییەتی ئۆپۆزیسیۆن هەیەو پێویستە، یان ئەوەتا قەبووڵی نییە و ئیستیعابی ناکات و لە هەردوو باردا بڕیاری خۆی بدات**

**دەسەڵاتی کۆمەڵی بازرگانی سیاسی و قۆرخکەر لە وڵاتەکەدا سنووردار بکرێت و سزای تاوان و دەستدرێژییەکانیان بۆ سەر موڵکی گشتی بدرێن**

**پلانێکی دەموودەست دابنرێت بۆ دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی و سەروەریی یاسا و یەکسانیی بژێویی و دەستنیشانکردنی خەرجیی و پێویستیی تاکەکەس لە هەرێمدا**

**پەیماننامەیەکی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان واژۆبکرێت، تیایدا خۆیان بەرپرسیار بکەن بەرامبەر هەر جۆرە بیرکردنەوە، ڕەفتار و بڕیارێکیان کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و نەوەکانی ئێستا و پاشەڕۆژ بکەوێتەوە**

**زمانی هاوبەشی نێوان دەسەڵات و حکومەت و خەڵک، زمانی یاسایە و دەبێت یاساش ئەو پێوەندییە ڕێکبخاتەوە، بە بێ بوونی زمانی یاسا، هەر کەس لای خۆیەوە دەبێتە حکومەتێک و دەسەڵاتێک و لەسەر حسابی داهاتووی وڵاتەکەو بەرژەوەندیی گشتی و نەوەکانی پاشەڕۆژ، خراپکاری و ڕیایی و ستەمکاریی ڕەواج پێدەدات**

# وەرچەرخانە وەزیفییەکان لە بواری سیاسیدا
# ڕامانێک سەبارەت بە هابرماس



دکتۆر شێرزاد نەجار
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

(٣ـ٣)

ژمارە (٨٦٢) ■ ٢٠١٢/١/٩

**یاسا لە لای هابرماس چرکەیەکە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا کە دەسەڵات و بەرژەوەندی و یەکسانیی فۆرمالیستانە تێدەپەڕێنێت**

کەواتــە تێبینــی دەکرێــت، لە بواری گشــتییەوە بــەرەو کرداری پێکەوەڕۆیــی وەرچەرخانێك لە دووپات کردنەوەکانیــدا هەبێت، لەو کردارەشــەوە بۆ یاســا و کۆمەڵگەی مەدەنی.

دەروازەی فەلســەفیانەی (هابرمــاس) لە میانەی دیاریکردنێکی وردەوە، کە شــێوەی نوێی دیموکراسیی پەرلەمانــی بــە ئاڕاســتەی لادان بەرەو شــێوەیەکی خۆســەپێنی هەرەوەز (corporatism) و کۆمەیل لە پێناو گەڕان و گەیشــتن بە چارەســەری مام ناوەندی (compromise) لە نێوان بەرژەوەندیی دژ بە یەکدا، بە ئامانجی بنیاتنانی ئارامی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت پێکدێنێت..

لــە ڕێی بەرخوێندنــەوەی پەرەســەندنی بیرۆکەی سیاسییەوە، ســەرنج دەدەین کە هەر یەك لە (ڤیبەر) و (لومان) دەیســەلمێنن سەروەختێك پێویست دەبێت ئەرێ (ڕازی بوون) (nod) بە پرسی جیاوازیی نیزامیانەو تێك چڕژاو بدرێت، ئەوا دەبێ ئەو ئەرێیە (رازی بوونە) بدرێت. ئەم حاڵەتەش (رازی بوون و ئاماژەدان بە ئەرێ) نابێ ببێتە مایەی کەم کردن و هێنانە خوارێی ئازادیی ئاخافتن و کار لە شێوەکانی گرێ کوێرەی دانوستاندندا (ئەم بیرۆکەیەش لە میانی وەرگرتنی ناڕاســتەوخۆ لە هەر یەك لە: پیاجــێ و ئاپیل و ئاریندت)ـەوە هاتووە. دوایین بەرکێشــەی ئەم رەوشە هزرییە نە مارکسیزم، نە وەزیفایەتــی، نە تیۆریی کۆمەڵــگای مەدەنی و، نە تیۆریی کرداری سیاســی بوو، بەڵکــوو ئەنجام بریتی بوو لــە: پێکهاتەیەك لــە ئەنترۆبۆلۆژیای لیبرالیزم و بتایەتیی یاسایی.

لێرەوە (هابرماس) کرداری پێکەوەڕۆیی بە بیرۆکەی خۆی لەبارەی یاســاوە گرێ دەدات. یاسا لە لای ئەو چرکەیەکە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی (Moment of Political Universality) کــە دەســەڵات و بەرژەوەندی و یەکســانیی فۆرمالیستانە تێدەپەڕێنێــت. بەڵام لەبەر ئەوەی بــۆی ناکرێ ئەمە بــکات بە بێ ئــەوەی بگاتە هەڵوێســتگەلێك کە لە بنەڕەتدا (هیگل)، (مارکس)، (شــمیدت) و (ئەرندت) گوزارشــتیان لێ کرد بوون، جا ئەو ناچار بوو لیبرالیزم لە (لومان) و لە تیۆریی یاســا بخوازێت، کە بە روونی کاریان لە بنیاتنانی بیرۆکەی یاسا لە لای (هابرماس) کرد.

لێرەشدا پێکەوە گرێدانێکی روون لە نێوانی ڕەوا بوونی سیستەمی سیاسی و یاساییدا دەبینین، ئەویش لە ڕێی دووپات کردنەوەی (هابرماس) کە دەکرێت بەخشــینی ڕەوایی بە سیستەمی سیاسی دەبێ فۆرمێکی یاسایی بگرێتە خۆ. یاســاش هەر هێندەی بەس نییە کە قبووڵ بکرێت و ددانی پێدا بنرێت، بەڵکوو لە بنەڕەتدا پێویستی بەوەیە کە لە دۆخێکدا بێت شایانی ئەوە بێت ددانی پێدا بندرێت. لێرەشدا دەوڵەت لە سەریەتی دوو شتی گرنگ بەدی بهێنێت کە بریتین لە:

- یاسای هەڵسوکەوت
- ڕەوا بوونی یاسا

هەموو ئەو شــتە لە پێناو ئەوەی ڕەوایی و پاساوی عەقڵانی بدەینە دامەزراوەکان تا لە نێو کایەی گشتیدا کــردار و چالاکیــی خۆیان بکەن، هــەر بۆیە دەوڵەت چەندین یاسا بە پێی فەلســەفەی دەسەڵاتی سیاسی دەردەچوێنێت.

وێڕای ئەوە، پرســی پەنا بردنە بەر یاسا بە پرسێکی گرنــگ دادەندرێــت بۆ بــەدی هاتنی سیســتەمی دیموکراسی، دیموکراســییەك نییە بە بێ یاساو بە بێ پەنــا بردنە بەر یاســا، لە کاتی بەرپا بوونی کێشــە و ململانێدا، هەروەها دیموکراســییەك نییە لەگەڵ ئەوەی پێــی دەڵێن"دەســەڵاتی هۆبۆ ئارەزوو" کە دەســەڵات لێرەدا دەســەڵاتێکی هەڕەمەکیی زۆرەملێیە، کە تێیدا دەسەڵاتدار لە سەرووی یاســاو لە دەرەوەی لێپرسینەوە دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا (هابرماس) دووپاتی دەکاتەوە، تەنیا حوکمی یاســا یان هەر خۆی بەڵگە نییە بۆ هەبوونی سیستەمی دیموکراسی، هەڵبەت هەبوونی ئەم سیستەمە بە بێ حوکمی یاسا مەحاڵە، ڕۆحی ئازادییش گریمانەی ڕێز گرتن لە یاســا دەکات، دیموکراتی بوونی نابێت لە شوێنێکدا کە سامان و خۆپەرستی و ڕۆحی دووڕوویی و گەندەڵی هەبن، هەروەها دیموکراسییەك بە بێ ئاشتیی کۆمەڵایەتی بوونی نییە، چونکە بە بێ ئەو ئاشــتییە کۆمەڵایەتییە ناتواندرێت داکۆکی لە بێهێزان بکرێت.

هابرماس، بــە وردی بیرۆکەکــەی روون دەکاتەوە،

کاتێك دووپاتی دەکاتەوە کە بنەمای سەروەریی میللی مەرجێکی سەرەکییە بۆ شەرعیەتی یاسا لە سیستەمی دیموکراسیدا، چونکە بوار دەدات بە هاووڵاتیانێك کە مافی یەکسانیان هەیە، بەشدار بن لە گەڵاڵە کردنی ئەو کارگێڕییەی دەچێتە فۆرمی دەزگای یاساییەوە، بۆ بڕیاردانی ویستی سیاسیی خۆیان.

هابرماس ڕەخنە لە تیۆریی سیاسی دەگرێت، چونکە نەیتوانی نائارامیی نێوان سەروەریی گەل و مافی مرۆڤ چارەسەر بکات، بۆیە دەپرسێت: کامانەن ئەو مافە سەرەکیانەی کە دەبێ هاووڵاتیانی ئازاد و یەکسان، بۆ یەکدی دانی پێدا بنێن؟ هابرماس بەرسڤی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ، ئەمە بە دانانی دەستوور بەدی دێت، کە ڕێ بۆ گەل خۆش دەکات سەروەریی خۆی پیادە بکات، لە هەمان کاتدا هێنانە ئارای سیستەمێك لە مافی بنەڕەتی.

بە بۆچوونی هابرماس، جڤاکی سیاسی (دەوڵەت) دەکەوێتە گۆڕینی هەر ململانێیەك بۆ دەدان پێدانان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، بۆ ململانێیەك لە پێناوی دەسەڵات یان سامان، لە ڕێی گۆڕینی ئەو ململانێیانەوە (چ لە سەر مادەدە بن یان بەها) بۆ مەکینەیەکی ئاراستە کردن یان ئاوێتە بوون (وەك پارتی سیاسی یان کابینەی حکومەت).

بەڵام مادام پارتی بیرۆکراسی دەسەڵات و کۆنترۆڵی لە دەستدایە، ئەوا ناکرێ فرەییەکی ڕاستەقینەی بەهاکان یان فرەیی پێکەوەژیی هەبێت. ئەگەر هەموو هەڵوێستە بەهاییەکان وەك ئەوەی خستنەێ (Inputs) بێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، دەشبێ بکرێنە ڕێنمایی ستوونی (vertical direction)، ئیدی وەك بەهـا دەبێتە بێلایەن و زاڵیش دەبێت و کاروبار کۆنترۆڵ دەکات.

ململانێی بەردەوام و نەپساوە لە پێناو بەدەست هێنانی دانپێدانان پێویستی بە بواری گشتی هەیە، بەوەی فرەیی تێیدا بوارێکی سیاسییانە بۆ گفتوگۆ دەکاتەوە. بەڵام ئەم چەشنە ململانێیە ناتوانێت شان لە شانی ئەم ململانێیانە بدات کە لە چوارچێوەی دەسەڵات و دارایی‌دان، لە نێو دەزگاکاندا کە تێیدا گەیشتن بە دەسەڵات بنەمای ڕەوایی سیاسییە. هەڵبەت مادام سیستەمی ئابووری دەکەوێتە جۆشدانی هەموو چالاکییەکانی ژیانی سیاسیی ئەو ململانێیانەی لە سەر دەسەڵات و سامان دەکرێن، ئەوا عەقڵانیەتی سوودخوازانە (i-strumental rationality) و ستراتیژ دریژیان دەبێت بۆ بەخشینی نادیاری (obscure) بە پێکەوەژیی و دان پێدانان و شێوەکانی دیکەی ململانێی سیاسی، کە پشت بە بەها دەبەستن لە بری دەسەڵات و بەرژەوەندی. لێرەشدا یاسا ناکرێ ئەرکی جیهانی (universal) بگرێتە ئەستۆی خۆیەوە، بە تایبەتی ئەرکی سیاسی کە هابرماس جەختی دەکاتە سەر.

لەم ئەرکە سیاسییەدا و بۆ ئەوەی یەکسانیی یاسایی ئەرك و فەرمانێك بگرێتە ئەستۆ کە واقیعی بێت نەك فۆرماڵی، ئەوا پێویستی بە یەکسانییەکی ئابووریانە هەیە. ئەم پرسە لە لای کیرچ هایمەر (Kirchhe-mar)دا ڕوون بوو، کە ئەو بە پێچەوانەی هابرماس، دووپاتی کردەوە کە ئەو شێوە بڕیارانەی لە بەرژەوەندییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، مومکین نابن کاتێك سیستەمی ئابووری هاووڵاتیان دەکاتە مشتەری (clients)، هەرچەندە هابرماس بە شێوەیەکی زۆر چاك هەوڵی دا ڕێ لە بەدی هاتنی ئەم کۆتاییە بگرێت.

لە دواییدا، مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو پرسیارانەی کە لەم گفتوگۆیەدا ورووژێندران و پەیوەندییان بە چۆنیەتی ڕاڤە کردنی بەرهەمەکانی (هابرماس)ـەوە هەیە.

پرسیاری هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا هابرماس هەست دەکات کە ڕەخنەی بەردەوام لە سەرمایەداری لە ئەڵمانیا ڕەخنەیەکی لە ڕووی سیاسییەوە نابەرپرسانەیە، چونکە ئەڵمانیای پاش دووەمین جەنگی جیهان پێویستی بە ئارامیی سیاسی هەبوو پتر لە هەر شتێکی دی و پتر لە شۆڕشێکی سۆشیالیزمانە؟

هابرماس لە سەر ڕاست بوو کاتێك گوتی یاسا بە زەروورەت پێویستی بەوە نییە چڕ بکرێتەوە بۆ پەیوەندیی مولکایەتی یان بۆ ڕێکخستنی دادوەریانەی چینەکان و شێوەکانی دیکەی بەرژەوەندی و ململانێ، سەرەنجام دەکەوێتە داوی (enmesh) ئەو ململانێیانەوە. بۆیە ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی هابرماس دەکرێنەوە ئەمانەن:

- لە بن باری کام مەرج و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکرێ یاسا دیاری بکرێت بەوەی کۆکردنەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندییە؟
- ئاخۆ بایەخی سیاسییانەی یاسا چییە بەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ سەربەخۆیی جڤاکانە و جیهانی؟
- ئایا هابرماس هێشتا هەر سوورە لە سەر ئەو دابەشەی لەبارەی شێوەگەلی جیاجیای بەرژەوەندی و ئەرکەکانییەوە لە دووبارە ئاوێتە کردنەوەی کارایییانە لە نێو کۆمەڵدا؟

گفتوگۆ کردنی ئەم پرسیارە گرنگانە لە ڕاستیدا پێویستیان بە توێژینەوەیەکی دیکەی سەربەخۆیە و دەبێتە دەرفەتێکیش بۆ فەلسەفەی سیاسی و سۆسیۆلۆژیا بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانیان.


**ژێدەر:**

1. M. Makambu، Demokratie und Rechtsstaat bei Habermas،2003
2. J. Habermas، Der philosopische Diskurs der Moderne،1985
3. J. Habermas، Faktizitat und Geltung،1999
4. D. Shechter، The Functional Transformation: Reflection on Habermas،1999
5. عمر مهيبل، اشكاليه التواصل فى الفلسفه الغربيه المعاصره،2005
6. جان مارك فيرى، فلسفه التواصل،2006
7. كارل اوتو ابل، التفكير مع هابرماز چد هابرماز، 2005
8. يورجين هابرماس، المعرفه والمصلحه،2002
9. يورغن هابرماز، اتيقا المناقشه ومسأله الحقيقه،2010

أبوالنور حمدى أبوالنور، يورجين هابرماس : الاخلاق والحقيقه،2009



**سەروەریی میللی مەرجێکی سەرەکییە بۆ شەرعیەتی یاسا لە سیستەمی دیموکراسیدا**

**ئەڵمانیای پاش دووەمین جەنگی جیهان پێویستی بە ئارامیی سیاسی هەبوو پتر لە هەر شتێکی دی و پتر لە شۆڕشێکی سۆشیالیزمانەش**

**ململانێی بەردەوام و نەپساوە لە پێناو بەدەست هێنانی دانپێدانان پێویستی بە بواری گشتی هەیە، بەوەی فرەیی تێیدا بوارێکی سیاسییانە بۆ گفتوگۆ دەکاتەوە**



## پاتریک هیللەر بۆ گوڵان:

# لەعێراقدا لایەنە سیاسییەکان و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان خۆیان هۆکارن بۆ ئەوەی توندوتیژییەکان زیاتر بکەن



**پرۆفیسۆر پاتریك هیللەر ئوستادی سیسیۆلۆژی و دیراساتی نێودەوڵەتییە لەزانکۆی براون و بەڕەگەز هاووڵاتی سویسرایە و تایبەتمەندە لەسەر کێشە نێودەوڵەتیەکان و کێشە ئیتنی و ئایینیەکان، بۆقسەکردن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی ئاشتیانە و وەرچەرخانی کێشەکان لەتوندوتیژیەوە بۆ دیالۆگ و ڕێگە چارەی ئاشتیانە، ئەم پرسانەمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر هیللەر کردەوە و بەمجۆرە وەڵامی داینەوە کە ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** گۆڕینی ئاڕاستەی کێشەکان لەتوندوتیژییەوە بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانە، پێویستی بەپرۆسەی ئاڵوگۆڕێکی ناکۆکیەکە هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن میکانیزمەکانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ناکۆکی دەگیرێتەبەر؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە کە بەڕاستی وەڵامەکەی دەوەستێتەسەر هەل و مەرجەکە. لەهەموو دۆخێکدا گۆڕینی ئاڕاستە تەنگژە بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانە، پێویستی بەسەقامگیری دامەزراوەیی و بەئامادەیی دەوڵەتی هەیە، کە بتوانێت ناکۆکی نێوان لایەنەکان یەکلابکاتەوە، بەچەشنێك لەلایەن هەردوولای ناکۆکیەکەوە بەچارەسەرێکی ڕەوا لەقەڵەم بدرێت. واتە دەبێت لایەنەکانی ناکۆکیەکە متمانەیان بەدەوڵەت هەبێت وەك حەکەمێك. بەدڵنیاییەوە هەمیشە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی زەحمەت بووە. بوونی دەوڵەتێکی بێلایەنە، کە مەیلی بۆ لایەنەکانی ناکۆکیەکە نەبێت و ماوەیەك لەنێوان خۆی و لایەنەکاندا بهێڵێتەوە و وەك لایەنێکی نابژیوان سەیر بکرێت، ئەمە کارێکی زەحمەتە. بەڵام من دەڵێم ئەمە پێشمەرجێکی پێویستە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی بەدوور لەتوندوتیژی.

*** لەو حاڵەتانەی کە دۆخەکە دەگاتە توندوتیژی، کە پێدەچێت توندوتیژی بەشێك بێت لەپێکهاتەی لایەنەکانی ناکۆکیەکە، دەبێت کۆشش بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی ئاشتی جێی توندوتیژی بگرێتەوە، لەم جۆرە بارودۆخانەدا چۆن دەتوانین قەناعەت بەلایەنەکانی کێشەکە بهێنرێت کە ئاشتی نەك توندوتیژی چارەسەرە بۆ کێشەکان؟**

**دەكرێت ئەو پارتانەی خاوەنی بەرنامەی ئایدۆلۆژی جیاوازن و ململانێ لەگەڵ یەكتر دەكەن پێكەوە بەئاشتیانە بژین لەدیموكراسیدا**

- ئەگەر لایەنگەلێك هەبن لەكۆمەڵگەدا كە پشت بەتوندوتیژی ببەستن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانیان، ئەوا لەیەك دوو ئەگەر بەدەر نییە، وەك نموونەیەك دەتوانین بڵێین هەلومەرجی عێراق جیاوازە لەیاخیبووانی ماو لەهیندستان، كە ئەویش تەواو جیاوازە لەكارتلەكانی ماددە هۆشبەرەكان لەمەكسیك، ئەمانە سێ دۆخی جیاوازن كە ئەو گرووپانە لەخۆدەگرن كە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، دەوڵەتیش دووچاری دژواریەكی زۆر دەبێتەوە لە لەناوبردنیان، ئەم دۆخانە جیاوازیەكی ڕیشەییان هەیە لەگەڵ یەكدا، بۆ نموونە هیندستان وڵاتێكی دیموكراتیە، عێراق لەسەرەتادایە، مەكسیك وڵاتێكی دیموكراتیە، كەواتە سیاقەكە گرنگە- بەشێوەیەكی گشتی دەڵێم تەنانەت ئەو گرووپانەشی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانیان، دەبێت قەناعەتیان پێبهێنرێت كە دەوڵەت ئامادەیە داواكاریەكانیان لەبەرچاو بگرێت و نابژیوانی بكات بۆ هێنانەدی چارەسەرێك و دواتر پاڵنەری ئەوەیان بۆ بخوڵقێنرێت كە دەست لەتوندوتیژی هەڵگرن. ئەگەرنا ئەوەندە پەنا دەبەنەبەر توندوتیژی كە توندوتیژی خۆی لەخۆیدا دەبێتە ئامانج.

*** لەحاڵەتی توندوتیژیدا گفتوگۆ لەنێوان لایەنە ناكۆكەكاندا بوونی نییە، كە پێویستی بەهاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم دەبێت، پرسیارەكە ئەوەیە تا چەند دەستێوەردانی لایەنی سێیەم یارمەتیدەر دەبێت لەخوڵقاندنی گفتوگۆ لەنێوان لایەنە ناكۆكەكاندا؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا كە لەحاڵەتی بوونی ناكۆكیەكی توندوتیژدا دەبێت چارەسەرەكە فۆرمێك لەدادوەریكردنی لایەنی سێیەم لەخۆبگرێت. لەڕووی مێژوییەوە باوەڕم وانییە لایەنە دەرەكیەكان، ئەمریكا بێت، یان یەكێتی ئەوروپا یان نەتەوە یەكگرتووەكان، تۆمارێكی باشیان هەبێت لەڕەفتاركردنیاندا وەك لایەنی سێیەم، ڕەنگە هەندێ حاڵەتی وەك تەیموری ڕۆژهەڵاتی هەبێت، هەندێ حاڵەتی ئیستیسنائی كە لایەنی سێیەم هێزێكی دەرەكی بووە و زەمینەیەكی خوڵقاندووە بۆ لایەنە مەحەلیەكان بۆ چارەسەری ناكۆكیەكە دوور لەتوندوتیژی. پێموایە ڕەنگە ڕۆڵی ناتۆ لەیوگسلافیای پێشوودا نموونەیەك بێت لەم ڕووەوە. بەشێوەیەكی گشتی ئەوە سەركەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی هێزە دەرەكیەكان شەرعیەتیان نییە لەتێڕوانینی خەڵكە مەحەلیەكەدا. لەم ڕوانگەیەوە پێموایە دەبێت لەزۆربەی حاڵەتەكاندا لایەنی سێیەم لایەنێكی مەحەلی بێت، مەسەلەكە پەیوەستە بەمتمانەوە، واتە لایەنی سێیەم بتوانێت پابەندبوون بخاتە ئەستۆی خۆی كە لەتێڕوانینی لایەنە ناكۆكەكاندا میسداقیەتیان هەبێت، واتە دەوڵەت ئەو پابەندبوونە بخاتە ئەستۆی خۆی كە هەر هەنگاوێك پێویست بێت هەڵیبگرێت بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیەكە، خوڵقاندنی ئەو دۆخی متمانەیە كارێكی تەواو قورسە. ئەمەش دەوەستێتەسەر سروشتی توندوتیژیەكە و تا چەند توندوتیژیەكی ڕێكخراوە. پێموایە لەزۆربەی حاڵەتەكاندا. فاركەكان لەكۆڵۆمبیا بەنموونە وەربگرە، كە بزووتنەوەیەكی چەپی گەریلایین و نزیكەی سیساڵ پێش ئێستا دروست بوون و وەك بزووتنەوەیەك كە بەرگری لەهەژاران دەكات و داوای چاكسازی زەوی زەوار دەكات، زۆرێك لەچاودێران داواكاریەكانی ئەم بزووتنەوەیەی بەڕەوا دەزانی، بەڵام بەتێپەڕبوونی كات ئەم بزووتنەوەیە لەپێناوی توندوتیژیدا پەنای بۆ توندوتیژی برد، واتە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام دەدا بێ ئەوەی ئەجێندایەكی سیاسی هەبێت و دواتر لەمەسەلەی ماددە هۆشبەرەكانەوە تێوەگلان، ئەوە جۆرێكە لەوەی ئێوە پێی دەڵێین بۆتە پێكهاتەیەك كە زۆر پشت بەتوندوتیژی دەبەستێت، كە پێم وانیە لەم حاڵەتەدا هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم سەركەوتوو بێت. بەڵام لەحاڵەتەكانی دیكەدا، وەك یاخیبووە ماویەكان كە چالاكی لەسەرتاسەری هیندستاندا دەكەن، پێموایە چارەسەری ناتوندوتیژانەی ناكۆكیەكە مومكینە، بەڵام ئەگەر حكومەتی هیندستان بیەوێت چەك لەماویەكان داماڵێت، دەبێت بەشێوەیەكی باوەڕپێكراو پابەند بێت بەئەنجامدانی چاكسازیەوە و ئەو بەرژەوەندیە بنەڕەتیانە بپارێزێت كە ماویەكان نوێنەرایەتی دەكەن. ئەو متمانەیەش كاتێكی زۆری دەوێت، لەبەر بوونی مێژوییەكی دوورودرێژ لەپشتیوانی حكومەتی هیندستان بۆ بەرژەوەندی خاوەن زەوی و زارەكان، هەروەها لەبەر ئەوەی گرووپە ماویەكان متمانەیان نییە حكومەت بەشێوەیەكی باوەڕپێكراو پابەند دەبێت بەبرەودان بەبەرژەوەندیە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی ئەو گرووپانەی نوێنەرایەتیان دەكەن. كەواتە كرۆكی وەڵامەكە ئەوەیە دەبێت لایەنی سێیەم متمانە بنیات بنێت، بنیاتنانی متمانەش كات و كۆششێكی زۆری دەوێت.

**هەر پێكهاتەیەكی سیاسی ئەگەر باوەڕی وابێت لەڕێی پابەندبوون بەڕێساكانەوە دەنگی دەبیسترێت و دەگاتە دەسەڵات. ئەوا پەنا بۆ توندوتیژی نابات**

**دیموكراسیەتی بەهێز دەتوانێت پارتە سیاسیە جیاوازەكان و ئایدۆلۆژیە سیاسییە ناكۆك بەیەكەكان پێكەوە بگونجێنێت**

*** زۆربەی كات توندوتیژی لەنێوان ئەو پارتە سیاسییە جیاوازانەدا ڕوودەدات كە لەهەمان كۆمەڵگەدان، بەتایبەتی لەوڵاتانی جیهانی سێدا، بەدەربڕینێكی دیكە توندوتیژی بەرهەمی بوونی ئایدۆلۆژیا جیاوازەكانە، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن جیاوازیەكان یەكبگرن و توندوتیژی كۆتایی پێبێنن؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا كە توندوتیژیەكی زۆر هەیە لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا، ئەویش بەهۆی بوونی ئایدۆلۆژیای ناكۆك بەیەك كە لەچوارچێوەی پارتە سیاسییەكاندا ڕێكخراون، من توێژینەوە لەسەر بەرازیل، هیندستان و ئەفریقیای باشوور دەكەم، كە لەم وڵاتانەدا پارتی سیاسی بەهێز هەن، ئایدۆلۆژیای بەهێز هەن، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی توندوتیژیەكی سیاسی كەم هەیە لەم وڵاتانەدا. دەكرێت ئەو پارتانەی خاوەنی بەرنامەی ئایدۆلۆژی جیاوازن و ململانێ لەگەڵ یەكتر دەكەن پێكەوە بەئاشتیانە

بژین لەدیموکراسیدا. کە بەشێوەیەکی ڕوو لەزیاد دەبنە شێوازی باو. ئێمە ئەو وێنەیەی وڵاتانی جیهانی سێیەمان لایە کە دیموکراسی تێیاندا ناسەقامگیرە و مەیلیان بۆ توندوتیژی هەیە، بەڵام پێموایە ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە، باوەڕم وایە عێراق و هەندێ دۆخی دیکە هەن کە پارتە سیاسییە جیاوازەکان و قەناعەتە ئایدۆلۆژیە جیاوازەکان ئاگری توندوتیژیە سیاسییەکە خۆش دەکەن، بەڵام پێموایە ئەوە ئیستیسنایە لەڕێساکە. هیندستان وڵاتێکی گەورەیە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ملیارێك کەسە، بەشێوەیەکی گشتی هیندستان لەڕووی ناوخۆییەوە وڵاتێکە ئاشتی تێدا بەرقەرارە، کە ناکۆکیەکەش لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا نییە، بەڵکو لەنێوان گرووپە یاخیبووەکان و حکومەتی هیندستاندایە. پێموایە دیموکراسیەتی بەهێز دەتوانێت پارتە سیاسییە جیاوازەکان و ئایدۆلۆژیە سیاسییە ناکۆك بەیەکەوە پێکەوە بگونجێنێت، بەڵام ئەمە تەنیا ئەو کاتە سەردەکەوێت کە سەرجەم پارتە سیاسییەکان باوەڕیان بەشەرعیەتی پرۆسە سیاسییەکە بێت، بەوەی هەڵبژاردنەکان بەپێی ڕێساکانی هەڵبژاردنی ململانێ

## کاتێك خەڵکی دەرفەتی بەشداریکردنیان پێدەدرێت لەپرۆسەیەکی دیموکراتیدا، پێموایە تای تەرازووەکەی بەرەو هێنانەدی سیستمێکی پتر لیبراڵی دەشکێتەوە

ئامێز بەڕێوەدەچن و هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبێت پارتی موعارەزە دەتوانێت هەڵبژاردنی داهاتوو بباتەوە، ئەمەش کاتی دەوێت، ڕەنگە پێویستی بەسی بۆ چل ساڵ هەبێت بۆ ئەوەی دیموکراسی بەدامەزراوەیی بکرێت. کاتێکی زۆری خایاند تاوەکو دیموکراسیەتی بەرازیلی جێگیر بێت، دووبارە ئەمە مومارەسەی بنیاتنانی متمانەیە. کە سەرجەم پارتە سیاسییەکان کە لەچوارچێوەی سیستمە سیاسییەکەدا ململانێی یەکتر دەکەن دەبێت باوەڕیان وابێت پرۆسەی هەڵبژاردن پاك و شەرعیە و باوەڕیان وابێت ڕۆژێك دەتوانن بگەنە دەسەڵات، چونکە ئەگەر باوەڕیان وانەبێت دەتوانن لەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەگەنە دەسەڵات، ئەوا پاڵنەریان نابێت بۆ پابەندبوون بەڕێساکانەوە، ئەگەر پاڵنەری پابەندبوونیان بەڕێساکانەوە نەبێت، ئەوا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن. هەر پێکهاتەیەکی سیاسی ئەگەر باوەڕی وابێت لەڕێی پابەندبوون بەڕێساکانەوە دەنگی دەبیسترێت و دەگاتە دەسەڵات، ئەوا پەنا بۆ توندوتیژی نابات. کەواتە تاکە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی توندوتیژانە بریتییە لەبنیاتنانی دامەزراوەکان، بنیاتنانی متمانە بەو پرۆسەیە، بەچەشنێك هەموو لایەنەکان ئامادەبن پابەندبن بەڕێساکانی گەمەکەوە.

*** لەکۆمەڵگە فرە ئایینیەکاندا، بەهەڵە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوان گرووپە ئایینیە جیاوازەکاندا کە سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لێبوردەیی ئایینی پارێزێت بۆ ئەوەی هەمەڕەنگی ئایینی کۆمەڵگەکە پارێزرێت؟**

- هاوڕام تا ئەو ڕادەیەی گرووپەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئەساسی ناسنامەیەکی بەهێزی ئایینی بنیاتنراون، ئەو کاتە کێشەی توندوتیژی کێشەیەکی توندتر دەبێت، چونکە باوەڕم وایە بوونی ناسنامەی بەهێز چارەسەرکردنی ناکۆکی دوور لەتوندوتیژی دەکاتە کارێکی زەحمەت. ئەم کێشەیە لەئیرلەندا بوونی هەبووە، کە بەزۆری ناسنامەی ئایینی و نالێبوردەیی ئایینی ئاگری ناکۆکیەکە خۆش دەکەن، ئەمە کێشەیەکی گشتییە و من لەوەدا هاوڕام. من دیراسەت لەسەر ویلایەتێکی هیندی دەکەم کە ناوی کارۆلایە، کە لەسەدا بیستی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە موسڵمان و لەسەدا بیستی مەسیحیە و باقیەکەی دیکەی هیندۆسیە، کە بۆ ماوەی حەفتا ساڵە ناکۆکی ئایینی لەکارۆلادا ڕوونەداوە، ئەویش لەبەر ئەوەی دەستوور و پرۆسەی دیموکراتی لەهیندستاندا فرەییان لەخۆگرتووە و سەرکردەکانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستی هیندی وەك مهاتما گاندی و جەواهر لاڵ نەهرۆ، کەسانی لێبوردە بوون و ڕێزیان لەفرەیی ئایینی گرت. کەواتە مومکینە لەکۆمەڵگەیەکی وەك هیندستان پەرە بەلێبوردەیی بدەیت. ئەمەش بەشێکی پەیوەستە بەدروستکردنی سیستمێکی سیاسی کە ڕێگە بەنوێنەرایەتیکردنی گرووپە کەمینەکان بدات و دەستوورێکی هەیە ئیعتیراف بەمافی هەموو گرووپە ئایینیەکان دەکات بۆ پیادەکردنی ئایینەکەیان و دەستووریش دەیانپارێزێت لەمومارەسەکردنی ئایینەکانیاندا. هەروەها

## زۆرجار پارتە ئیسلامیەکان کار بۆ کۆمەڵگەیەکی تیوکراتی دەکەن، بێ ئەوەی ئیعتیراف بەمافی ئەوانی دیکە بکەن

پێموایە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیش هەیە، ڕێکخراوە ناحکومیەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو ڕێکخراوانەی مەرج نییە چاویان لەدەسەڵات بێت، بەڵام کار بۆ ئەوە دەکەن هەموو گرووپەکان، بەچاوپۆشین لەوەی کەمینەن یان زۆرینە، دەنگیان هەبێت. کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینین. بنەما بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بریتین لەمافی بوونە ئەندام لەکۆمەڵە، مافی جیاوازبوون و مافی ئەوەی ناسنامەی خۆت هەبێت و لەهەمووشی گرنگتر بەهای ڕێزگرتن لەمافی گرووپەکانی دیکە بۆ ئەوەی جیاوازبن، کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە لەیارمەتیدان لەبنیاتنانی ئەو بەهایانەدا و لەبەدامەزراوەییکردنیاندا و پشتیوانیکردن لەگرووپە کەمینەکان.

*** لەو وڵاتانەدا کە پارتی ئایینی بوونی هەیە، بەتایبەتی پارتە ئایینیە ئیسلامیەکان، لەکۆمەڵگە فرە ئایینیەکاندا، هەست دەکەین پارتە ئیسلامیەکان لەپشت هەڵکشاندنی توندوتیژیەوەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕووبەڕووی ئەم پارتانە ببینەوە؟**

- من کەسێکی عەلمانیم، باوەڕێکی پتەوم هەیە بەکۆمەڵگەیەکی عەلمانی کە ڕێز لەهەموو کەسێك دەگرێت بۆ پیادەکردنی ئەو ئایینەی هەڵیدەبژێرێت لەوەی ژیانی ئایینی خۆی بژێت، بەڵام ڕێز لەوانی دیکەش بگرێت کە هەمان شت بکەن. من لەئەسڵدا خەڵکی سویسرام، کە کۆمەڵگەیەکی فرەئایینیە، پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان کە مێژوویەکی دوورودرێژمان هەیە لەبنیاتنانی دامەزراوە عەلمانیەکاندا، ئەمەش کات و کۆششێکی زۆری دەوێت و تا دوا ڕادە قورسە، من ئەوە دەزانم زۆرجار پارتە ئیسلامیەکان کار بۆ کۆمەڵگەیەکی تیوکراتی دەکەن، بێ ئەوەی ئیعتیراف بەمافی ئەوانی دیکە بکەن، ئیتر کورد بن یان قیبتی و کەمینە ئایینیەکانی دیکە بۆ ئەوەی جیاوازبن و ناسنامەی خۆیان هەبێت، لەبەر ئەوە هەندێ پارتی ئیسلامی هەڕەشەن بۆ سەر دیموکراسیەتی عەلمانی.

من تەواو هۆشـیارم بەمە. ئـەوەی جێی بایەخە ئەوەیە لەتورکیا پارتێکی ئیسلامی لەدەسەڵاتدایە و بۆ ماوەیەکیشە دەسەڵاتیان بەدەستە، لەکاتێکدا پشتیوانی تێڕوانینێکی دیاریکراو دەکەن، کەمەرج نییە من لەگەڵیدا هاوڕابم، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی ڕێزیان لەتەقلیـدی عەلمانی گرتووە و پارتەکانی دیکەش توانیویانە لەسیسـتەمە هەڵبژاردنی تورکیـادا ململانێ بکەن. ڕاسـتە هەندێ سـەرکوتکاریی هەیـە دژی کەمینەکان، لەنێویانـدا کـوردەکان. بەڵام هەمیشـە هەنـدێ دەرفەتی ئـەوەش هەبووە کەمینە کوردەکان بەشـداری لەژیانی سیاسـی و مەدەنی تورکیادا بکەن. ڕاستە کەموکوڕی زۆرە، دەزانـم مێژوویەکـی دووروودرێژی سـەرکوتکاری هەبووە. بەبـەراورد بەپارتە ئیسـلامیەکانی دیکـە پێموایـە تورکیا حاڵەتێکی جێـی بایەخپێدانـە لەپێوەندیدا پارتەکانی دەسـەڵات تەواو میانڕەو بوون، واتە پارتە ئیسلامیەکان ڕێزیان لەبنەماکانی عەلمانیەت گرتووە. کەواتە چەندین پارتی ئیسلامی هەن، ئەوەی ئاشکرایە لەپێوەندیدا بەبەهاری عەرەبـەوە، بەتایبەتی لەدوای سەرکەوتنی ئەم دواییەی ئیخوان موسلمین لەمیسـر، ئەوا زیاتر لەبارەی سروشـتی پارتە ئیسـلامیەکانەوە شارەزا دەبین. لەناو ئەو بزووتنەوانـەدا مەیلی تێڕوانینێکی دژە دیموکراتـی و دژە عەلمانی بۆ کۆمەڵگە هەیە، بەڵام پێموایـە مەیلی ئەوەش لەناو ئەو بزووتنەوانەدا هەیە کە ڕێز لەبنەماکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتـی و عەلمیانی بگـرن. ئەگەر ئەوەش بەرەوتـی میانڕەو ناوبەرین، ئەوا خوازیارین ئەم ڕەوتە لەسەر حسـابی ڕەوتی دژە عەلمانی بەهێز بێت، ئەنجامەکەش لەسـەر سـیاقەکە و لەسەر مێژووی کۆمەڵگەکە دەوەستێت.

لەفرەیـی بگرێت و ناکۆکـی توندوتیژ لەکۆمەڵگەدا کـەم بکاتەوە، ئەوا دەبێت ئـەو دیموکراسـیە زەمانەتـی هەندێ ئـازادی بنەڕەتـی بۆ تاکەکـە بکات، لەنێویان ئازادی گوزارشت و کۆبوونەوە و یەکسان بوون لەبەردەم یاسا بەچاوپۆشین لەخەلفیەتـی ئایین و ئیتنـی، ئەوانە بنەمـای جەوهەری هەر سیسـتمێکی دیموکراتـی لیبرالـی مۆدێرنن، بەلای منەوە ئەوانە جێی موناقەشە نین و بەردی بناغەی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین. نەك هەر تەنیا لەناو ئیسلامیەکان، بەڵکو هیندۆسی توندڕەو و مەسیحی ئوسوڵیش هەن دژی ئەو بنەما بنەڕەتیانە دەوەستنەوە. بەڵام ئاشکرایە لەبەهاری عەرەبدا، ئێمە باس لەبزووتنەوە ئیسـلامیەکان دەکەین، کـە هەندێکیان پابەندین بەدارشـتنی دەسـتوورێکی عەلمانی، دەسـتوورێك



بەمیانڕەوی و تا ڕادەیەك ڕێزگرتن لەفرەیی و عەلمانیەت. لەهیندستان دووەم گەورەترین وڵاتی موسـڵمانە، بـەڵام لـەو وڵاتەدا موسڵمانەکان کەمینەن، بەشێوەیەکی گشتی دەرفەتی ئەوەیان پێدراوە بەشداری لەژیانی سیاسیدا بکەن و ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە بزووتنەوەی ئیسلامی لەهیندستاندا بوونی نییە. ڕاستە هەندێ گرووپی کەم و بچووك هەیە کە خۆیـان داوەتە پـاڵ فۆرمێکی توندوتیژی سیاسەتی ئیسلامی، بەتایبەتی لەکشـمیر، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی، ڕێکخراو و پارتە ئیسلامیەکانی هیندستان زۆر میانڕەو بوونە و پشتیوانیان لەعەلمیانەت کردووە، کە ئاشـکرایە ئەمە لەقازانجیانە. هەروەها نموونەی ئەندەنوسـیاش هەیە، کە وڵاتێکە زۆرینەی دانیشـتوانی موسڵمانە، بزووتنـەوەی ئیسـلامی هەبـووە، بەڵام

*** بەڵام چاودێـران پێیانوایە بەهاری عەرەب بەرەو زستانی ئیسلامی گۆڕاوە، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن یاسـاکان لەکۆمەڵگەدا جێگیر بکرێن؟**

- من هاوڕام، ئەمە کرۆکی کێشـەکە و کرۆکـی ناکۆکیەکەیـە، من نامەوێت شتێکی گشتی لەبارەی ئیسلامیەکانەوە بڵێم، لەبەر ئـەوەی پێموایە جیاوازیەکی گـەورە هەیە لەنێـوان ئـاك پارتی و ئیخـوان موسـلمین. ئێمـە لەئەورووپا مەیلی گریمانەی ئـەوە دەکەین هەموو ئیسلامیەکان دژی ئازادیە تاکەکەسیەکانن و دژی مافەکانی ئافرەتن، ڕاستە پارتی ئیسلامی لەم شێوەیە بوونیان هەیە، بەڵام پێموانیە نوێنەرایەتی هەموو ئیسلامیەکان بکەن. بۆ ئەوەی دیموکراسی بەشێوەیەك کاربکات کـە نوێنەرایەتی بکات و ڕێز

لەسەر ئەساسی ئەو مافانەی تاکەکەس بنیاتنرابن کە قابیلی گفتوگۆکردن نین، ئەمە کرۆکـی ناکۆکیەکە لەڕۆهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقیـا و و لەوڵاتانـی عەرەبدا. ئـەوەی دەمەوێت بیڵێـم ئەوەیە کاتێك خەڵکـی دەرفەتی بەشداریکردنیان پێدەدرێت لەپرۆسەیەکی دیموکراتیـدا، پێموایە تای تەرازووەکەی بەرەو هێنانەدی سیستمێکی پتر لیبراڵی دەشکێتەوە، ڕاسـتە ئەمە زەمانەتی تیا نییە، و هێشـتا چەندین ناکۆکی هەن، هێشتا ئەگەری ئەوەیە هەیە گرووپێکی ئیسلامی لەرێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بێنەسەر دەسەڵات و دواتر ئەو دەسەڵاتە بۆ لاوازکردنی ئازادیە تاکەکەسـیەکان و بەروودان بەکۆمەڵگەیەکی تیوکراتی بەکار بهێنن.

# "عیراق" لەنێوان دیموکراسییەت و ناسەقامگیریدا



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

میزۆپۆتامیا یەکەم لانکەی ئیمپڕاتۆڕییەت بوو لەسەرەتای درووستبوونی زەوی، بە جیاوازیەکی زۆرەوە، «ئەمریکا» دواهەمین زلهێزە لەسەر زەویە هیلاك و شەکەتەکە. بە گوزارشتی «فرانسس فۆکۆیاما» بریتیە لە هەڵکشانی »دوایین مرۆڤ – Last Man» لە «کۆتایی مێژوودا – End of History». لەکاتێکدا یەکەم بانگەوازی جەنگ لەلایەن ئیمپڕاتۆڕییەتی یەکەم و ئیمپراتۆریەتەکانی دیکەوە درا، کە تەوەری ئەو بانگەوازەش سەپاندنی ئیرادەیەکی تێکشکێنەر بوو بەسەر ئەوانی دیکە و بە تاڵانبردنی سامانەکانیان بوو، ئیمپڕیالییە نوێیەکە برەو بە خەونەکانی دەدات لە بواری دیموکراسی و ئازادیدا، بەڵام ڕوو بە ڕوو لەگەڵ خەڵك و خاکی ئیمپریالە دێرینەکەدا، پێدەچێت ئەمریکا و یەکێك لە متمانەپێکراوترین هاوپەیمانەکانی- بەریتانیا - لە گێژەندا بن. هەر لە سەردەمی «گێرترود بێڵ-ی ئەنجیلۆ» «دایکی عیراق»، ەوە کە هەوڵدراوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی عیراقی دیموکراتی و هاوچەرخ. عیراق لە ڕابردوودا و تا ئێستاش دەوڵەتی دەسەڵات بووە. هەموو کەسێك لە عیراقی نوێدا شانازی بە ئینتیمابوونی بە ئیمپڕاتۆڕییەت و «سولالەی» سەردەمە دێرینەکانەوە دەکات. چارەسەرەکە، ئەگەر چارەسەر هەبێت، بریتیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی هاوڵاتیبوون کە ئەتوانێت ئەم ئاڵۆزیانە لە خۆیدا بتوێنێتەوە کە لە ڕابردوو ماونەتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە، دەبێت بە دڵتەنگیەوە ئیعتیراف بەوە بکەین کە ڕزگاربوونی عیراق لەدەست دواهەمین دیکتاتۆر بەس نەبوو بۆ هێنانەدی ئایندەیەکی پڕشنگدار. بەشێك لەم شکستە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێڕوانین لەلایەن بڕیاردەرانی ئەمریکا لە لەبارەی چۆنیەتی برەودان بە دیموکراسییەت و دەستەبەرکردنی پەرەپێدان و گەشەپێدانی پێویست بۆ هەموان. هەروەها هۆکاری دووەمی ئەم شکستە بۆ ئاڵۆزیە سیاسیەکانی ناوچەکە بە تێکڕا دەگەڕێتەوە. کە پێشتر و ئێستاش هۆکارێك دژ بە سەقامگیربوونی دۆخی عیراق بووە. بە داخەوە پێدەچێت پێکەوەگرێدانی ئاسایش و سەقامگیریی لەگەڵ پڕۆسەی بەدیموکراتیکردن کارێکی بە کۆتا نەهاتوو یان سەرنەکەوتوو بێت. کە ئەمەش قەیرانێکی تایبەت بەخۆی خوڵقاندووە کە بریتیە لەوەی ئەولەوییەت بە کامیان بدرێت دیموکراسیی یان سەقامگیری؟ لەبەر ئەوە، کاتێك خەونی ئەمریکی وەك سەرچاوەیەك دەبینرێت بۆ لیبراڵ دیموکراسی بۆ هەموان ئەوە پێویستە دیموکراسییەت ئامانج بێت. بەداخەوە لەبەر ئەوەی ترس باڵی کێشاوە بەسەر عیراقدا، ئەوا تەفزیلی سەقامگیری لە سەر دیموکراسییەت دەکرێت. ئەم قەیرانە لە ناوەڕۆکدا مەترسی بانگهێشتکردن بۆ درووستبوونی دیکتاتۆرییەت لە خۆدەگرێت.

لەگەڵ کازیوەی هەزارەی نوێدا، چەمك و واتای ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی هەمیشەیی گۆڕا و تەحەددیە دەرەکیەکانی سەدەی ٢١ـەمین وا لەهەموو بڕیاردەرانی سەرتاسەری جیهان دەکات پێداچوونەوە بە چەمکە ئەمنییەکانیاندا بکەن، بە ئاڕاستەی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاو و ئاسایشی وزە (گوڵان ٨١٣، ٨١٧، ٨٢٩). موفارەقەکە ئەوەیە عیراقییەکان بوونەتە قوربانی پێداویستیەکانی دابینکردنی ئاسایش بەرەو هێنانەدی سەقامگیری و تۆڵەسەندنەوەی دڵڕەشانەی قوربانییەکانی دەستی ئەم ڕێ و شوێنانە. ڕەگ و ڕیشەی کێشەکە لە بانگەشەی هەندێ لە پێکهاتەکانی عیراقەوە سەرچاوە دەگرێت لەبارەی دیموکراسی و یەکسانیەوە کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە ئەم بانگەشەیە بە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە بۆتە هۆی ئەوەی تەواوی پرۆسەکە بە زیان بۆ دیموکراسی بشکێتەوە. یاخود خزمەت بە پرۆسەکە دیموکراتیەکە نەکات. مۆدێرنە چی یە؟ مۆدێرنە بریتیە لەئاستێکی دیاری کراو لە بەدامەزراوەییکردن لەنێو مرۆڤەکان، هەروەها لەنێو پێکهاتەکانی هەموو نەتەوەیەك. پێدەچێت زەحمەت بێت هەم بۆ کۆمەڵگە مەحەلیەکان و هەم بۆ کۆمەڵگە نێودەوڵەتیەکان ئاستێکی دیاری کراو لە فشار لەسەر دەوڵەتی دەسەڵات دروست بکرێت. ئەگەر بەسادەیی بدوێین، ئەوا هێشتا مەترسی لەئارادایە. مەترسی ئەوەی دەوڵەتی دەسەڵاتخوازی جێگەی دەسەڵاتی دیموکراسی تازە دروست بوو بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە، بەهێزکردنی کۆمەڵگەکانی «عیراق» لەڕێگەی «فیدرالیزم»ەوە گونجاوترین چارەسەرە و پێویستیەکی بەپەلەیە، هەرێمی کوردستانیش بە دەسپێك دادەنرێت بۆ ئەم پلانە پڕ تموحە. سەرەڕای

> **پێدەچێت پێکەوەگرێدانی ئاسایش و سەقامگیریی لەگەڵ پڕۆسەی بەدیموکراتیکردن کارێکی بە کۆتا نەهاتوو یان سەرنەکەوتوو بێت**

ئــەوەش، ئــەوە ســاتێکی خەمناکە بــۆ تێکڕای عێراقییەکان، لەبەر ئەوەی دەســتکەوتە دیموکراتیە بەرچاوەکان لە ئاســت ئەو ئێــش و ئازارانەدا نین کە لە نایەکســانەوە ســەرچاوەیان گرتووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم تەنگژەیــە گەورەتر دەبێت بەهۆی لاوازبوونــی کاریگەری خەڵك لە لایەك و ئەو توانا زەبەلاحەی بەهۆی داهاتی خەیاڵی نەوتەوە هاتۆتە ئاراوە. لەبەر ئەوە دەبێت پرۆســەی دیموکراســی هاوشان لەگەڵ پرۆسەی پەرەپێداندا بە بێ جیاوازی لــە خزمەتی خەڵکــدا بن. پێدەچێت لــە عێراق و هەروەها لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درزێك کەوتبێتە نێوان پایەکانی لیبراڵ دیموکراسی. دیموکراســی و یەکسانی. ئەم درزتێکەوتنە نادیارە، بــەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوڵتــر دەبێتەوە (گوڵان ٨٢٠). ئەمــەش دوور نییە لە خــەم و نیگەرانیە سەرەکیەکەی «زبیگنیو برژنسکی»: (نایەکسانی جیهانی دەبێت کێشەی گەورەی سیاسەت لە سەدەی بیست و یەکدا).

لــەم ســیاقەدا، ئەمە ســاتێکی ســەختە بۆ ئەمریکا کە لە هەوڵی بەدەســتهێنانی دەســەڵاتی جیهانیدایە. لەوانەیە ئەم ڕەوت و ئاراســتە شمولیە وا لــە لایەنگرەکانی ئازادی لێرە و لەوێ بکات کە دەســت لە کەرامەتی خۆیــان هەڵگرن و بەهاکانی کۆمەڵگەکانیــش بگــۆڕن بۆ بەهای شەخســی. (گوڵان ٨٢٣). بەکورتی، ئێســتا پێویســتیەکی بەپەلە هەیە بۆ ســەرکردایەتییەکی ڕاستەقینە نەك بۆ سیاسیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووداوە گەورەکان ســەلماندیان کە هێــزی جیهانــی ناتوانێت ببێتە دەســەڵاتی جیهانی. لە کاتێکدا بۆ بەدەستهێنانی دەســەڵاتی جیهانی دەبێت تۆ قبــوڵ بکرێیت لە ســەرەتادا. بەم دواییانەدا «تۆماس ئێڵ فریدمان» ئەمــەی تاوتوێ دەکرد، « هەمیشــە ئەمەریــکا بەهێــز و کاریگــەری هەبــووە کاتێك خــەون و داهێنان، کاتێك ســامان و کەرامــەت، کا تێك هەوڵــی بەدەســتهێنانی قازانجــی زۆر و یەکلاکردنــەوەی کێشــە گەورەکانی پێکەوەگرێــداوە «. بێگومان دیموکراســی لە عێراقدا بە مانای گفتوگۆکردن و دۆزینــەوەی ڕێگایــەك بــۆ پێکەوەژیانــی باشــتر دێــت. مەرجی سەقامگیریی سیاسیش لە عێراق بریتیە لە کولتورێکی تێگەیشــتن کە بتوانێت عەدالەتــی کۆمەڵایەتی بهێنێتەدی. بەپێچەوانەوە، دیموکراســییەت دەبێتە باسێکی ئەکادیمیی بەتاڵ. هێشــتا ڕۆشنبیرەکانی ڕۆژئاوا لەو پێشــێلکاریە تێنەگیشــتون کە دیکتاتۆرەکانی پێشوو دەرهەق بەکەرامەتی هاوڵاتییەکانیان کردیان. «تۆمــاس ئێڵ فریدمان» ئاماــژەی بەو قەیرانە کردووە کە پەیوەســتە بە سیاسەتی نەوت. مایەی داخــە، «جیهانــی ئــازاد» و «دیکتاتۆرەکانی نەوت» پەیوەندیەکی سەیریان دروستکرد کە شکۆی دیموکراســییەت لەکــەدار دەکات. دەبێت خوێنەران لەوە تێبگەن بۆچــی هێزی نەوت، کە ئاماژەیە بە ســەروەت و ســامانی عێراق لە دژی دیموکراسی کاری کردووە نەك لە پێناوی دیموکراسیدا.

بەکورتــی، پێویســتە قەیرانی ئێســتا کــە ئەنجامــی پێکدادانــی قوڵی نێوان دیموکراســییەت و ئــەو هۆکارە نارەواییانەیە کە بە بیانووی چەسپاندنی سەقامگیری لە عێراق گیراونەتەبەر، بە هاوکاری جیهانی ئازاد چارەسەر بکرێــت. لەبــەر ئــەوەی پێگەی بەرزی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مۆدێرن، بە دەربڕینی «فرانسس فۆکۆیاما دوورتر لە خواستەکان دەڕوات و ئــەوە لە حکومەتە دیموکراتیــەکان داوا دەکات کە وەك پێگەیشتوو مامەڵە لەگــەڵ نەتەوەکانیاندا بکــەن، نــەك وەك منداڵ». بەم شێوەیەش عێراقییــەکان ئەتوانن بڕیار لە چارەنووســی خۆیان بدەن.



**کاتێك خەونی ئەمریکی وەك سەرچاوەیەك دەبینرێت بۆ لیبراڵ دیموکراسی بۆ هەمووان ئەوە پێویستە دیموکراسییەت ئامانج بێت. بەداخەوە لەبەر ئەوەی ترس باڵی کێشاوە بەسەر عێراقدا، ئەوا تەفزیلی سەقامگیری لە سەر دیموکراسییەت دەکرێت**

# زەحمەتە تونێلی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق بەم زووانە ڕووناکی لێ دەربکەوێت



پرۆسەی سیاسیی عێراق بەقۆناخێکی سەخت و ناسکدا تێدەپەڕێت، ئەو ئەگەرانەی لەبەردەم ئەم پرۆسەیە پێشبینی دەکرێت، هیچیان ئەگەری باش نین، ئەگەر حکومەتی عێراق تێڕوانینی خۆی نەگۆڕێت و نەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی شەراکەتی ڕاستەقینە. هەندێك چاودێر باس لەوە دەکەن ئەمریکا لەقورسی و سەختی ئاستی تەنگژەکان تێگەیشتووە، ئێستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر سەرۆك وەزیرانی عێراق بەئاراستەی پێشوو هەنگاو هەڵبگرێت و پشت لەپرۆسەی شەراکەتی نیشتمانی بکات، ئەوا عێراق بەرەو لێواری هەڵدێر دەڕوات، لەم قۆناخەشدا کە ناوچەکە هەمووی بەگۆڕنکارییەکی گەورە تێدەپەڕێت، ئەوا تێکچوونی باری عێراق کاریگەری

**ڕێگە چارە بریتییە لە بیرکردنەوە لەسەر بنەمای لۆژیك و ئەقڵ و دووركەوتنەوە لەوتار و هەڵوێست و لێدوانی گرژ بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە**

لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت، بۆیە ئێستا هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن هەر چۆنێك بێت لایەنەکان لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا بگەڕێتەوە سەر سکەی خۆی، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە تاچەند ئەم هەوڵانە مایەی ئەوەن کە چاودێری بارودۆخەکە پێی گەشبینبێت؟ بێگومان وەك سەرنج لەتێکڕای لێدوان و قسەی لایەنە جیاوازەکانی عێراق دەدرێت، هەست دەکەین زۆر بەزەحمەت هەست بەگەشبینی دەکرێت و هەموو لایەك ترسی ئەوەی هەیە عێراق بگاتە ئەو ئاستەی کە لەکۆنترۆڵ دەربچێت و نەتوانرێت پرۆسە سیاسییەکە بگەڕێتەوە سەر سکەی خۆی، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تائێستا هەست ناکرێت هەردوو لایەنی سەرەکی کێشەکە کە لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئەلعراقیەن گۆڕانی گەورە بەسەر هەڵوێستەکانیان هاتبێت، ئەمەش وادەکات، هەتا ئەگەر

**لەڕووی عەمەلییەوە هیچ شتێکی ئیجابی نابیندرێت ئەگەر بەو ئاقارەدا بڕوات، ئەوا بەرەو ململانێیەکی توند دەڕوات و ئەگەری ڕوودانی شەڕی تائیفیش لەئارادایە**

کۆنگرەی نیشتمانیش گرێبدرێت یان بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنەکانی پێشوو، وەك ڕێککەوتنی هەولێر بۆ نموونە، ئەوا ئەو دوولایەنە کە ئێستا ئەم کێشە ئاڵۆزە لەنێوانیاندا هەیە نەگەنە هیچ ڕێککەوتنێك و پرۆسەکە بەتەواوەتی پەکبخرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا چاودێرانی سیاسیی بەحەزەرەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەن و هەروەها بەحەزەریشەوە قسە لەسەر بارودۆخەکە دەکەن، هەندێکی دیکە هێشتا کەمێك گەشبینیان بەبارودۆخەکە ماوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەرلەمان هەرچۆنێك بێت یەکدوو دانیشتنی کردووە، کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیش وەك بەردەوامی پرۆسە سیاسییەکە لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام لای هەندێك چاودێری دیکە ئەم کۆبوونەوانە ناتوانن هیچ لەبارودۆخی سیاسیی عێراق بگۆڕن ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی لای هەردوو لایەنەکە دروست نەبێت، سەبارەت بەم بارودۆخە پرسیارمان لە شێخ جەلالەدین سەغیر ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (بەڕای من سیاسەتی یەکتری پەراوێز کردن بۆتە هۆکاری ئەم قەیرانە و هەروەها نەمانی متمانە لەناویاندا، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە ئێستا بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخەکان بەرەو ئاڕاستەی هەڵکشان دەڕوات، هەڵکشانیش مایەی داڕمانی پرۆسە سیاسییەکەیە یانیش ئەوەیە زیانێکی زۆری پێ بگات، بۆیە پێموایە لایەنەکانی قەیرانەکە تەنیا یەك ڕێگە چارەیان لەپێشە، ئەویش بیرکردنەوەیە لەسەر بنەمای لۆژیك و ئەقڵ و دووركەوتنەوە لەوتار و هەڵوێست و لێدوانی گرژ و هەنگاونان بەرەو




سیاسەتەکانی «ئیستیعاب و ئیحتیوا» و دەربازبوون لەم قەیرانە، کاتی خۆی لایەنە سیاسییەکان بەچەندین قەیران تێپەڕیون، بەڵام ئەم قەیرانەیان وەك قەیرانەکانی پێشوو نییە، بەڵکو زۆر توند و بەهێزترە لەقەیرانەکانی پێشوو، بۆیە تەنیا ڕێگە ئەوەیە سیاسەتمەدارەکان دەستبەرداری بەرژەوەندی تەسکی لایەنەکانیان ببن و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن، هەر بۆنموونە ئێستا باس لەگرێدانی کۆنگرەی نیشتمانی دەکرێت، بەڵام ئەگەر شێوازی مامەڵەی لایەنە سیاسییەکان وەك ئێستا بمێنێتەوە و بێ متمانەیی لەئارادا هەبێت و هەموو لایەنێك پێداگری لەسەر هەڵوێستی خۆی بکات و نییەت نەبێت بۆ هاوبەشی لەسەر ئاستی بەرژەوەندییەکان من پێموایە گومان لەسەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیەش دەکەم)).

شێخ جەلالەدین سەغیر کە خولی پێشوو ئەندامی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و یەکێکیشە لەسەرکردە دیارەکانی ئەنجوومەنی ئیسلامی لەعێراقدا زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بارودۆخەکەیە و ئاگاداری ئەوەیە تاچەند پرۆسە سیاسییەکە لەمەترسیدایە، بۆیە هەر لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لەپەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کازم شەمەری کرد ئەویش سەبارەت بەئایینندەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (چاودێرانی پرۆسەی سیاسی عێراق، نەك ئێستا، بەڵکو هەر لەساڵی ٢٠١٠ـەوە تاکو ئەمڕۆ هەست بەوە دەکەن کە قەیران قەیرانی لێ دەکەوێتەوە، هەربۆیە ئەمڕۆ لەبەردەم کۆمەڵێك قەیرانداین کە پرۆسە سیاسییەکە پێیدا تێدەپەڕێت، کە خەریکە ڕەشباکەی پرۆسە سیاسییەکە دەخات، بەڵام لەنێو ئەم قەیرانانەدا کەسێکمان نەبینی لەسیاسەتمەدارانی عێراقی بتوانن ڕووبەڕووی هیچ قەیرانێك ببنەوە و بارودۆخەکە ئیحتیوابکەن و چارەسەری ڕاستەقینە بدۆزنەوە، بەداخەوە، بینیمان سیاسەتوانەکانمان زۆر لێهاتوون لەخولقاندنی قەیران و بەردەوامیدان بەقەیرانەکان، بەڵام لەڕووی چارەسەرکردنی قەیرانەکان ئەوە تاکو ئەم ساتەدا یەك سەرکردەی سیاسی یاخود مەرجەعێکی سیاسیمان نەبینی بتوانێت چارەسەری ڕاستەقینە بۆ قەیرانەکان بدۆزنەوە، بۆیە لەم بارودۆخە نەك تەنیا پرۆسە سیاسییەکە، بەڵکو ژیانی عێراقیش دەوەستێت، ئێستا وڵاتانی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەیری عێراق دەکەن، وەك هێزێکی ئابووری و وەك دەوڵەتێکی خاوەن پێگەیەکی گەورە کە ئەگەری هەیە بچێتە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و ببێتە دەوڵەتێکی زۆر بەهێز، بەڵام سیاسەتوانەکانمان تاکو ئەمڕۆیش سوورن لەوڕووەوە کە تەنیا بەر پێی خۆیان ببینن، بەڕای من چارەسەر و دەربازبوون لەم بارودۆخە لەڕێگەی دیالۆگی بونیادنەر دەبێت لەگەڵ ڕاستگۆیی ڕاستەقینە لەنێوان هاوبەشە سیاسییەکان، ئێمە ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا هاوبەشین، نەك هاوبەش لەگوندێك یاخود لەپارچەیەکی زەوی، ئەگەر بێت و ئێمە بەردەوام و هەموو ڕۆژێك لەقەیرانێك بەرەو قەیرانێکی دیکە بڕۆین و لەکێشەیەك بەرەو کێشەیەکی دیکە و بەو زنجیرەیە بڕۆین لەقەیران و کێشەکان هەر لەکێشەی وەزارەتە ئەمنییەکانەوە تا ئەنجوومەنی سیاسەتەکان، وێڕای قەیرانەکانی دیکە و ئەو قەیرانە تازەیەی کە ئەمڕۆ سەریهەڵداوە، ئەوە بەم شێوەیە هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکرێت، بۆیە بەڕای من پێویستە ئەم جارەیان هاوبەشەکان پێکەوە دانیشن، یان لەڕێگەی کۆنگرەی نیشتمانی کە بەنیازە سازبکرێت یاخود لەڕێگەی کۆنگرەیەکی دیکە، پێویستە هەموویان پێکەوە دانیشن و بەڕاستگۆییەکی ڕەها بدوێن و ئەم گەلە لەبەرچاو بگرن)).

### کۆنگرەی نیشتمانی
### بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان

ئێستا تەواوی سەرکردەکانی عێراق داوای کۆنگرەیەکی نیشتمانی دەکەن بۆ ئەوەی عێراق لەم قەیرانە ڕزگار بکرێت، کە بەبۆچوونی زۆربەی سیاسەتمەدارەکان قەیرانی ئەمجارە لەقەیرانەکانی دیکە جیاوازە، سەبارەت بەم لایەنە عادل بەرواری ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، ئەوا مەترسی هەڵایسانی شەڕی مەزهەبی


عادل بەرواری بۆ گوڵان:

## پێشتر مالیکی بانگەشەی حکومەتی زۆرینەی دەکرد، کە کێشەکە بووە ململانێی شیعە و سوننە ئێستا باس لە پتەوکردنی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەکات


شێخ جەلالەدین سەغیر بۆ گوڵان:

## تەنیا ڕێگە ئەوەیە سیاسەتمەدارەکان دەستبەرداری بەرژەوەندی تەسکی لایەنەکانیان ببن و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن

نێوان عەرەبی سوننە و شیعەی لێدەکرێت و لەمبارەوە وتی: (ئەگەر ئەم قەیران و ناکۆکییە بەڕێگایەکی ئاشتیانە و برایانە چارەسەر نەکرێت، پێموایە بەرەو شەڕێکی مەزهەبی دەڕوات لەنێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە، سەرکردە عێراقییەکانیش هەموویان ئەوە باش دەزانن، چونکە ئەگەر سەیر بکەین ئەو تەقینەوانەی چەند ڕۆژێك ڕوویاندا نیشانەی ئەوەیە کە دوژمنانی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی لەعێراق هەر لەسەر ئەو وەتەرە کاریان کردووە، بۆیە دەبینین هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە جەنگی نەتەوەیی لەنێوان کورد و عەرەب یان مەزهەبی لەنێوان شیعە و سوننە یا ئایینی لەنێوان موسڵمان و مەسیحی هەڵبگیرسێنن، هەرچەندە تا ئێستا ئەم ئاواتەیان نەهاتۆتە دی، بەڵام بارودۆخەکە وابڕوات و چارەسەر نەکرێت مەترسی زیاتر دروست دەبێت، بۆیە لەم قۆناخە پێویستە بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی هەوڵ بدەن پرۆژەکەیان سەربکەوێت و ڕێگا نەدەن کەسانێك تێکی بدەن، چونکە لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە هەردووك بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی هۆکاری دووبارە بونیادنانەوەی عێراق بوون و حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی بە دەستپێشخەری سەرۆك بارزانی هاتە بوون، ئومێدەوارم ئەم جارەشیان بەهەوڵی بەڕێزیان کاریگەرییەکی زۆریان دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەش. بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵانەش لیژنەیەك دروستکراوە لەهەرسێ لیستی سەرەکی واتە هاوپەیمانی کوردستانی و هاوپەیمانی نیشتمانی و لیستی ئەلعێراقیە، ئەم لیژنەیە وەك زەمینە خۆشکردنێك پێوەندی بەهەموو کوتلە سیاسییەکانەوە دەکەن بۆ دانانی کاتێکی گونجاو، هەروەها چاوەڕێی گەڕانەوەی بەڕێز سەرۆك کۆمار دەکەن بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیەی پێشکەش بکەن، چونکە بەڕێزیان سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیە دەکات و هەر بەڕێزیشیان وادەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە دیاری دەکات، خۆشبەختانە کۆبوونەوەیەك لەنێوان مالیکی و نوجێفی و خوزاعی بەسترا کە ئێستا لەشوێنی سەرۆك کۆمارە لەبەغدا و هەرسێ لایەن لەسەر ئەوە کۆك بوون کە پێویستە ئەم کۆنگرەیە لەزووترین کاتدا ببەسترێت.. ئەمەش گۆڕانکارییەکی باشە لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری سەرەتای ئەم تەنگژەیە بکەین، دەبینین هەڵوێستی مالیکی ئەوە نەبوو کەوا ئێستا ئیعلانی دەکات و هەست دەکرێت کە هەندێك گۆڕاوە، پێشتر مالیکی بانگەشەی حکومەتی زۆرینەی دەکرد، بەڵام کە کێشەکە بووە ململانێی شیعە و سوننە و دەستێوەردانی دەرەکی لەئەمریکا و ئێران و تورکیا و چەند دەوڵەتێکی دیکە، ئێستا مالیکی باس لەپتەوکردنی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەکات، چونکە ئەو بارودۆخەی ئێستا و ناکۆکی نێوان کوتلەکان ئەوەی سەلماند کە پێویستە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی پتەوتر بکرێت، ڕەنگە لەپاشەڕۆژا لەڕێگای دەستوورەوە حکومەتی زۆرینە ببێتە چارەسەر و باشتر بێت لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و کار کردن و بوونی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان کە چاودێری حکومەت بکات، بەڵام بارودۆخی ئێستای عێراق ڕێگا بەدروستکردنی ئەم جۆرە حکومەتە نادات و باشترین چارەسەر بەهێزکردن و پتەوتر کردنی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانییە)).



فاتیح دارۆغایی بۆ گوڵان:

## لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە تا ئێستا گەورەترین گرفت بۆ کورد نەبوونی زەمانەتێکە کە مافەکانی بپارێزێت

بەرواری وێڕای ئەوەی هەندێك گەشبینی بەهەوڵەکان بەخشی، بەڵام هێشتا ئەندامانی لیستی ئەلعێراقیە بەبارودۆخە گەشبین نین و پێیانوایە مەسەلەکە تەنیا تۆمەتبارکردنی جێگری سەرۆك کۆماریش نییە، لەمبارەوە د.وەلید عەبود پەرلەمانتاری تەحالوفی وەسەت لەلیستی ئەلعێراقیە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (ئەوەی ڕاستی بێت لەدیمەنە سیاسییەکەی ئێستای عێراقدا هەست بەگەشبینی ناکرێت و بەداخەوە هاوبەشەکانمان لەپرۆسەی سیاسیدا ئەم هەڵکشانەیان بەلاوە گرنگ نییە، هەروەك کە دوێنێ هەموومان و ئێوەیش لەهەموو کەناڵە ئاسمانییەکان بیستمان کە مەسەلەکە تەنیا یاداشتنامەکەی دەستگیرکردنی «تاریق هاشمی» و ئەم جۆرە مەسەلانە نەبوو، بەڵکو مەسەلەکە لەوە تێپەڕی و گەیشتە «تەجاوز» لەسەر کەسایەتی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق، کە بەڕێز مام جەلال خاوەنی دەستپێشخەرییە و هەموو حەوانەوەی خۆی کردووە بەقوربانی سەرخستنی پرۆسەیەکی سیاسیی هاوسەنگ لەم وڵاتە لەگەڵ خولقاندنی شەراکەتێکی ڕاستەقینە و پاراستنی ئەم دەستوورە، بەڵام دەبینین ئەمڕۆ قسە لەدژی دەکرێت، ئەمەش مانای هەڵکشانی بارودۆخەکە دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك لەبرایان و سەرکردەکانی «دەوڵەتی یاسا» نکۆڵییان لێکرد و ئەو لێدوانانەیان قبووڵ نەکرد و وتیان پێویستە ڕێز هەبێت بەرامبەر شەخسی سەرۆك کۆمار، نەهێڵرا حوسێن ئەسەدی بێتە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەڵام پێویستە ئەو کەسە و تەواوی قەوارەکە داوای لێبوردنێکی فەرمی لەم بارەیەوە پێشکەش بکەن لەبەرئەوەی پێویستە سنوورێك بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە دابنرێت، لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوایە ئەم هەڵکشانە مایەی بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسە سیاسییەکە نییە و نابێتەهۆی ئاساییکردنەوە بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیر و ڕێککەوتن لەنێوان قەوارەکان و تێگەیشتن و متمانەی هاوبەش، لەم قۆناخەدا ئێمە وەك لیستی ئەلعراقیە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی گرێدانی کۆنگرەی

نیشتمانی دەکەین، بۆ ئەوەی خاڵبەندی پیتەکان بکەین، خۆ ئەگەر نەشمانتوانی قەیرانەکە چارەسەربکەین، ئەوا ئەوکات یان ئەوەیە لەسەر چارەسەرێك ڕێکبکەوین و متمانە لەحکومەت بکێشینەوە، یاخود ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت، بەڵام هەر دەبێ بگەینە چارەسەرێك لەبەرئەوەی مەسەلەکان زۆر ئاڵۆزن و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و چەند زیاتر بڕۆینە پێشەوە بۆ لایەنێك زیاتر دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، بەداخەوە هەست بەوە دەکەین کە هیچ



جمعه عەتوانی بۆ گوڵان:

## ململانێی سیاسی و گومان لەنێوان قەوارە سیاسییەکان چارەسەر نییە بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ کە لەعێراق بوونی هەیە

نییەتێك لەئارادا نییە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، مەسەلەکە تەنیا بۆتە بەڵێن و هیچی تر، با دووریش نەڕۆین، هەموو برایانمان لە «هاوپەیمانی کوردستانی» و لیستی «عێراقیە» لەوە بەئاگان کە زۆر لەبەندەکانی ڕێککەوتنەکەی هەولێر هێشتا جێبەجێ نەکراون)).

### کێشەکانی کورد لەناو ئەم قەیرانەدا

د.وەلید عەبود ئاماژەی بەوەکرد کە هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی ئەلعێراقیەش باش دەزانن کە بەشێکی زۆر لەبەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ نەکراوە کە حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە دامەزراوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر کورد لەکێشەی ئێستای نێوان دەوڵەتی یاسا و ئەلعێراقیە لایەنێك لەکێشەکە نەبێت و بیەویت ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕیت بۆ ئەوەی پرۆسەکە بگەڕێتەوە سەر سکەی خۆی و دووبارە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەست پێبکاتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەو بەندانەی ڕێککەوتنی هەولێر کە پێوەندنی بەکوردستان و عێراقیشەوە هەیە، کورد تێیدا دەبێتە لایەن و دەبێت هەوڵبدات ئەو کێشانەی خۆشی چارەسەر بکات، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپەرلەمانتار فاتیح دارۆغایی ئەندامی هاوپیەمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان کردوو لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (بارودۆخی عێراق زۆر ئاڵۆزە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان کوتلە سیاسییەکاندا هەیە زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو کوتلەی هاوپەیمانی نیشتمانی و ئەلعێراقییە، ئەم بۆشاییە گەورەتر دەبێت و دەتوانم بڵێم ئاسۆیەکی ڕوون نییە بۆ ئاشتەوایی، سەبارەت بەبەستنی ئەو کۆنگرەیەی کە داوا دەکرێ ببەسترێ، لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی دوو مەرجیان هەیە بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە، مەرجی یەکەمیان ئەوەیە کە لەبەغدا بێت و نەبردرێتە دەرەوەی بەغدا کە مەبەستیان هەولێرە، مەرجی دووەمیشیان ئەوەیە کە پرسی دادوەری تێکەڵ بەپرسی سیاسی نەکرێت، واتە مەبەستیان ئەوەیە کە دەبێ تاریق ئەلهاشمی دادگایی بکرێت. ئەوجا لەم بارودۆخە ئاڵۆز و ناجێگیرەدا کورد زیاتر هەوڵی ناوبژی دەدات، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لەپاڵ ئەم ناوبژییەدا هەوڵ دەدات کێشە هەڵواسراوەکانی خۆی لەم کۆنگرە چاوەڕوانکراوەدا بچەسپێنێت و بیانخاتە ڕوو، بەڵام هەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە تا ئێستا گەورەترین گرفت بۆ کورد نەبوونی زەمانەتێکە کە مافەکانی بپارێزێت، بەداخەوە تا ئێستا هیچ زەمانەتێك نییە کە پشتی پێ ببەسترێت بۆ ئەوەی کە کێشە هەڵواسراوەکانی لەم کۆنگرەیەدا باسی لێوە بکرێت)).

کەواتە وەك پەرلەمانتار فاتیح دارۆغایی ئاماژەی پێکرد پێویستە کورد هەوڵبدات لەکۆنگرەی نیشتمانیدا کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، بەڵام وەك پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی لەسەر لیستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی پێی ڕاگەیاندین، مەسەکە تەنیا هەوڵی حکومەتی مالیکی نییە بۆ پەراوێز خستنی ئەو بەندانانەی ڕێککەوتنی هەولێر کە تایبەتن بەلیستی هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی ئەلعێراقیە، بەڵکو لەناو لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەشدا زۆر لایەن پەراوێز خراون و لەمبارەوە جمعە عەتوانی وتی: (ئێمە لەناو



د.فەرهاد ئەتروشی بۆ گوڵان:

## ئێمە ناڵێین بەشێک نین لەناکۆکی سیاسی، بەڵام ناشبینە لایەنێک لەناکۆکی و ململانێی تائیفی نێوان شیعە و سوننە

هاوپەیمانی نیشتمانی چەند لایەنێکین هەست دەکەین لەلایەن حکومەتەکەی «مالیکی»یەوە فەرامۆشکراوین، تەنانەت زۆربەی لایەنەکانی «هاوپەیمانی هێزە کوردستانییەکان» کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە هێشتا هەندێك لەخاڵەکانی ڕێککەوتنەکانی «هەولێر» بەهەڵپەستراوی ماون، ئەمە وێڕای لیستی «عێراقیە»، بۆیە ئەگەر هات و ئەو هێزە سیاسییانە کۆبوونەوە، کە هەستدەکەن ئاراستەکە ڕووی لەڕێچکەیەکی دیکە کردووە، ئەوکات بێگومان ئەو جۆرە کۆبوونەوە و وتووێژانە، بەلایەنی کەمەوە لەخاڵێکی

دیاریکراودا سنوور بۆ بەڕێز «مالیکی» دادەنێن و لەهەمان کاتیشدا ئەگەر هات و بەڕێز «مالیکی» هەستی بەوەکرد کە هێزی سیاسیی گەورە و کاریگەر هەن لەپەرلەمانی عێراقی و فشار دەخەنە سەری، ئەوە ئەوکات بەبێ هیچ گومانێك سنووری خۆی چیتر نابەزێنێت و دەست دەکات بەدیالۆگ و وتووێژ بەعەقلییەتی نیشتمان پەروەر نەك بەعەقلییەتی پارت یاخود تاك. بۆیە گرێدانی کۆنگرەی نیشتمانی یان گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی هەولێر گرنگە، بەڵام ئەوەی جێگەی نەخشەڕێگایەك دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکان، هاوکات بانگێشتەکەی سەید «عەمار حەکیم» کە داوایکرد بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ سەر مێزەکەی «هەولێر» یاخود لە«بەغدا» کۆنگرەیەك سازبکرێت، پێموایە ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ دانانی خاڵەکان لەسەر پیتەکان و بەو شێوەیەش پێویستە لەسەر هەموو لایەنێك کێشە و گرفتەکانی لەسەر ئەو مێزە و لەو کۆنگرەیە بخاتەڕوو، بەڕای من ئەم خاڵانە مایەی چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکەیە، بەڵام ململانێی سیاسی و گومان لەنێوان قەوارە سیاسییەکان چارەسەر نییە بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ. بۆیە مەسەلەکە پەیوەستە بەنییەتی لایەنەکان، هەندێك لایەن هەن کە بەرژەوەندیی خۆیان و بەرژەوەندیە قەوارەکەیان دەخەنە پێش بەرژەوەندییە نیشتمانییە باڵاکان، بەو شێوەیەش تەنیا لەسەر داواکارییەکانی خۆیان پێداگری دەکەن، ئەمەیە ئەو کێشەیەی کە بەدەستییەوە دەناڵێنین، نییەتی باش لەئارادانیە و سووربوون نییە بۆ پاراستنی وڵات و هاووڵاتیان، ئەگەرنا ئەوە من پێموایە وتووێژی جددی و قووڵ بەرووحییەتێکی بەرز و بەدڵسۆزی بۆ وڵات پێموایە باشترین چارەسەرە، بەڵام کێشەکە بریتییە لەڕەتکردنەوەی هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەکان نەك بەهەستێکی نیشتمانی، بەڵکو بەهەستێکی تایفەگەری دەڕۆن)).

بێگومان ئەم کێشەیە لای ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش هەیە، لەمبارەوە د.فەرهاد ئەتروشی لەهاوپەیمانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان لەسەر ئەم پرسە وتی: (من تا ئێستا نابینم هیچ شتێکی ئیجابی لەئارادا هەبێت، ڕاستە جوڵە هەیە لێرە و لەوێ لەسەر ئاستی سەرۆك کۆمار و فراکسیۆنەکان و پارتە سیاسییەکان و تەنانەت بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەر لەهەموان هەوڵەکانی خۆی دەستپێکردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێکی پۆزەتیف لەئارادا نییە، بەر لەچەند ڕۆژێك کۆبوونەوەیەك لەماڵی خزیر خوزاعی لەنێوان مالیکی و باڵیۆزی ئەمریکا ئەنجامدرابوو، ڕاگەیەنرا کە کۆبوونەوەیەکی پۆزەتیف بووە، بەڵام ئەوەی کە لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە باسیان کرد بریتی بوو لەسەر خاڵ کە زۆر جار باسی لێوە کراوە و تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە هیچ شتێکی ئیجابی نابیندرێت، من ناڵێم شەڕی تائیفی ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر بەو ئاقارەدا بڕوات، ئەوا بەرەو ململانێیەکی توند دەڕوات و ئەگەری ڕوودانی شەڕی تائیفیش لەئارادایە. بەڵام ئێمە وەکو کورد وەکو کوردستان نابینە بەشێك لەشەڕی تائیفی، چونکە ئێمە لەسەرەتاوە باسمان کردووە و تەئکیدیش دەکەینەوە کە ڕاستە موسڵمانین، بەڵام نابینە بەشێك لەکێشەی شیعە و سوننە، چونکە ئەم کێشەیە تەمەنی ۱۳۰۰-۱٤۰۰ ساڵە، لەهەمان کاتدا نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئێمەش لەناکۆکی و ململانێی سیاسی (ئەگەر دروست بێت) مافی خۆمانە کە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆمان بدەین کە بەدەستوور و بەڕێکەوتنی سیاسی و بەیاسا چەسپاون، لەبەر ئەوە نابێ بڵێین ئێمە بەشێك نین لەناکۆکی سیاسی، بەڵام نابینە لایەنێك لەناکۆکی و ململانێی تائیفی نێوان شیعە و سوننە و ئەگەر ناکۆکیشمان هەبێت لەسەر ئەساسی تائیفی نەبووە و زیاتر لەسەر ئەساسی ناکۆکی لەسەر بەرنامەی سیاسی بووە)).



کازم شەمەری بۆ گوڵان:

## سیاسەتوانەکانمان زۆر لێهاتوون لەخوڵقاندنی قەیران و بەردەوامیدان بەقەیرانەکان

مەترسیە هەڵکشانی لێدوانە سیاسییەکان و گرژییەکان لەڕاگەیاندن خزمەت بەپرۆسەی سیاسی ناگەیەنێت و خزمەت بەپرنسیپەکانی ئەو تەوافوقاتە سیاسییانە ناگەیەنێت کە لەڕێککەوتنەکانی «هەولێر» لەسەری ڕێککەوتوین کە بەرهەمەکەی پێکهێنانی حکومەتی شەراکەی نیشتمانی بوو، هەربەو پێیەش هەموان ڕێککەوتن لەسەر ڕێزگرتن لەنەگۆڕەکانی دەستووری عێراقی بەو ئیعتیبارەی کە تاکە مەرجەعە لەحاڵەتی ڕوودانی جیاوازی لەنێوانماندا، بانگێشتەکەی بەڕێز سەرۆك کۆمار بۆ گرێدانی کۆنگرەیەك پێموایە وەك



د.وەلید عەبود بۆ گوڵان:

## بەداخەوە هیچ نییەتێک لەئارادا نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق

## داڤید پاتێل بۆ گوڵان:

# کورد لەعێراقدا بەشێک نییە لەم قەیرانەی ئێستا بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکە لەعێراق لەکێشەکان تێوەدەگلێت



پرۆفیسۆر داڤید پاتێل ئوستادی پێیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەبەشی حکومەت لەزانکۆی کۆڕنێڵ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کەڵچەری سیاسیی، پرۆفیسۆر پاتێل لەساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٤ کاری توێژینەوەیەکی مەیدانی لەعێراق کردووە، سەبارەت بەتێگەیشتن لەوەی مزگەوت و دامەرزاوەی مەرجەعیەت کاریگەری دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی و هەماهەنگی سیاسەتی نیشتمانی دەبێت، هەروەها توێژینەوەی لەسەر دابەشبوونەکانی کۆمەڵگەی عێراقی و بەردەوامیش لەسەر میسر و ئەردەن و یەمەن و سوریا و لوبنان توێژینەوەی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق کە بە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا دەڕوات، پێیوەندیمان بەپرۆفیسۆر باتێل کرد و لەسەر ئەم پرسانەی عێراق وتووێژێکمان ئەنجامدا، ئەمەش دەقی وتووێژەکەی گوڵانە لەگەڵ پرۆفیسۆر باتێل.

*** بەرێزت وەك كەسێكی شارەزا لەسەر بارودۆخی عێراق ئایا عێراق دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا چۆن دەبینیت؟**

- تەحەددیە سەرەكیەكەی عێراق ئەوەیە كە چەند ساڵێكە پرۆسەیەكی سیاسی دامەزراوەیی لەئارادایە، ئەم پرۆسە دامەزراوەییە دەسەڵاتی لەعێراقدا دابەشكردووە، بەڵام هیچ كام لەكارەكتەرە سیاسییەكانی عێراق، بەڕاستی نەیانزانیووە لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكاوە

**هیچ كام لەكارەكتەرە سیاسییەكانی عێراق بەڕاستی نەیانزانیوە لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەلایەن كەسانی دیكەوە كام لە دامەزراوەكان ڕێزیان لێدەگیرێت**

كام لەم دامەزراوانە ڕێزیان لێدەگیرێت لەلایەن كەسانی دیكەوە. كەواتە دۆخی عێراق ناجێگیرە، هەربۆیە كاتێك خەڵكی بۆیان دەردەكەوێت كە سەرۆك وەزیران چ دەسەڵاتێكی هەیە و چ دەسەڵاتێكی دەبێت لەئاییندەدا و هەرێمەكان لەئاست مەركەزدا چ دەسەڵاتێكیان دەبێت لەئاییندەدا و كێ كۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەكان دەكات، هەروەها كاتێك خەڵكی بۆیان دەردەكەوێت كە مالیكی چەند دەسەڵاتی كەڵەكەكردووە و ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و چۆن هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و هەرێمەكان چەند دەسەڵاتیان دەبێت. ئەوا بارودۆخەكە زیاتر ناسەقامگیر دەبێت.

*** هەروەك تۆ مەزندەی خۆت پیشاندایین واتە ئاڵۆزیی دۆخەكە، ڕەنگە دووبارە ئەم وڵاتە بەرەو توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ بیات، كە سوننەكانیش بەم دواییە لەپرۆسە سیاسییەكە كشانەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئاییندەی عێراق دەكەوێتە مەترسیەوە ئەگەر وڵاتەكە جارێكی دیكە بەرەو ناسەقامگیری بڕوات؟ بەتایبەتی كە حاڵی حازر عێراق بەتەنیایە؟**

- بۆچی دەڵێن سوننە كشاونەتەوە؟ چونكە ئەو گروپە كشاوەتەوە كە ئەیاد عەلاوی سەركردایەتی دەكات، ئەیاد عەللاویش شیعەیە، كەواتە ورد نییە بڵێیت سوننە كشاونەتەوە، سوننە نەكشاوەتەوە، بەڵكو تەنیا گروپێك كشاوەتەوە كە پشتیوانییەكی زۆری لەناو سوننەكاندا هەیە، كە بەهەمان شێوە پشتیوانیشی لەناو شیعەكانیشدا هەیە. كێشەی عێراق ئەوەیە هەمیشە خەڵكی لەپەیوەندیدا بەسوننە و شیعە و كوردەوە باس لەعێراق دەكەن، كە مەبەستیان لەشیعەی عەرەب و سوننەی عەرەب و كورد لەهەردوو مەزهەبەكەیە، (واتە كوردی سوننە و كوردی فەیلی كەشیعەن)، هەروەها كەباسی پرۆسە سیاسییەكە دەكەن، بەتایبەتی بەئامانجگرتنی تاریق ئەلهاشمی لەلایەن مالیكیەوە، وەك شیعە و سوننە باسی دەكەن. بەڵام ئەوەی باسی ناكەن ئەوەیە ئایا سەرۆك وەزیران چەند دەسەڵاتی هەیە، یاخود لایەنەكانی دیكە چەند دەسەڵاتیان هەیە. گرنگترین ڕووداوی عێراق ئەوەبوو كە دوێنێ ڕوویدا(مەبەستی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووە) كە بریتی بوو لەناكۆكی نێوان موقتەدا سەدر و گروپی «أهل الحق»، كەواتە ململانێیەكی زۆر لەنێوان گرویەكانی شیعەدا هەیە. ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕووبدات، ئەوا ئەوەندەی ئەگەری ئەوە هەیە لەنێوان شیعە و شیعە یان سوننە و سوننە ڕووبدات، هێندە ئەگەری ئەوەنییە لەنێوان شیعەو سوننە ڕووبدات، زۆربەی توندوتیژییەكان لە٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ەوە، توندوتیژی سوننە بوو دژ بە سوننە، كە ئەنجومەنەكانی سەحوە، ئەنجومەنە عەشائیریەكان شەڕی ئەلقاعیدەیان كرد لەعێراقدا، كەواتە توندوتیژی سوننە بوو دژی سوننە، كاتێك ئەلمالیكی سوپای نارد بۆ بەسرە لەپرۆسەی «صولە الفرسان» ئەوە توندوتیژی شیعە بوو دژی شیعە. زۆربەی توندوتیژیەكانی عێراق شەڕی سوننە دژی سوننە و شەڕی شیعە دژی شیعە بووە. بەڵام هەمیشە كە خەڵك باس لەعێراق دەكەن، باسی پەیوەندی بەشیعە و سوننەوە دەكەن، تەنانەت ئێوەش كەوتونەتە ناو ئەم تەڵەیەوە. ڕاستە گرژی لەنێوان شیعە و سوننەدا هەیە، بەڵام ئەمە پەیوەندیەكی كەمی بەپێغەمبەر محەممەد(ص) و ئەوەی لەساڵی ٦٠٠ی زایینیدا ڕوویدا هەیە. بەڵكو زیاتر پەیوەستە بەوەی كێ چ بەشێكی حكومەتی عێراق كۆنترۆڵ دەكات و چۆن دەسەڵاتەكان لەنێوان ئاستەكانی حكومەتدا دابەش كراون و كێ سەرچاوە سەرەكی و ستراتیژیەكانی داهات و دەسەڵات لەداهاتوودا كۆنترۆڵ دەكات. وەك داهاتی نەوت و ئەو پیشەسازیانەی حكومەت كە دەرفەتی كار و ئیمتیازیان تێدایە.

*** بەهۆی قەیرانی ئەم دواییەی تاریق هاشمی، پەیوەندی نێوان سوننە و شیعە ئاڵۆز بووە، بۆ نەمانی ئەم ئاڵۆزییە، چاودێران پێیان وایە دەبێت شیعە و سوننەكان پێكەوە كۆببنەوە بۆ ئەوەی دۆخەكە ئاسایی بكەنەوە، بەڵام لەئێستادا سەرۆك وەزیران گفتوگۆ ڕەتدەكاتەوە، پرسیارەكە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەمە دۆخەكە ئاڵۆزتر دەكات.**

- تۆ دەڵێیت دەبێت شیعە و سوننە گفتوگۆ بكەن، كاتێك باسی شیعە دەكەن مەبەستتان مالیكیە، كە سەرۆكی حزبێكە، حزبی دەعوە، ئەی ئەنجومەنی باڵا چی لێدەكەیت؟ ئەی ڕەوتی سەدر لەكوێی هاوكێشەكەدایە؟ ئەی ئەوانەی

**ململانێیەكی زۆر لەنێوان گرووپەكانی شیعەدا هەیە. ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕووبدات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە لەنێوان شیعە و شیعە یان سوننە و سوننە ڕووبدات**

لەسەدر جیابوونەتەوە؟ ئەی چی دەربارەی حزبی فەزیلە؟ ئەی ئەیاد عەللاوی كە بەهەمان شێوە شیعەیە؟ ئەی شەهرستانی؟ ئەی مەرجەعیەت، كە سیستانییە؟ هەموو ئەوانە شیعەن، كەواتە كاتێك دەڵێیت مالیكی ئەمەی كرد، ئەوا مالیكی سەركردەی شیعەكان نییە. هەمان شت دەربارەی سوننە، كاتێك دەڵێیت سوننە ئایا مەبەستت لەتاریق ئەلهاشمیە؟ ئایا مەبەستت لەساڵح موتڵەگە؟ ئایا باسی حارس ئەلزاری دەكەیت؟ ئایا باس لەئەنجومەنەكانی سەحوە دەكەیت؟ كەواتە كەسێك نییە نوێنەرایەتی هەموو شیعە یان هەموو سوننە بكات. كەواتە كاتێك دەڵێیت

دەبێت شیعە و سوننە گفتوگۆ بکەن، ئەوا شیعە و سوننە دوو گروپی یەکگرتوو نین، بەڵام دەبێت گفتوگۆ و سازش لەناو هەر یەکە لەسوننە و شیعەدا بکرێت، لەراستیدا قسە و باسێکی زۆر هەیە دەربارەی ئەوەی مالیکی تەنگ بەسەدرییەکان هەڵبچنێت، یاخود سەدرییەکان واز لەپشتیوانی مالیکی بهێنن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، سەدرییەکان خوازیاری جێگرتنەوەی مالیکین، کە سەرۆک وەزیران لەسەدرییەکان بێت، کەواتە هەوڵ بدەن نەکەونە تەڵەی باسکردنی عێراقەوە لەپێوەندیدا بەشیعە و سوننەوە. توندوتیژییەکی زۆر هەیە لەمێژووی عێراقدا، راپەڕینەکانی حەفتاکان و نەوەتەکان، هەروەها لەسییەکاندا راپەڕینی خێڵەکی روویدا، لە١٩٥٨ و ١٩٦٣ و ١٩٦٨ و بەدرێژایی حەفتاکان،

**رەنگە ئەمریکا بوونێکی گەورەی هەبێت لەعێراقدا، گەورەتر لەوەی لەهەر وڵاتێکی دیکەدا هەیەتی، بەڵام سیاسەتی ناوخۆ، سیاسەتی عێراق دیاری دەکات، نەک سیاسەتی نێودەوڵەتی**

کە هەرگیز توندوتیژییەکە لەنێویان شیعە و سوننەدا نەبووە، بەڵکو بەزۆری خێڵەکی بووە، لەنێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکاندا بووە، حزبی شیوعی دژی حکومڕانەکانی عێراق بوو، کە هەندێکیان بەعسی بوونە. کەواتە مەسەلەکە شیعە و سوننە نەبووە، دەبێت هەوڵبدەین لەدەرەوەی دابەشکردنی عێراق بەسەر دوو گروپ یان سێ گروپدا کە لەململانێی دەسەڵاتدان، دووربکەینەوە. کێشەکە لەدامەزراوەکاندایە، کە کەس نازانێت چ کاریگەرییەکیان دەبێت و چۆن بەرەوپێشدەچن.

بەپێی رێککەوتنی هەولێر بەڵێنی پێدانی پۆستێکی تایبەت بەئەیاد عەللاوی درابوو، کە دەسەڵاتێکی زۆری دەبوو بەسەر لایەنە ئەمنییەکاندا، بەڵام کە ئەو پۆستەی پێنەدرا، بەتێگەیشتنی من ئەوە هۆکاری کشانەوەی ئەوبوو. کەس نازانێت پەرلەمان چ کاریگەرییەکی دەبێت، کەس نازانێت کاتێک ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام دەدرێت ئایا هەڵبژاردنی ئازاد دەبن، واتە مەسەلەکە ئەوەیە چ دامەزراوەیەک بە بەهێزی دەمێنێتەوە و چ دامەزراوەیەک بەرەو سست بوون و لەناوچوون دەروات. لەم چوارچێوەیەدا کوردەکان بەشێک نین لەم قەیرانە، لەو رووەوە هەوڵی کشانەوە لەهیچ پرۆسەیەکی سیاسی نادەن، بەڵام کوردەکان بەشێکن لەعێراق و تێوەدەگلێن لەهەر ناکۆکی و ناهاوڕاییەک کە لەبەغدا سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە تاریق ئەلهاشمی چۆتە هەرێمی کوردستان و داوا دەکات کێشەکەی لەدادگایەکی کوردیدا بکرێت، لەبەر ئەوەی پێیوایە لەناوچە کوردییەکەدا دادوەرانە موحاکەمە دەکرێت، نەک لەبەغدا، کەواتە کوردەکان بەرەو ئەوە راکێشراون و مالیکیش لێدوانی تەمومژاوی دەدات، هەروەها کوردەکان ناتوانن خۆیان لەکاریگەری ئەوە بەدوور بگرن کە لەکەرکوک روودەدات، لەپێوەندیدا بەپرۆسەی چەقبەستووی کەرکوکەوە، لەپێوەندیدا بەئەنجامدانی راپرسییەوە، کەواتە کوردەکان بەتەواوەتی گرێدراون بەکێشە سیاسییەکەوە، لەپێوەندیدا بەگرێبەستەکانی نەوتەوە، پارەیەکی زۆر لەعێراقدا بەرهەم دەهێنرێت، بەهۆی نەوت و بەهۆی دەسەڵات لەبەغدادا، لەئێستاشدا هەر کۆمپانیایەک خوازیاری ئەوەیە نووسینگەی هەبێت لەکوردستاندا لەبەر ئەوەی سەقامگیرە، کەواتە کوردەکان گرێدراون بەمەسەلەکانەوە، گرنگ نییە لەعێراقدا چی روودەدات. هەروەها ململانێی نێوان ئێران و تورکیا بەشێوەیەکی روو لەزیاد لەکوردستاندا روودەدات، لەسەر شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی.

*** ئەمریکا لەعێراق کشاوەتەوە، بەڵام پشتیوانی حکومەتی عێراق دەکات، ئایا دەتوانێت لەرێی ئەم پشتیوانییەوە دەستێوەردان لەهەر قەیرانێکی سیاسییدا بکات کە روودەدات لەعێراقدا؟**

**لەماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵی رابردوودا، یەکەم هەواڵ کە پەیوەست بوو بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەبەیانیاندا کە سەرۆکی ئەمریکا دەیخوێندەوە، لەبارەی عێراقەوە بوو**

- هەوڵدەدەن و حکومەتی عێراقیش بۆ ماوەیەکی دووردرێژ پشت بەهاوکاری لۆجیستی ئەمریکی دەبەستێت، کەواتە فشار دەکەن، بەڵام ناتوانن ئەو فشارە لەسەر مالیکی بکەن کە پێش پێنج بۆ شەش ساڵ هەیانبوو. رەنگە ئەمریکا بوونێکی گەورەی هەبێت لەعێراقدا، گەورەتر لەوەی لەهەر وڵاتێکی دیکەدا هەیەتی، کەواتە وڵاتان بەشێوازی جیاواز فشاری لەسەر

**ئەوەی لەعێراقدا روودەدات دەستی عێراقییەکان خۆیانە و نە ئێران و نە ئەمریکا ناتوانن ئەوە دیاری بکەن کە لەعێراقدا روودەدات**

دروست دەکەن، تورکیا فشاری لەسەر دەکات، ئێران فشاری لەسەر دروست دەکات، ئەمریکاش فشاری بۆ دەبات و ئوردنیش فشاری بۆ دەبات، بەڵام ئەوەی لەکۆتاییدا بریاری لەسەر دەرێت، مالیکی دیاری دەکات و باوەڕ و متمانەی شەخسی خۆیەتی، لەگەڵ متمانەی حزبی دەعوە و ئەو کەسانەی لێوەی نزیکن، سیاسەتی ناوخۆ، سیاسەتی عێراق دیاری دەکات، نەک سیاسەتی نێودەوڵەتی. بۆ ماوەیەکی زۆر عێراقییەکان ئۆباڵی رووداوەکانی عێراقیان-وەک توندوتیژی و گفتوگۆ سیاسییە ئاڵۆزەکانیان- دەخستە ئەستۆی ئەمریکا، یان سعودیە یاخود ئێران. کەواتە ئێستا لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر سیاسەتی عێراقی ئەوە دیاری دەکات کە چی لەعێراقدا روودەدات.

*** بەڵام ئایا ناسەقامگیری عێراق هەمیشە کاریگەری نابێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و سەقامگیری ناوچەکە؟**

- ئێستا ئەمریکا بەرژەوەندی دیکەی هەیە لەناوچەکەدا. ئەوەی ئەمریکا خوازیار بوو لەناوچەکەدا ببینێت کاتێک عێراقی داگیر کرد، ئێستا جیاوازە. راپەڕینی عەرەب یان ئەوەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی گەمەکە دەگۆڕێت. چیتر ئەمریکا بیر لەعێراق ناکاتەوە. ئەوەی ئێستا ئەمریکا بایەخی پێدەدات ئەوەیە

که لەسعودیە ڕوودەدات، ئەگەر ناکۆکی لەپارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیە زیاتر بێت و مەملەکەتەکە ڕووبەڕووی هەڕەشە ببێتەوە، زیاتر بایەخ بەسەقامگیری ئەردەن و میسر دەدات و کاریگەری ئەوە لەسەر پرسی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، کەواتە چیتر عێراق لەسەر شاشەی ڕاداری ئەمریکا نییە. لەماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵی ڕابردوودا، یەکەم هەواڵ کە پەیوەست بوو بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و لەبەیانیاندا کە سەرۆکی ئەمریکا دەیخوێندەوە، لەبارەی عێراقەوە بوو. بەڵام ڕەنگە ئێستا ئۆباما لەبەیانیاندا یەکەم هەواڵ کە دەیخوێنێتەوە لەپێوەندیدا بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لەبارەی سعودیە، میسر و سوریا، لیبیاوە بێت، تەنیا دوای ئەوە باس لەوە دەکرێت زۆر جیاوازە لەئێران. ئەمریکا سەد هەزار سەرباز و بەڵێندەری هەبوو لەعێراقدا و بەشێکی گەورەی بودجەی سوپای عێراق و بودجەی حکومەتی دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی وا لەحکومەت و خەڵکی عێراق بکات ئەو کارە بکەن کە ئەو دەیویست. ئێران سەرچاوەیەکی کەمی

**عێراق وەك یەك دەوڵەت دەمێنێتەوە. ڕەنگە بونیادێکی فیدراڵی هەبێت و سەربەخۆییەکی ئەمری واقیع بۆ بەشێکی عێراق هەبێت بەچەشنی ئەوەی کوردەکان لەساڵانی نەوەتەکانەوە هەیانە**

لەعێراقدا ڕوودەدات.

*** تا چ ڕادەیەك ئەگەری دابەشبوونی عێراق هەیە بۆ چەند دەوڵەتێك، واتە بەسەر کورد و شیعە و سوننەکاندا، هەروەك باس دەکرێت؟**

- عێراق دابەش نابێت، بەدەگمەن وڵاتان دابەش دەبن، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمە دەگمەنترە، هەروەها سابقەیەکیش نییە، لەمێژووی عێراقدا زەمەنێك نەبووە کە ناوچەی شیعە و ناوچەی سوننە هەبووبێت. سنوورەکانی عێراق و ئەوەی ئێمە ئێستا وەك عێراق دەیبینین دەگەڕێتەوە بۆ پێش داگیرکاری بەریتانییەکان. لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی پێیوایە عێراق چەند وڵاتێك بووە و لەلایەن بەریتانییەکانەوە لێکدراوە ڕاست نییە. کەواتە عێراق وەك



داڤید پاتێل لای مەرجەعی شیعە لە نەجەف

چی لەعێراقدا ڕوودەدات. ڕەنگە ئێران گرنگتر بێت بۆ ئەمریکا لەوەی لەعێراقدا ڕوودەدا. کەواتە لەبەر چەند هۆکارێك ئەمریکا بەچەشنی ڕابردوو بایەخ بەعێراق نادات و لەداهاتوویەکی نزیکیشدا ئەم بایەخە نابینین.

*** تا چ ڕادەیەك ئەم هەڵوێستە و بارودۆخی وڵاتەکە عێراق دەکاتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ و دەستێوەردانی دەرەکی، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ئێرانەوە؟**

- هەرگیز عێراق لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، عێراق زۆر گەورەیە و هەیە و ئەو کاریگەرییەی نابێت کە خەڵکی پێیانوایە هەیەتی لەعێراقدا، تەنیا هەندێ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە، بەڵام مالیکی ئامرازی دەستی ئێران نییە، هیچ سیاسییەکی گەورەی عێراق ئامرازی دەستی ئێران نییە، هەندێکیان نزیکن لەئێرانەوە و پێوەندی باشیان هەیە لەگەڵیدا، بەڵام کەسیان ئێران نایانجوولێنێت، کەواتە ئێران کاریگەری هەیە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات دەستی عێراقییەکان خۆیانە و نە ئێران و نە ئەمریکا ناتوانن ئەوە دیاری بکەن کە یەك دەوڵەت دەمێنێتەوە، ڕەنگە بەڕادەی خوازراو یەکگرتوو نەبێت، ڕەنگە بونیادێکی فیدراڵی هەبێت، ڕەنگە سەربەخۆییەکی ئەمری واقیع هەبێت بۆ بەشێکی عێراق، بەچەشنی ئەوەی کوردەکان لەساڵانی نەوەتەکانەوە هەیانە. بەڵام عێراق دابەش نابێت بۆ چەند دەوڵەتێك، ئەمە زەحمەتە بۆ عێراق و زۆر زەحمەتیشە بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق. هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق نایەوێت عێراق دابەش بێت و عێراقیشەکانیش، جگە لەکوردەکان، هیچ لایەنێك نایەوێت عێراق دابەش بێت.

# ئەمەریکا لە سیاسەتەکانی مالیکی نیگەرانە کەچی پڕچەکیشی دەکات!


د. کاوە شێروانی

حکومەت و سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا بەم دواییانە لە چەندین بۆنەدا ئەوەیان رایانگەیاندووە کە لەبەرامبەر سیاسەتە تاکڕەویەکانی (نوری مالیکی)ی سەرۆك وەزیرانی عیراقدا نیگەرانن، کەچی لە هەمان کاتیشدا بۆندێکیان بە بڕی نزیکەی (١١ ملیار دۆلار) بۆ فرۆشتنی چەك لەگەڵدا مۆرکردووە. ئەم بۆندە جگە لە چەندین فڕۆکەی جەنگی و تانك و زرێپۆش وچەکی هەمەجۆری پێشکەوتوو، مەشق و راهێنانی سوپای عیراقیش لەخۆدەگرێت.ئیدارەکەی (ئۆباما) جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەم چەکانە بە حکومەتی عیراق دەفرۆشێت تا بتوانێت سنورەکانی خۆی بپارێزێت و سوپاکەشی پێ بنیادبنێتەوە، ئەو سوپایەی پێش جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ یەکێك بوو لە گەورەترین سوپاکانی ناوچەکەو جیهان و پاش جەنگی ٢٠٠٣ ش ئەم سوپایە هەڵوەشایەوە و نەما. لە راپۆرتێکی (مایکل سکمیت و ئیریك سکمیت ) لە رۆژنامەی (نیوۆرك تایمز)یش لە ٢٠١١/١٢/٢٩ هاتووە، کە ئەگەرچی (نوری مالیکی) پابەند نەبووە بەو رێکەوتنەی کە نابێت سوننەکان پەراوێزبخات و نابێت سوپا بکات بە سوپایەکی مەزهەبی، کەچی فرۆشتنی چەك بە حکومەتی عیراق هەر بەردەوامە. راپۆرتەکە دەڵێت لە کاتێکدا ئەمەریکا دەخوازێت سوپای عیراقی بەهێز بکات و سنورێك بۆ کاریگەری ئێران لە عیراق دابنێت، لە هەمان کاتیشدا ترسی ئەوەی هەیە ئەم چەکانە بە مەبەستێکی پێچەوانە بەکاربهێنرێن و حکومەتی مالیکی زیاتر لە ئێرانی شیعە مەزهەب نزیك ببێتەوە نەك لە ئەمەریکا. لێکۆڵەرانی سیاسی و شارەزایانی کاروباری عیراق، پێیان وایە هیچ گەرەنتی و رێگرییەك نییە لەبەردەم نوری مالیکی سەرۆك وەزیراندا بۆ ئەوەی ئەم چەکانە لە نێوخۆدا دژ بە سوننە و کورد بەکارنەهێنێت، لەمەش خراپتر گەرەنتی ئەوەش نییە مالیکی ئەم چەکانە لە پشتیوانیکردنی ئێران دژ بە خودی ئەمەریکا بەکارنەهێنێت، هەروەك چۆن دەشێ فڕۆکەی ( 16F ) و تانکی (ئەبرامز 1M و 1A ) و ئوتومبێل و زرێپۆشە جەنگیەکان و گوللە و رۆکێتەکانی ئەمەریکا لە دژی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆش بەکاربهێنرێن.

سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا، لەناویشیاندا باڵیۆز (جەیمس جێفری ) نیگەرانی و ترسی خۆیان لە پەیوەندی سەربازیی نێوان وڵاتەکەیان و عیراق نەشاردۆتەوە، هەندێکیان پێیان وایە کە ئەم پەیوەندییە ئەنجامی خراپی دەبێت و بۆ ئیدارەی ئۆباماش باش نابێ. هەروەها ترسی ئەوەشیان هەیە کە دوورنییە سیاسەتی تاکڕەوانەی مالیکی، عیراق بەرەو جەنگێکی نێوخۆیی ببات. ( کینیس پۆلاك ) ی شارەزا لە بواری کاروباری ئاسایشی نیشتمانی لە دەزگای ( برکلین ) لە واشنتۆن پێی وایە کە ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە زۆر مەترسیدار دەبێ . سەرەڕای ئەوەی کە سیاسەتمەدارانی نێو هەردوو حکومەتی ئەمەریکایی و عیراقی خەڵك دڵنیا دەکەنەوە کە سوپای عیراقی سوپایێکی مەزهەبی نییە، بەڵام ئاماژەکان دەریدەخەن کە سوپای عیراقی بەرەو ئەوە دەچێت



ببێت بە سوپای تاکە مەزهەب و زیاتر بە ئاراستەی ئەوە ڕێدەکات کە سوننە و کوردان پەراوێز بخات نەك سەروەری عیراق بپارێزێت. چەندین جار ئاڵای شیعەکان بەسەر ئوتۆمۆبێل و تانك و زرێپۆشەکانی سوپای عیراق بینراوە نەك ئاڵای نیشتمانیی عیراقی.

لەگەڵ کشانەوەی بەر لە چەند ڕۆژێکی هێزەکانی ئەمەریکا و فرۆشتنی ئەم چەکانە بە عیراق، دەسبەجێ نیگەرانیی بەرامبەر بە سیاسەتە تاکڕەوییەکانی مالیکی دەستی پێکرد، لە ئەرزی واقیعیشدا مالیکی دەستی بە دژایەتیکردنی سوننەکان کردووە و سەدان کۆنە ئەندامی حیزبی بەعسی بە تۆمەتی پلاندانان بۆ کۆدێتای سەربازی دەستگیر کردووە و هەوڵی دەستگیرکردنی (تاریق هاشمی ) ی سوننە مەزهەب و جێگری سەرۆك کۆماری داوە و هەڕەشەی ئەوەش لە سیاستمەدارانی سوننە دەکات کە چەندین نهێنی و زانیاریی لەسەریان کۆکردۆتەوە و بڵاویاندەکاتەوە. هەموو ئەم هەڵوێست و کردەوانە، وڵاتیان دووچاری قەیرانێکی سیاسیی سەخت کردووە، لە هەموویشی ترسناکتر ئەوەیە بەم دواییانە مالیکی هەڕەشە لە پارێزگا سوننە نشینەکان دەکات کە ئەگەر بێ و داوای فیدراڵی بکەن ئەوا عیراق غەرقی خوێن دەکەن . ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە ماوەی حکومڕانیی خۆیدا، مالیکی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی یەکلانەکردتەوە و هەوڵیشی نەداوە هەنگاوی ڕشت بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بهاوێت.


لە کاتێکدا کە هەموو ئەم نیگەرانی و ترس و ئاماژانە لە ئارادان، کەچی (پێنتاگۆن) ڕایدەگەێنێت کە ئەمەریکا ئەم چەکانەی بە مەرج بە عیراق فرۆشتووە و دواتریش چاودێریی عیراق دەکات بۆ ئەوەی بزانن ئەم چەکانە لە شوێن و کاتی خۆیاندا بەکاردەهێنن. ڕاستییەکەی پێدەچێت کێشە ئابووری و دارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فاکتەری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا ناچار بێت ئەم ڕێکەوتنە سەربازییە لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکیدا مۆر بکات.

( کینیس پۆلاك ) ی شارەزا لە بواری کاروباری ئاسایشی نیشتمانی پێی وایە مالیکی ئەم چەکانەی هەر دەکڕێ، ئەگەر ئەمەریکاش پێی نەفرۆشتبا ئەوا لە لایەکی تری دەکڕی. ئەم بۆچوونەی (کینیس پۆلاك) لەوانەیە ڕاست بێت، چونکە ئەگەر ئەمەریکا چەك بە حکومەتی عیراقی نەفرۆشێت ئەوا لایەنی تر زۆرن کە ئامادەن چەکی پێبفرۆشن. وڵاتانی بەرهەمهێنی چەك وەکو ڕوسیا و ئۆکراینا و چین و فەرەنسا و بەریتانیا بە خۆشحاڵییەوە چەك بە وڵاتێك دەفرۆشن کە لە ڕووی یەدەکی نەوت و گازەوە لەسەر ئاستی جیهان بە دووەم یان سێیەم وڵات ئەژمار دەکرێت . کێشەی ئەمەریکا و وڵاتانی تری بەرهەمهێنی چەك ئەوەیە لە ئاست بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، مێژوو و واقیعی وڵاتان و نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان پشتگوێ دەخەن و هیچ حیسابێکیان بۆ ناکەن، کاتێکیش پەیوەندیی سەربازی و بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی وەکو عیراقدا دەبەستن لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدەنەوە و ڕابردوو لەیاددەکەن، وڵاتانی چەکفرۆش سەرباری ئەوەی زۆر حیساب بۆ کێشە سەختەکانی نێوان سونە و شیعە، کورد و عەرەب ناکەن، وەکو ئاینەکانی کریستیانی و بۆدایزمیش خوێندنەوە بۆ ئیسلام دەکەن.

لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەمریکا لە عیراقدا ڕێگە بە دەوڵەتێکی مەزهەبی نادات و مەحاڵە بهێڵێت نوری مالیکی حکومەتێکی تاکڕەوانەی شیعەمەزهەب لەسەر شێوەی حکومەتی ئێران پێکبێنێت، بەڵام لە فرۆشتنی ئەم چەکانە لەم ئانوساتەدا بە عیراق پێدەچێت ئەمریکا ئەو ڕاستییەی لەیاد کردبێت کە ئەو بۆ ئازادکردنی عیراق و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی هاتبووە عیراق نەك بۆ سەرلەنوێ گرتنەبەری سیاسەتەکانی (هێنری کیسنگەر) لە پڕچەککردنی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین تا دژ بەیەك بجەنگن و ئەمەریکاش لەسەر حسابی چارەنووسی میللەتان، بازاڕێکی گەرم بۆ فرۆشتنی چەك و ماشێنە جەنگییەکانی فەراهەم بکات.

**لێکۆڵەرانی سیاسی و شارەزایانی کاروباری عیراق، پێیان وایە هیچ گەرەنتی و ڕێگرییەك نییە لەبەردەم نوری مالیکی سەرۆك وەزیراندا بۆ ئەوەی ئەم چەکانە لە نێوخۆدا دژ بە سوننە و کورد بەکارنەهێنێت**

**سوپای عیراقی بەرەو ئەوە دەچێت ببێت بە سوپای تاکە مەزهەب و زیاتر بە ئاراستەی ئەوە ڕێدەکات کە سوننە و کوردان پەراوێز بخات**



ڕەندا قەسیس (ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی

# هەتا هەموو مافە زەوتکراوەکان بۆ گەلی کورد نەگەڕێتەوە، ناتوانین دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە سوریا دابمەزرێنین

## لەو بڕوایەدا نیم توندڕۆکان و ئیسلامییەکان بتوانن حوکمی ڕەهای خۆیان بچەسپێنن

**گوڵان:** بارودۆخی سووریا بە قۆناغێکی خوێناویدا تێدەپەڕێت، هەموو پێشـــبینی کردنەکانی چاودێران و سیاســـەتمەداران لە خاڵێکدا کۆدەبنـــەوە ئەویش بریتیە لە بەرپابوونـــی جەنگێکی ناوخـــۆ لە نێوان گەلی ســـوورياو ســـەرانی ڕژێمەکەدا، چۆن تەماشای ئەم قۆناغی هەستیارەی ســـووریا دەکەیت، بۆ دەرچوون لەم قەیرانە سامناکە، چ دەریچەیەك دەبینیت؟؟!

**ڕەنـــدا قەســـیس:** بێگومان؛ ئێســـتا کۆمەڵێك سیناریۆی پێشبینیکراو سەبارەت بە بارودۆخی سووریا لە ئارادا هەن، هیچ کام لەو سیناریۆیانە لە قووڵایی ڕەهەندە جیۆسیاســـییەکانی ســـووریاوە بـــە دوور نیـــن، گومانیش لەوەدا نییە کە ئێســـتا ڕژێمی ســـووریا لە هەوڵدایـــە تا کارتی تایەفەگەریتی بەکاربهێنێت و بیوروژێنێت لە پێناوی پاراستن و مانەوەیدا، شەڕەکەی ئێســـتای بە پاڵپشـــتی کاریگەرییەکی لاوازی ئەجندەی دەرەکییەوەیە، شـــەڕی مانەوەو بەردەوامیدانە بە خۆی، من زیاتر مەیلدارم بە ئەگەرو پێشبینی دۆزینەوەی دەریچەیەکی ئارام لەو کاتەیدا کە بەشکم ئـــێ ئەمە خوایە ڕژێـــم درك بەوە بکات کەهەمـــوو دەرفەتەکانـــی مانـــەوەی لە حوکمدا بەدەستەوە نەماوە، لێرەوە وا دەزانم بەرزکردنەوەی خیتاب و بە نێودەوڵەتیکردنی دۆسیەی سووریا، هاریکارە بۆ هەڵهێنانی چەند هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لەبەرانبەر ئەو ڕژێمەدا کە بە تەوســـەوە گرەو لەسەر لاوازی ئیـــرادەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە بۆ لـــە حوکم لادانی، هەموومـــان ئارەزووی ئەوەمانە کە بارودۆخەکە بەرەو سیناریۆیەك بچێت کە کەمترین تێچوونی هەبێت لەسەر گەلی سووریا، ڕەنگە چارەسەر هەر لەناو خودی ڕژێمەکەوە بە لەبەریەکهەڵوەشانی ڕیزەکانی ناوخـــودی ڕژێمەکەوە بێت، بە بڕوای من ئەمەش ناگاتە هیچ ئەنجامێك تا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕوونبینیان نەبێت بەرانبەر ئەو ڕێگە چارەیەی کە داخوازییە بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی دۆسیەی سوورياییی لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە..

**گوڵان:** ڕژێمی ئەســـەد گەیشـــتۆتە خاڵێك کـــە گەڕانەوەی تێـــدا نابینرێت، واتا ئێســـتا ناکرێت باس لـــە ڕیفۆرمی ڕژێمەکەو مانـــەوەی بکرێت، تەنیا ڕێگە بۆ ڕزگارکردنی گەلی سووریا ڕۆیشتنی

**(ڕەندا قەســـیس) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنـــی عارەبی بۆ دەربڕینی ئازادی بیروڕا کە بارەگاکەی لە پاریسە، ئێستاش سەرۆکی دەزگای گشتی هاوبەندی سیکۆلاریزمی دیموکراتییەتی سووریایەو هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئۆپۆزســـیۆنە و لە نووســـینگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی ئۆپۆزســـیۆن لە پاریس کار دەکات. بۆ خۆشی تایبەتمەندە لەبواری ئەنترۆپۆلۆژی و هونەرمەندی شێوەکاریشە**

**لـــەم دیمانەیەی گوڵاندا خاتوو ڕەندا وێـــڕای داکۆکی کردنی لە مافە ڕەواکانی گەلـــی کورد کە وەك نەتەوەیەك لە ســـووریادا بە درێژایـــی حوکمی داگیرکاری و حوکمی ئەسەد لە ژێر هەڕەشەی سڕینەوەدا بوون، ئومێدی بەوەیە کە ئەو کەلتووری**

## سوریا) بۆ گوڵان :



ئەم ڕژێمەی ئێستایە، ئەوەش پێویستی بە پشـــتگیریکردنی نێودەوڵەتی و عارەبی و هەرێمایەتی هەیە تا ببنە پاڵپشتی گەلی ســـووریایی، بەڵام تا ئێســـتا پشتگیری دەرەکـــی لـــە ئاســـتی پێویســـتدا نییە، پێشبینییەکانی خۆت بۆ ئەم دۆخە تاریکە چییە؟

**ڕەندا قەســـیس:** لەو بڕوایەدام شەقامی ســـووریی بە هیچ شتێك قایل نابێت تەنیا ڕۆیشـــتن یان دادگایی کردنی بەشـــار ئەســـەد نەبێت، بە تایبەتـــی دوای ئەو ژمارە بێ شـــومارەی کوژراوو بریندارانی سەر شـــەقامەکان ئەمە جگە لەو هەزاران گیراوانەی لە زیندانەکاندا لە ژێر زەبری ئەشـــکەنجەو ئـــازاردا دەنگیـــان دەگاتە کەشـــکەلانی ئاســـمان، بۆیە پێویســـتە ئۆپۆزســـیۆن ریزەکانی خۆیان ڕێك وپێك بکـــەن و هـــاوڕای ئـــەو داخوازییانەی شـــەقامەکەی ســـووریا بن، ڕاســـتە تا ئێستاش زۆر شت بۆ هاندانی ئەنجوومەنی ئاســـایش وەدینەهاتووە تـــا بڕیاری توند بەرانبـــەر ســـووریا دەربچوێنرێـــت، لەو بڕوایەشدام بە گشـــتی پێوەندی لە نێوان خەڵکیدا بەستراوەتەوە بە هاریکاری کردنی یەکترییەوە، ئەنجامەکان بۆ گەیشـــتن بە بەرژەوەندی بـــاڵاو هاوبەش بە هاریکاری یەکتری وەدیدێت، بۆیە پێویستە میکانیزم و پاڵنەرەکان دیـــاری بکەین و پێکەوە بۆ دروســـت کردنی ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی هەنگاوەکان گورج بکەینەوە تا هاوکارمان بێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی گۆڕانکاری لە سووریا.

**گوڵان:** باشـــە بۆچی ئۆپۆزســـیۆنی ســـووریا لـــە دەرەوە کاریگەریی کەمی هەیە لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی، بۆچی ناتوانێت ڕیزەکانـــی ناوخۆ یەکبخات، تا ئێســـتاش هەمووانی لەژێرچەترێکدا پێ کۆنەکراوەتەوە، بە نموونە کورد لە سووریا یەکێکـــە لە پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە کە تا ئێســـتا لەدەرەوەی بنمیچی ئۆپۆزسیۆنە، بەم حاڵەتی پەرت بـــوون و لێکدابڕانەی ئۆپۆزســـیۆنەوە چـــۆن ڕژێمێکـــی سەرکوتکاری وەك ئەسەد دەڕووخێنن؟

**ڕەندا قەسیس:** تا ئێستا موعاناتمان هەیە لە بارەی کەڵچەری بۆماوەیی ئیقصائیی کەلە ناو زۆربەی توێژو تاکەکانی کۆمەڵدا هەن و لە زۆرینەی خەڵکی

**سڕینەوەیەی بەرانبەرو هەروەها فەرمانڕەوایەتیە تۆتالیتارییەی سووریا تێك دەشکێت، بـــۆ داهاتوو ڕژێمێك لەو وڵاتەدا نامێنێ کە ڕێگا نادات مرۆڤ پەیوەســـت بێت بە کەلتوورو زمان و مێژووی ڕەســـەنی خۆیەوە، بە ڕای بەڕێزیان ئیخوانەکانیش ناچارن لە پێناوی بەشداربوونیان لە گەمەی سیاسی و جڵەوگرتنی چمکێکی حوکم ڕیفۆرم لـــە ناو هەناوی خۆیاندا بکەن تا ئەوی تر نەســـڕنەوە، گـــەر وا دەربچێت کەواتە لە داهاتووی سووریادا ڕێگە بە هیچ هێزێك و تەوژمێك نادرێت بە تەنیا خۆی جڵەوی هەموو حوکمی لەدەســـتدا بێت، وەك چۆن ئێســـتا ئەم حوکمە تاکڕەوو تۆتالیتارەی بەشارئەسەدە کە ئەو وڵاتەی بەم دۆخە نالەبارە گەیاندووە..**
**ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

**ڕژێمی سووریا لە هەوڵدایە تا کارتی تایەفەگەرێتی بەکاربهێنێت لە پێناوی پاراستن و مانەوەیدا، شەڕەکەی ئێستای بە پاڵپشتی کاریگەرییەکی لاوازی ئەجندەی دەرەکییەوەیە**

دابڕاون، پێویستمان بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سووریایە بۆ وەدیهاتنی هەر گۆڕانکارییەک،چ بۆ داهاتووی نزیك بێت لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی سووریا بێت، یان داهاتوویەکی دوور بە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون کە تێیدا تاکەکان هەموویان بە جیاوازی ئیتنی و مەزهەب و ئایین و ڕەگەزەوە وەك یەك یەکسان بن، ئەمەش ناهێنرێتە دی تا بە تەواوی دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورددا نەنرێت، وەك چۆن ڕەوایە بۆ هەموو گەلانی تریش، ئینتیما بۆ نیشتمان هەستێکی ئارەزوومەندانەیە، لە لایەن ئەو کەسانەوە دەرسکێت کە نیشتمان لە توانایدا بێت دان بە ماف و ئاواتەکانیان بنێت و وەك یەك خانە لە ئامێزیان بگرێت، بەو شێوەیە (من)ەکان لە چوارچێوەی گرووپێك دەکرێن و هەر منێك تایبەتمەندی خۆی لە گرووپەکەدا پارێزراو دەبێت، پێویستە واز بهێنین لەوەی یەك دەموچاو بۆ هەموو تاکەکان و گرووپەکە دیاری بکرێت..

**گوڵان:** هەندێك لە چاودێران و پسپۆران و شرۆڤەکارانی سیاسی دەڵێن بەهاری عارەبی دەبێتە زستانی ئیسلامی، پێشبینییەکانیان بۆ دۆسیەی سووریا

**بۆ وەدیهاتنی هەر گۆڕانکارییەك پێویستمان بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سووریایە، چ بۆ داهاتووی نزیك بێت لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی سووریا، یان داهاتوویەکی دوور بە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون**

لەوەدایە کە ئەلتەرناتیڤی ڕژێمی ئەسەد دەکەوێتە بازنەی ئیخوانەکان و تەوژمە ئیسلامەویەکانەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئیسلامەوییەکان دەتوانن سووریا بۆ وڵاتێکی دیموکراتی و فرەیی بگۆڕن یان تەنیا دەموچاوەکان دەگۆڕدرێن و هیچی تر نا؟

**ڕەندا قەسیس:** کەمایەتییە ئاینی و ئەتنیکیەکانی سووریا ٪٣٥تا٪٤٠ی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن، زۆربەیان مەیلدارن بەلای ئەو عیلمانیەتەی کە یەکسانی بۆ هەمووان زامن دەکات، جگە لە عیلمانییە سوونەکانیش کە ٪١٥ی دانیشتووان پێکدەهێنن، بۆیە لەو بڕوایەدا نیم توندڕۆکان و ئیسلامییەکان بتوانن حوکمی ڕەهای خۆیان بچەسپێنن، جارێك پێویستە هەمووان بە قۆناغی ڕووخاندنی حوکمێکی تۆتالیتاری تێپەڕن کە دەروازە ئاوەڵادەکات بۆ بواری بەرفراوانتر تا لە

**لە سووریا دەوڵەتی هاووڵاتیبوون ناهێنرێتە دی تا بە تەواوی دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورددا نەنرێت**

دژی هەموو ستەمکاری و جیاکارییەك بجەنگین بە هەموو شێوەو ڕووخسارە دەمامکدارەکانییەوە، بۆیە دەتوانرێت مۆدێلێکی کەلتووری نەرم دروست بکرێت لە میانەیەوە هەموو ڕەفتارەکانی تاك و کۆ بەرەو هەمەیی بیرو ڕای جیاواز بگۆڕدرێت و بەهۆی بەرنامەڕێژی سیاسی و کەلتووری بۆ هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە عارەبییەکان، کەلتووری ناوازەی مۆزائیکیەت بچەسپێنرێت ..

**گوڵان:** بە پێی نووسین و بابەتەکانت بێت؛ بەڕێزتان چالاکوانێکی سیکۆلاریزمن، ئێوەش لە هەوڵی ئەوەدان سووریا بەرەو وڵاتێکی فرەیی عەلمانی بەرن، بەڵام بەرنامەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریی هەر لە ئێستاوە کێشەی کوردی ئەو وڵاتەی وەلاناوەو تێکی دەشکێنێت، جگە لە تێڕوانینی بورهان غەلیونی ڕۆشنبیر نەبێت کە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی

**بەرزکردنەوەی خیتاب و بە نێودەوڵەتیکردنی دۆسیەی سووریا هاریکارە بۆ هەڵهێنانی چەند هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لەبەرانبەر ئەو ڕژێمەدا کە گرەو لەسەر لاوازی ئیرادەی نێودەوڵەتی دەکات بۆ لادانی لەسەر حوکم**

سووریایەو سیکۆلاریزمە وەکو تۆ، زۆربەی زۆری پێکهاتەکانی تری ئۆپۆزسیۆن ئیسلامەوییەکانن، چۆن ئەوانە دەتوانن لە ڕێی تەوژم و پارتەکانیانەوە دیموکراتییەت دابمەزرێنن؟

**ڕەندا قەسیس:** گەلێك بە چەسپێنراوی بڕوام بە مافی ڕەوای گەلی کوردی سووریاو مافی هەموو گرووپ و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە، لەو بڕوایەشدانیم بتوانین دەوڵەتێکی هاوچەرخی مرۆڤدۆست لە سووریا بە خۆوە ببینین بێ ئەوەی دادپەروەرانە هەموو مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد نەگەڕێنینەوە، ڕاستە هێشتا جەنگی تر لە پێشدان، جەنگ لە دژی کەلەپوورێکی تەقلیدی و سەرەتایی کە هەمیشە فێرکراوە بەرانبەرەکەی ڕەتبکاتەوەو لەناوی بەرێت، ئەمە کەلەپوورێکی شپرزەیەو کاردانەوەی توندی بەرانبەر هەموو شتێکی جیاواز لە خۆی هەیە، بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە کەسانێك هەن لە سووریادا ئامادەن تەواوی مافەکانی گەلی کورد وەدیبێنن تەنانەت لە ناو ئیخوانەکانیشدا هەن و ناچارن خۆیان ڕابێنن لەگەڵ ئەوی بەرانبەر تا دەرفەتی بەشداری و هاوبەشیکردنیان لە

**کەسانێك هەن لە سووریادا ئامادەن تەواوی مافەکانی گەلی کورد وەدیبێنن تەنانەت لە ناو ئیخوانەکانیشدا هەن و ناچارن خۆیان ڕابێنن لەگەڵ ئەوی بەرانبەر تا دەرفەتی بەشداری و هاوبەشیکردنیان لە ناو حوکمدا لێ تێك نەچێت**

ناو حوكمدا لێ تێك نەچێت، بە بەڵگەش ئەو خاڵە ئەرێيانە بوو كە لە ناو بەيانی خيتامی ئەنجوومەنی نيشتمانی دانراون، كەتێيدا بڕيـــار دراوە دان بە مافەكانی گەلی كــوردو هەمــوو ئەوانەشـــی كە مافيان پێشێلكراوە لەو وڵاتەدا بنرێن..

**گوڵان:** چی بەوانە دەڵێيت كە تەوژمە ئيســلامەوييەكانی عارەبی دەچوێنن بە پارتی دادو گەشـــەپێدان لـــە توركيا، چ خاڵێكی هاوبەش لـــە نێوان ئەم دوو مۆديلە بەدی دەكەيت؟

**ڕەندا قەسيس:** بەراوردكاری لە نێوانيان ڕاســت دەرناچێــت، چونكــە تەوژمە ئيســلاميیەكانی وڵاتانـــی عارەبی بە هەمان ئـــەو دۆخ و پێدراوو كارتێكەرانە تێنەپەريون كە پارتی دادو گەشە پێدان لە توركيـــا پيێی تێپەريـــوە، بارودۆخی دەوروبەری توركيا چنراوە بە چەسپاندنی تۆڕێكی عەلمانـــی بوونەوە، ئەوەش بۆ ماوەو زەمەنێكی دوورو درێژ كاری كردووە، كە بە پێی ڕۆژگار پارتە ئيسلاميەكانی نەرم كردۆتەوەو لە پێناوی گەيشتنيان بە

**تەوژمە ئيسلاميیەكانی وڵاتانی عارەبی بە هەمان ئەو دۆخ و پێدراوو كارتێكەرانە تێنەپەريون كە پارتی دادو گەشە پێدان لە توركيا پيێی تێپەريوە**

فەرمانڕەوايی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات و مانـــەوە تێيدا مروونەتيان نواندووە، بەڵام تا ئێســـتا لە كۆمەڵگە عارەبيەكاندا بەو چاوەوە لە ئيسلامی سياسی دەڕوانرێت وەك ئەوەی چارەســـەرێ بێت بۆ هەمـوو دەردە دەروونی و كۆمەڵايەتی و سياسی و كەلتوورييەكانيـــان، بۆيـــە ڕەنگە لە داهاتـــوودا ئـــەم پارتە ئيســـلاميانەی وڵاتانی عارەبيـــش لە پێناوی مانەوەی خۆيـــان بۆ بەشـــداربوونيان لە گەمەی سياسی و لە بەرانبەر قبوڵكردنی ئەوی بەرانبەر ناچارن نەرم بن، دنيا هەمووی بەو وەرچەرخانـــەدا تێدەپەڕێت كە بەرەو

مرونــەت بگۆڕدرێت، ڕيتمی مروونەت بەسەر هەموو جيهاندا ڕەنگی داوەتەوە، تەوژمە ئيسلاميیەكانيش ناچار دەكات لە ناو خۆياندا ڕيفۆرم سازبدەن..

**گـــوڵان:** كەواتـــە بـــە ڕای تۆ ئەم بەهاری عارەبييە چ داهاتوويەكی دەبێت بە تايبەتی بۆ گەلی سووريا؟

**ڕەنـــدا قەســـيس:** بەهـــاری عارەبی هەر چوار وەرزەكەی ســـاڵ دەژيێنێتەوە، پرۆســـەی گۆڕانكاری كاتێك دەستی پێكرد كە گەيشـــتينە كاتژمێری سفرو گەلان لە بەرانبەر ستەمكاران ڕاپەرين، بەمەشەوە ناوەستێت بەڵكو درێژەدەكێشێت بۆ شۆڕشـــێكی فكری و كەلتووری باو لە نارێكی و شـــێواوييە زەينييەكانی و تابۆ هەمەچەشنەكانی ئەم كەلتوورە پاك دەكاتەوە، قۆناغی داهاتوومان ئەگەر لە سووريا گەرچی وا بە زەحمەتی دەچێتە پێشـــەوە بەڵام بارگاوييە بـــە متمانەو گەشـــبينی بۆ ڕوخاندنی كۆســـووری ســـتەمكاری و كەلتووری ڕەتكردنەوە، گۆڕينی سەرتاپای ئەمەش بۆ چەمكی






دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عیراق بۆ گوڵان:

# کوردە فەیلییەکان کێشەیان زۆرە و بەنیازین چارەسەرێکی دادپەروەرانەی بۆ بدۆزینەوە

عیـــراق بە وڵاتی ئـــاوارەو دەرکراوو پەنابەران دادەنرێت، ئەو خەڵکانەی لە ناوخـــۆدا تەرحیلکراون یان ئەوانەی لە تاراوگەن و ناچاربوون وڵات جێبهێڵن، بە ســـەدان هەزار هەژماردەکرێن، بە ئاســـتێك لە شاری بەغدا کۆڵان هەیە بە تەواوی خەڵکەکەی کۆچیان کردووەتە شـــوێنانی تر، جگە لە تەرحیلکردنی دەیان هەزار خێزانی کورد لەســـەر زێدو خاکی خۆیان، لەوانەش کوردە فەیلییەکان، تەنیا لە وڵاتێکی وەك ســـوید ٣٠٠هەزار کوردی عیراقی گەیشـــتووەتێ و زۆربەی زۆریان بەبێ مافی پەنابەری و ڕەگەزنامە ماونەتەوەو جارناجار دەکەونە بەر شـــاڵاوی گرتن و دیپۆرت کردنەوەیان بۆ عیراق، ئەم ئاریشەیە دۆسیەکەی هێندە گەورەو ئاڵۆز بووە حکومەتی عیراقی ناچار کردووە وەزارەتێك بـــۆ کاروباری پەنابەران و کۆچپێکراوان دامەزرێنێت بە ناوی وەزارەتی کـــۆچ و کۆچبەرانی عیراقی، تا چەند ئەم وەزارەتە توانیویەتی ئەرکی خۆی لە چارەســـەرکردنی ئەم کێشانە بەجێبگەیەنێت و کارو بەرنامەکانی داهاتووی چی دەبن و لەگەڵ چەندین پرس و ڕای تردا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەران کرد کە ئەمە پوختەی دیمانەکەیە.

گوڵان- بەغدا

**گوڵان:** پلانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ یارمەتیدانی پەنابەران چییە؟

**دیندار دۆسکی:** ئەم وەزارەتە لەساڵی ٢٠٠٣ لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە دامەزراوە، لە پێناوی ئەوەی پەنابەران و دەربەدەرپێکراوان و دەرکراوان و بڕا فەیلییەکان و خەڵکانی تری سەر بە بەرەکانی ئۆپۆزسیۆن کە ڕایانکردبوو بۆ دەرەوەی وڵاتی عێراق کاروباری ئەوانە چارەسەرو جێبەجێ بکات، ماوەی حوکمی بەعسییەکان لە ٣٠ ساڵ بەرەو سەر بووە، بۆیە خەڵکێکی زۆر کە ژمارەیان لەچوار ملیۆن تێدەپەڕی و ئەوانەی ناچارکرابوون یان ڕاونرابوون و چووبوونە دەرەوەی وڵات و لەوێ بوونەتە پەنابەر، ئیتر ئامانجی ئەم وەزارەتە لە دامەزراندنیدا، بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەموو پەنابەران بووە، بە تایبەت ئەوانەیان کە موڵک و ماڵیان لێ زەوتکرابوو، یان هەیانبووە لەبەر بارودۆخی ناهەمواری سیاسی ئەو کات و زەمانە، ناچاربوون کە ناو و ناونیشانی خۆیان بگۆڕن، یان هاوسەرگیرییان لەگەڵ کەسانی سەر بە وڵاتانی تر کردووە، یان لە ماوەی پەنابەرییاندا وەچەو منداڵیان خستۆتەوە، یان کەسانێکیان لێ مردووەو ئێستا کەسوکاریان بە دوای مامەڵەکانی بەرایی ژیانیانەوەن، هەروەها لەدوای تەقینەوەی هەردوو مەرقەدەکەی سامەڕاش لە ساڵی ٢٠٠٦بەدواوە قۆناغێکی تری کۆچبەری لە عێراق هاتە پێشەوە، بە دەیان هەزار لە خەڵکانی عێراقی ناچاربوون دەستبەرداری ماڵ و حاڵی خۆیان بن و لە پێناوی مانەوەیاندا بچنە وڵاتانی دەوروبەر یان لە شارەکانی تری ناو عێراق نیشتەجێ ببن و لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران، بەشێك لە کارەکانمان کەوتە ئەستێڵکی دۆزینەوەی جێگەو ڕێ و هاریکاری کردنی ئەو خێزانانەش، ئامانجێکی تری ئەم وەزارەتە چارەسەرکردن و لابردنی توێژە تەرحیلکراوەکانە بە تایبەتی کوردو هەروەها تورکمان و عارەبی تەرحیلکراویش هەبوون کە بە مەرامی سیاسی تەرحیلکراون، بۆ نموونە کاتێك کوردیان لە کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان دەرکردووە گرفتی دیمۆگرافیشیان بۆ ئەم وڵاتە دروست کردووە کە چارەسەرکردنی هێندە سانا نابێت، گەڕانەوەی ئەو تەرحیلکراوانەش بۆ شوێنی ڕەسەنی پێشوویان کەوتۆتە

## ئەو عێراقیانەی کە لە تاراوگەن و کێشەی ڕەگەزنامەیان هەیەو پێویستە ناسنامەی وڵاتی دایکیان بۆ بگەڕێنینەوە

ئەستۆی وەزارەتەوە گەرچی ماددەیەکی دەستووری بە ناوی ماددەی ١٤٠ دانراوە، هەروەها ئەو عێراقیانەی کە لە تاراوگەن و کێشەی ڕەگەزنامەیان هەیەو پێویستە ناسنامەی وڵاتی دایکیان بۆ بگەڕێنینەوەو مافی ئەوانەش بپارێزین، چونکە هەندێك لەوانە خاوەن بڕوانامەو لێهاتووی ناوازەن و لەبەر هۆکاری سیاسی یان ئابووری دەستیان لەم وڵاتەی خۆیان بەربووەو ئێستا لە ناو وڵاتانی تردا سوود لە تواناکانیان وەردەگیرێت، وەزارەت بەرنامەو پلانی هەیە بۆ گەڕانەوەی بەشێك لەم خاوەن تواناو بڕوانامە بەرزانە تا لە بواری ئاوەدانی و پەرەپێدانی وڵاتی خۆیان بەشدارییان پێ بکرێت.

**گوڵان:** لەبارەی ئاماری ڕاستەقینەی پەنابەران و ئاوارەکانی عێراقەوە ژمارەو داتای جیا جیا هەن، پێمان خۆشە لەلای بەرێزتانەوە ڕاستێتی ژمارەو ئامارەکان بزانرێت؟

**دیندار دۆسکی:** دوو جۆر ئامارمان تۆمارکردووە ئەوانەیان کە لە ناوعێراقن و ئەوانەشی کە لە دەرەوەی عێراقن، بەهۆی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی تری تایبەتمەند لە ئامارەدا ڕوون کراونەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە دوای ڕووداوی سامەڕا تۆمارکراون لە ناو عێراق نزیکەی ٢٥٠هەزار خێزان کە دەربەدەربوون و لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون، گەر بە پێی قەبارەی خێزانی عێراقی کە لە وەزارەتی پلاندانان دیاریکراوە ٦،٦ ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەردەچن، ئیتر هەیانە سوونەن لە ناوچەکانی شیعەنشین ڕایانکردووە بەرەو ناوچەی سوونە نشین و هەشیانە بە پێچەوانەوە، ئێستا لەناو بەغدا گەڕەك هەیە بە تەواوی خەڵکەکەی چۆڵیان کردووەو چوونەتە گەڕەکی تر، هەمووی بەهۆی هۆکاری ناسەقامگیری باری ئەمنی بووە، بەڵام لە دەرەوەی عێراق ژمارەی وردو دروستمان نییە بۆیە دەکرێ هەموو عێراقییەکانی تاراوگە ناوی خۆیان لە باڵیۆزخانە عێراقییەکان بنووسن یان لەلای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خۆیان ناونووس بکەن، ئامارەکان لای کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران هەن، بە تایبەتی ئاماری ئەوانەی لە وڵاتانی دنیادا داوای هاریکاری و پەناهەندەییان کردووە ئاماری ئەوانەش کە لە وڵاتانی دەوروبەر بەکاتیی نیشتەجێ کراون و ناونووس کراون، زۆر خەڵکیش هەیە چوونەتە ئەردەن و سووریاو تورکیا و ئێران بەڵام پەنابەر نین بەڵکو بارگوزەرانی خۆیان بردۆتە ئەوێ، ئیتر هەیانە لەوێ کاری دەست کەوتووە، یان بازرگانی دەکات، یان بە گرێبەست دامەزراوە، یان خێزانی پێکهێناوەو منداڵەکانی لەوێ گەورە بوون، بە گشتی ئەو ژمارانەی لامان بریتییە لەمانەی خوارەوە، لە سووریا١١٢ هەزار عێراقییە، لە ئوردن ٣٢ هەزارن، گەرچی ژمارەی عێراقییەکان لەم ڕێژانە زیاترن، بەڵام زۆربەیان کۆچبەرن و پەنابەرنین و وەزعی ماددییان باشە، لە میسر٦ هەزارن، لە لوبنان ٩ هەزارن، لە ئێران سێ هەزارو پێنج سەد کەسێکن کە لە ئۆردوگاکاندان، گەرچی لە ئێرانیش نزیکەی ٤٠ هەزار

## لە دوای ڕووداوی سامەڕا لە ناو عێراق نزیکەی ٢٥٠هەزار خێزان لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون و دەربەدەربوون

کەسی تری عێراقی لێیە، بەڵام خۆیان لای کۆمسیۆنی پەنابەران ناوونووس نەکردووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش کە لە وڵاتانی ئەورووپان بۆ نموونە ١٦٠هەزار عێراقی لە وڵاتی سوید نیشتەجێی شەرعیین و ڕەگەزنامەو مافی پەناهەندەییان بە دەست هێناوە، گەرچی ژمارەی هەموویان لەو وڵاتە لە سەروو ٣٠٠ هەزارەوەن، بەڵام هەموویان پەنابەرییان بۆ دەرنەچووە، لە دانیمارك ٦٠هەزار کەس ڕەگەزنامەی شەرعییان وەرگرتووە، لە هۆڵەندا نزیکەی ٥٠ هەزارن، لە بەریتانیا ژمارەیەکی زۆر هەن بەوردی لامان نییە، لە نەرویژ ٣٦ هەزار ڕەگەزنامەو موقیمی شەرعی هەن، لە ئەڵمانیا ژمارەیەکی زۆر هەن کە زۆربەیان کوردی عێراقین و ڕەگەزنامەی وڵاتانی ئەورووپییان پێ دراوە.

**گوڵان:** بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا

ماوەیەك لەمەوبەر ڕەگەزنامەتان گێڕایەوە بۆ هەندێ لەو خێزانە کوردە فەیلییانەی کە لە سالآنی هەشتایەکانەوە بە زوڵم و غەدر لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرکرابوونە وڵاتی ئێران، پلان و بەرنامەتان چییە بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو کوردانەی بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ غەدری لەو جۆرەیان دەرهەق کراوە؟

**دیندار دۆسکی:** ئەم گەڕانەوەیە بە خۆزیاریی خۆیانە، یەکێك لە ئەرکەکانمان چارەسەری گرفتی کوردە فەیلییەکانە، ئەوانەی کە بە بڕیاری ژمارە٦٦٦ ی ڕژێمی بەعس و بە پێی دیکۆمێنت کە بوونیان هەیە و دەرکراون بۆ ئێران و لیژنەمان لە هەموو وەزارەتە پێوەندارەکانەوە دامەزراند تا بچنە ئێران و بەپێی دیکۆمێنتەکانی کە لە لیستەکانی موخابەراتی بەعس بە دەستخرابوون ئەو خێزانە فەیلیانە بدۆزرێنەوە، گەر حەز بکەن ئاسانکاری وەرگرتنی ڕەگەزنامەو گەڕانەوەیان بۆ مەیسەر

## لەناو بەغدا گەڕەك هەیە بە تەواوی خەڵکەکەی چۆڵیان کردووەو چوونەتە گەڕەکی تر

بکرێت، زۆربەی زۆریشیان ڕەگەزنامەیان پێدراوەتەوە، ئێستا کێشەکانی موڵك و ماڵیان ماوە کە بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە کاتی بەعس و بە ناحەقی و بە زەبر لێیان زەوت کراوە، موڵکەکانیان دەساو دەست پێکراوە، ئەو دۆسیەیەش بە دەیان هەزار کێشەن و خەریکین لە دوای کۆنگرەکەی کە لە ستۆکهۆڵم بەسترا من دیداری تایبەتم لەگەڵ کوردی فەیلی هەبوو، بەنیازین لەگەڵ کۆمسیۆنی ناکۆکی لەسەر موڵکەکان (منازەعات) دابنیشین تا چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ گرفتەکانیان بدۆزینەوە، ئەو خێزانانەش کە لە ئۆردووەکانی ئێران بوون هەموویمان هاوردونەوەو ڕەگەزنامەیان پێدراوەتەوەو خەریکین بیتاقەی بایەعی و دامەزراندن و قوتابخانە و ئەوەی پێویستە بۆیان دابین بکەین، هەر خێزانەو چوار ملیۆن دیناریشمان پێ داون تا ئەم ماوەیە کارەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن، ئیتر ئەوانەی کە خۆیان نایەنەوە، ئەوانە کارتی سپییان هەیە لە ئێران، یان لەوێ ژن و ژنخوازییان ئەنجامداوە، بەخۆزیاری خۆیان نایانەوێت بۆ عیراق بێنەوە، چونکە شوێنەکانی کە پێشتر لە عیراق لێی ژیاون ئێستا بارودۆخی ناهەمواری ئەو ناوچانە بە شێوەیەکە کە جێگەی ژیانی تێدا زەحمەتە، ئێمە پڕۆژەی گەشەپێدانی ناوچەکانی ژیانی برا فەیلییەکانمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردۆتەوە تا لە جەلەولاو سەعدیەو زرباتیەو مەندەلی. . . تاد پڕۆژەی نیشتەجێبوون و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و پارك و شوێنی کارکردن و ئاوو کارەباو بازاڕیان بۆ دابمەزرێت، ئەو ناوچانە لە ڕووی ئەمنیشەوە گرفتیان هەیە، فەرمانبەرمان لە فەرمانگەکانی ڕەگەزنامە تەرخان کردون و تایبەتمەندن بە کاروباری ئەو برا فەیلییانە تا کار ئاسانی بکەن لە گێڕانەوەی ڕەگەزنامە بۆیان.

**گوڵان:** دیاردەی دیپۆرتکردنەوەو بەزۆر ڕەوانە کردنەوەی پەنابەرانەی کورد لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ عیراق یەکێکە لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی پەنابەران دەبێتەوە، هەیە وا تێیان دەگەیەنرێت کە حکومەتی عیراقی دەستی لەم ناردنەوانەدا هەبێت، ئەمە چۆنە؟

**دیندار دۆسکی:** نەخێر، ئەم کارە جێی نارەحەتی ئێمەیە و لەو بارەیەوە باڵیۆزی سویدیم بینیوە، چونکە زۆربەیان لە سویدەوە دەنێرنەوەو کوردی وڵاتانی تری یەکێتی ئەوروپاش هەر لەسویدەوە ڕەوانە دەکەنەوە، بە دەیان هەزار عیراقی کە تا ئێستاش لە ناوچەکانی خۆیان هەرەشەیان لەسەرە بە تایبەت کورد، لەو وڵاتە ئەوروپیانە زۆریان بێ ڕەگەزنامەن و مافی پەناهەندەییان نییە وئیتر ئەوانیش وەك وڵاتانێك پلان و بەرنامەو هەلومەرجی خۆیان هەیە، ئێمە وەك حکومەتی ئیتیحادی ناتوانین زۆریان لێ بکەین و بڵێین بۆچی مافی پەناهەندەیی نادەنە ئەو هاووڵاتیانەی ئێمە، شتی وا لە دنیادا نییە، من کە بە وەزیری سویدی دەڵێم ئەم کارە بۆ ئێستای عیراق کە باری ئەمنی تەواو نییە هەڵەیە، وەزیری سوید پێم دەڵێت من ناتوانم لە بڕیاری دادگا دەست وەربدەم،

## لە (سووریا١١٢ هەزار و ئوردن ٣٢ هەزارو میسر٦ هەزارو لوبنان ٩ هەزار لە ئێرانیش نزیکەی ٤٠ هەزار)کەسی عێراقی کۆچبەرو پەنابەرن

## تەنیا ١٦٠ هەزار عیراقی لە وڵاتی سوید نیشتەجێی شەرعیین و ڕەگەزنامەو مافی پەناهەندەییان بە دەست هێناوە، گەرچی ژمارەی هەموویان لەو وڵاتە لە سەروو ٣٠٠ هەزارەوەن، بەڵام هەموویان پەنابەرییان بۆ دەرنەچووە

ئەوە پێوەندی بە یاسای ئەو وڵاتەوە هەیەو کەس کاریگەریی نییە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنی یاساییان، بە تایبەتیش لەم دواییانە کە مەرجی زەحمەتیان بۆ وەرگرتنی پەنابەران داناوە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارە ئابوورییەی لەو وڵاتە ئەوروپییانە ڕوودەدەن، ئێمە تەنیا ئەوەمان پێدەکرێت نیگەرانی خۆمان لە هەمبەر ئەو کاری بەزۆر ڕەوانەکردنەوانە دەربڕین، لە ئەنجومەنی وەزیران باس لەوە کرا کە وەك چۆن لە فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی لێیان وەرناگرنەوە لە فڕۆکەخانەی بەغداش وەریاننەگرنەوە، بەڵام وتیان لەوێ واتە لە کوردستان حوکمێکی ناوخۆیی و محەلیی هەیە، بەڵام گەر لە بەغداش وا بکرێت کە هاووڵاتی عیراقی وەرنەگرنەوە ئیشکالی سیاسی و یاسایی گەورە لە دنیادا بۆ عیراق دروست دەبێت، هەروەها هەر کەسێك پەساپۆرتی پێ نەبێت وەرناگیرێتەوە، سویدییەکان بیانوویان زۆرە بۆ ناردنەوەیان، حکومەتیش بۆ ئەوانەیان کە دیکۆمێنتی عیراقییان پێیە ناچارە کە وەریانبگرن، لەدەیان وڵات ئێستا ئەم گرفتە هەیە، ئێمە پێویستە ئەم بابەتی بە زۆرەملێ گەڕانەوە ڕابگرین تا عیراق لە ڕووی ئەمنی و ئابوورییەوە باش دەبێت، خەریکین لە ڕێی باڵیۆزو وەزیرەکانەوە ڕێوشوێنێك بدۆزینەوە تا لەگەڵ بنکەکانی کۆچ و کۆچبەری ئەو وڵاتانەو لە ئاستی بەرزەوە ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، بەشێوەیەك کەرامەتی مرۆیی ئەو خەڵکانە بپارێزن و قەرەبوو بکرێنەوە، هەر لەوێ شیاندن و ڕاهێنان و ئیعادەی تەئهیل بکرێنەوە، بەڵام وەك حکومەتی عیراقی بۆمان نییە فەرزی بکەین لەسەر ئەو وڵاتانە تا نەیانگێڕنەوە، بەڵکو بۆمان هەیە فشاریان بخەینەسەر کە کەرامەتیان بپارێزن و بە تایبەت ئەوانەیان کە کەسە نزیکەکانیان لەوێن لە یەکترییان



دانەبڕێنن و ڕێنمایی ئەو حکومەتانە بکەین کە بەو ئەرکە ئینسانیانەی خۆیان هەستن کە پێوەی ناسراون...

**گوڵان:** لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا گرفتی زۆر بۆ پەنابەرە کوردەکان دروست دەکرێت لە تاراوگە، بە تایبەت بەهۆی نەبوونی ڕەگەزنامەی عیراقی لەمبارەوە چی دەڵێت؟

**دیندار دۆسکی:** بەشێك لە خەتاکە ئەو براکوردانەمانن کە لەو وڵاتانە دیکۆمێنتی عیراقییان نەماوە ناچن لە باڵیۆزخانەکان ئەو گرفتەیان چارەسەر بکەن، گرفتی دووەمیش کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەگرێتەوە کە ئامارو داتاکان بەکارناهێنێ بۆ دابەشکردنی کارت و ڕێنمایی بۆ ئەو مەبەستە، من لەگەڵ هەردوولادا لە کۆنتاکتام تا چارەسەرێك بۆ ئەو ئاریشەیە بدۆزینەوە..

**گوڵان:** لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوای پرۆسەی ئازادی عیراق ژمارەی ئەو پزیشکانەی گەڕاونەتەوە، یان کارئاسانی بۆ گێڕانەوەیان کراوە چەندن؟

**دیندار دۆسکی:** تا ئێستا ٩٢٠ کەفائەت گەڕاونەتەوە بەهەموو بوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و بەشە زانستییەکانی تر زۆربەیان لە ڕێگەی خوێندنی باڵاو زانکۆکان وەزارەتی تەندروستی گەڕاونەتەوەو هەموو ساڵێك لیست بەسەر وەزارەتەکاندا دابەش دەکەین، تا بزانین چەند کەفائەتیان دەوێت و دواتر لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە مەرجەکان بڵاودەکەینەوە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتە پێوەندارەکانەوە، ئێمە ١٠٠٠٠ دکتۆری عیراقیمان تەنیا لە بەریتانیا هەیە، گەر بتوانرێت نیوەی ئەوانە بگەڕێنرێنەوە ئەوە کەرتی تەندروستی لە بەریتانیا تووشی قەیران دێت.

**گوڵان:** پلانی داهاتووتان چییە بۆ ئەمساڵ؟


**دیندار دۆسکی:** دۆسیەی ناوخۆ تاوتوێ دەکەین و دەمانەوێت ئەو خەڵکانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێی خۆیان ئەوە تێکەڵیان بکەین لەگەڵ خەڵکی ئەو شارانەی کە ئێستا بە کاتیی تێیدا نیشتەجێ کراون، واتە هەر بە هەمیشەیی نیشتەجێیان بکەین لە شوێنی ئێستایان، ئەگەر باری ئەمنی باش بێت ئەوا خۆیان بە خۆزیاری خۆیان دەگەڕێنەوە، بە ئومێدین کەئەو قەیرانە سیاسی و ئەمنیانەی عیراق چارەسەر بکرێت..

**گوڵان:** دوا وتەتان چییە بۆ گۆڤارەکە؟

**دیندار دۆسکی:** سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم بۆ ئەم دیدارەوە بە هیوام هەردەم بەم شێوەیە لە خزمەتی کاروباری خەڵکیدا بن، بە گەیاندنی خەم و ئەرك و مافەکانیان.

**١٠٠٠٠ دکتۆری عیراقیمان تەنیا لە بەریتانیا هەیە، گەر بتوانرێت نیوەی ئەوانە بگەڕێنرێنەوە ئەوە کەرتی تەندروستی لە بەریتانیا تووشی قەیران دێت**

**دۆسیێی کوردە فەیلیەکان بەدەیان هەزار کێشە لەخۆدەگرێت، بەنیازین لەگەڵ کۆمسیۆنی ناکۆکی لەسەر موڵکەکان (منازعات) دابنیشین تا چارەسەرێکی دادپەروەرانەی بۆ بدۆزینەوە**



# چەمی ڕێزان..
# یەک بنکەی تەندروستی هەیەو گوندەکانیش کێشەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە

## ئەشکەوتی قزقاپان و زەرزی و کوڕوکچ و قەڵای جولندی فەرامۆشکراوە

**چەمی ڕێزان سـەر بەناحیەی پیرەمەگروونە لەپارێزگای سلێمانی و بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و گەشتیاریی گرنگ دادەنرێت کەچەندین ئەشکەوتی گرنگ و شوێنەواری کۆنی تێدایە، ئەم ناوچەیە گوندەکانی (دولکان و کلەباش و عیسا بەگی و زەرزی و کانی هەنجیر و عەواڵان و قۆچبڵاخ) لەخۆ دەگرێت، پێشتر ژمارەی خێزانەکانی هەر گوندێك ٥٠ خێزان بوو، بەڵام ئێستاکە ژمارەی دانیشـتووانی گوندەکان کەمبۆتەوە بەرادەیەك سـەرجەم دانیشـتووانی گوندەکان بۆ ٥٠-٦٠ خێزان کەمبۆتەوە، ئەمەش بۆ ئەو شاڵاوی وێرانکردن و ئەنفال و هێرشـی کیمیاییە دەگەڕێتەوە کە لەهەشـتاکانی سەدەی رابردوو رژێمی بەعس دەرهەق بەدانیشتووانی گوندەکانی چەمی ڕێزان ئەنجامی دا، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بینیویانە لەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان.**

**ڕووبەری ئەم سـنوورە کە چەند هەزار دۆنمێك دەبێت بە تەواوی ئاوەدان نەکراوەتەوە و دانیشتووانەکەی گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆریان هەیە بە تایبەتی لەبارەی نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و فەرامۆشکردنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری .**

**تیمی گۆڤاری (گوڵان) چەمی ڕێزان و گوندەکانی سنوورەکەی بەسەرکردەوەو چەند هاووڵاتییەکی ئەو سنوورەی دوانـد، کە چەندین داواکاریان هەبوو سـەبارەت بەئەنجامدانی پرۆژەی ئاودێری و کشـتوکاڵی و ئاوی خواردنەوە و ڕێگاوبان، هاوکات باسـیان لە نەبوونی بنکەی تەندروستی و قوتابخانە لە گوندەکان و سـنوورەکە کرد، ئەم گلەیی و داواکاریانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیاری تریشمان ئاڕاسـتەی (عەدنان کاکەڕەش)بەڕێوەبەری ناحیـەی پیرەمەگرون کـرد، کـە لێرەدا لە وەڵامی پرسیارەکاندا ئەم ڕاپۆرتە دەخەینەڕوو.**



عەدنان کاکەڕەش
بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون بۆ گوڵان:

# گرنگی بەچەمی ڕێزان نەدراوەو خەڵکی سنوورەکەش بەدەگمەن بۆ گوندەکانیان گەڕاونەتەوە



**ناوچەیەکی شوێنەوارو گەشتوگوزاریی**

لە سنووری چەمی ڕێزان چەندین ئەشکەوت و شوێنەوارێکی گرنگی مێژوویی لێیەو شوێنێکی گەشت و گوزاری بەناوبانگە، بەڵام لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە گرنگی پێ نەدراوەو بووەتە هۆی کۆچکردنی گوندنشینەکان؛ لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: هەڵکەوتەی جوگرافیای چەمی ڕێزان وا هەڵکەوتووە کە کشتوکاڵی سروشتی تێدا بێت، بۆیە هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە مرۆڤ پەنای بۆ ئەم ناوچەیە بردووەو تێیدا ژیاوە، بوونی چەندین شوێنەواری گرنگیش بەڵگەیەکن بۆ گرنگی ئەم ناوچەیە، گرنگترین ئەشکەوت و شوێنەوارەکانیشی بریتین لە( ئەشکەوتەکانی زەرزیی و قزقاپان و کوڕوکچ و قەڵای جولندی )، کە پێ دەچێت قەڵای جولندی سەربازگەیەکی سەردەمی ئەخمینیەکان بێت و تا سەردەمی ساسانیەکانیش هەر سەربازگە بووە، هەروەها ئەشکەوتی قزقاپان کە مرۆڤی کۆنی تێدا ژیاوەو چەندین دینگەو ستوونی دەستکردی تێدایە کە بە نەخشی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی نەخشێنراوە و بنمیچی ئەشکەوتەکە بە شێوەیەکی وا داڕێژکراوەو نەخشێنراوە کە ئەمەش تەنیا لە ناو میللەتی کورد هەبووە، هەر لەناو ئەشکەوتەکەش دا چەند پەیکەرێکی داتاشراو هەیە کە ئاماژە بەخوداوەندی ئەهریمەن و عەشتار دەکات، هەروەها گۆڕێکیش لە ناوەڕاستی ئەو ئەشکەوتە هەیە کە بەپێی هەندێك لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی وا دەردەخەن گۆڕی (کەی خەسرەو)بێت، شوێنەوارەکانی ئەو چەمە زۆر کۆن و گرنگە بۆ ئێمەچ لە ڕووی گەشتوگوزاری چ لە لایەنی مێژووییەوە، بەڵام تا ئێستاکە کارو پرۆژەیەکی وا بۆ ئەو شوێنەوارانە نەکراوە کە شایانی باسکردن بێت، دەتوانین بڵێین لە لایەنی پێوەندارەوە فەرامۆش کراوە. هاوکات لە لایەنی گەشتوگوزاری وەزارەت و لایەنی پێوەندار هیچ پرۆژەیەکیان لەو شوێنەدا نەکردووە، تەنیا لە نزیك باقڵەکەوە شوێنێکی حەوانەوەو گەشتوگوزاری تێدا ئەنجامدراوە کە ساڵانە لە زۆر شارو شوێنەوەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراقەوە خەڵك ڕووی تێدەکات، بەڵام بە پێی پێویست ئەگەر بێتوو

**ئەشکەوت و شوێنەوارەکانی ئەم ناوچەیە زۆر کۆن و گرنگن و تا ئێستا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە**

کارو پرۆژەی گەشتوگوزاری بۆ ئەو شوێن و سنوورە بکرێت ئەوە لە ماوەی دوو سێ ساڵ پێشکەوتن و بووژاندنەوەیەکی گەورەو بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە تۆبۆگرافیای سنوورەکەو جوانی شاخ و چیاو دۆڵ و چەمەکە زۆر سەرنج ڕاکێشە و وا دەکات مرۆڤ ئاسوودە بێت و ڕۆژ و کاتی تێدا بباتە سەر، بەڵام بەداخەوە گرنگی بەم شوێنە نەدراوەو هەر بۆیە خەڵکی سنوورەکەش بەدەگمەن بۆ گوندەکانیان گەڕاونەتەوە. چونکە دەسکەوتنی بژێوی ژیان ئێستا تێیدا زۆر قورس و زەحمەتە، سەرەڕای نەبوونی خزمەتگوزارییەکان.

**هیچ پرۆژەیەکی ئاودێری بۆ نەکراوە**

سەبارەت بەوەی کە سنوورێکی کشتوکاڵی ئاژەڵدارییەو کەموکوڕییەکی زۆر لەم دوو بوارەدا هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: سنووری چەمی ڕێزان ڕەزوباخی سروشتی لێیەو یەکێك لەو میوانەی کەزۆر باش و بەناوبانگە هەنارە، لە چەمی ڕێزان کاری مەرەزەو جۆری تری کشتوکاڵی دەکرێت، بەڵام لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو لەبەر کەم شارەزایی گەشتیاران لەوەرزی سەیراندا چەمەکە ئاگری تێبەربوو و دارو درەخت و ڕەزی چەمەکە بەتەواوی سووتاوە، هەروەها لە کاتی ئەنفالەکاندا ئەو چەمە بە هەموو دارو درەختەکانیەوە لە لایەن بەعسەوە سووتێنران، ئێستاکە چڕی چەمەکە زۆر کەم بۆتەوە، ئەوەش زیانێکی گەورەبوو بۆ خەڵکی سنوورەکە، چونکە ڕەزی هەنارو ترێ و گوێزی زۆری هەبووە و بەشی زۆری لە ناوچووە. لەسنووری چەمی ڕێزان تەنیا لەناو ئەو بەشەی سەیرانگەکەوە پرۆژەی ئاودێری هەیە، جگە لەمە لەهەموو سنوورەکەدا هیچ پرۆژەیەکی ئاودێری بۆ نەکراوە، هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان هیچ کارو پرۆژەیەکیان لەسنوورەکە جێبەجێ نەکردووە بۆ ئەوەی بنەماکانی کەرتی کشتوکاڵ لەو سنوورە ببوژێتەوە. هەروەها لەسنوورەکەدا چەندین شوێن هەیە کە دەست دەدات بۆ دروستکردنی بەنداو، هەر بۆیە ئێستاکە بڕیارە لە دوو شوێن بەنداو دروست بکرێت، شوێنەکانیش بریتین لە دوواوان کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، هەروەها بەنداوەکەی تر گەورەترەو دەکەوێتە خوارکەڵەباشەوە لەسەروو گوندی زەرزییەوە، بەڵام ئەم بەنداوە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی ترەوە زۆربەی دانیشتووانی گوندەکان سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕومالاتن بەڵام بەهیچ

# وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان هیچ کارو پرۆژەیەکیان لەسنوورەکە جێبەجێ نەکردووە

شێوەیەك گرنگی بە پرۆژەی ئاژەڵداریش نەدراوەو سنوورەکە پێویستی بە بنکەیەکی بەیتەری هەیە.

**کێشەی ڕێگاوبان هەیە**

سەبارەت بەڕێگاوبان بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: لەبەرئەوەی چەمی ڕێزان ناوچەیەکی شاخاویی و سەختە بۆیە کێشەی ڕێگاوبانی لەو سنوورە هەیە، چونکە ڕاکێشانی هەر ڕێگایەك پێویستمان بە دارمانی شاخ و تەقینەوەی تاشەبەردەکان هەیە، بەتایبەتی ڕاکێشانی ڕێگا بۆ گوندی کەڵەشێرو چەند گوندێکی تر ئەمەش کارێکی قورسەو تێچوونێکی زۆری دەوێت، کێشەمان لە ڕێگاکانی چوون بۆ ئەشکەوتەکان و شوێنەوارەکانیش هەیە کە لەقەدپاڵی چیاکانن و شوێنەکانیان زۆر سەخت و بەرزە. هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە گەشتیاران ئاشنا نەبن بەم شوێنەوارو ئەشکەوتە گرنگانە، لەلایەکی ترەوە سنووری چەمی ڕێزان بەگشتی سوودیان لەو ڕێگایە وەرگرتووە کە لەڕێگای سەرەکی پیرەمەگرون – دوکان بۆ کۆتایی سەیرانگەکە دەچێت .

**پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لەسەرجەم گوندەکان پێویستە**

پرۆژەی ئاوی خواردنەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی لەکۆنەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان هەبووە، چەمی ڕێزان گەرچی ناوچەیەکی ئاویی و گەشتوگوزارییە و سەرچاوەی کانی و کارێزی زۆرە بەڵام گوندەکانیان گرفت و کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: هەموو گوندەکانی چەمی ڕێزان پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، بەڵام بەهۆی وشکەساڵی و کۆنی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە زۆربەی ئەو گوندانەی سنووری چەمی ڕێزان تووشی گرفتی کەمئاوی هاتوون، بۆیە پێویستە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەکەیان بۆ تازە بکرێتەوە، هەروەها تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەش بگەیەنرێتە ماڵەکانی ناو گوندەکان، هەر نەبوونی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیە وایکردووە گوندەکانی ئەو سنوورە بەپێی پێویست ئاوەدان نەکرێنەوەو بگرە بەبەردەوام دیاردەی کۆچکردن هەبێت.

**هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاریی و وەبەرهێنان لەم ناوچەیە ئەنجام نەدراوە**

**لە٢٠١٢ چەند پرۆژەیەك لەبەرنامەدایە**

سەبارەت بەوەی لە ساڵی تازەدا چ بەرنامەو پرۆژەیەك بۆ سنووری چەمی ڕێزان لە پلانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و پارێزگای سلێمانی هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: بڕیارە لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ چەمی ڕێزان چەند پرۆژەیەك ئەنجام بدرێت لەوانە چاککردن و قیرتاوکردنی تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان و پرۆژەی ئاویخواردنەوەی گوندەکان، بۆ ئەو پرۆژانەش بە مەبەستی دەرخستەو دانانی پلان بۆ پرۆژەکان بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان و ئاوی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی سەردانی ناحیەی پیرەمەگرون و سنووری چەمی ڕێزانیان کرد، بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا کاری ڕێگاوبان لەم سنوورە لەبەر شاخ و سەختی زۆر زەحمەتە بە تایبەتی دروستکردنی ڕێگاوبان بۆ هەندێ لە گوندەکانی ناوچەکە، گوندەکانی ئەو سنوورە هەندێکیان تەنیا دوو سێ ماڵن هەربۆیە زۆر لەپرۆژەکانی ڕێگاوبان لەم ناوچەیە دواخراوە، چونکە شوێنی تر لە ناحیەی پیرەمەگرون هەیە کە قەرەباڵغترەو زۆر پێویست ترە کە پرۆژەیان بۆ بکرێت هەر وەکو هەندێ گەڕەکی ناو سەنتەری ناحیەکە کە تا ئێستا کۆڵان و شەقامەکانیان قیرتاو و کۆنکرێت نەکراون.

**نەبوونی ئاوی خواردنەوەیە وایکردووە گوندەکانی ئەو سنوورە بەپێی پێویست ئاوەدان نەکرێنەوە**

لەلایەکی ترەوە تا ئێستا هیچ وەبەرهێنێك نەهاتوونەتە لای ئێمە بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لەو سنوورە ئەنجام بدات، ئەگەر وەبەرهێنێکیش بیەوێت پرۆژەیەك بکات نایەنە لای ئێمەوە ڕاستەوخۆ بۆ لای دەستەی وەبەرهێنان دەچن و لەکاتی دابینکردنی زەویش بۆ وەبەرهێن پێویست بەوە دەکات قسە لەگەڵ جوتیارانی سنوورەکەبکرێت و ڕازیشیان بکەین بە تایبەتی سنووری چەمی ڕێزان کە زەوییەکانی موڵکی خەڵکی گوندەکان و جوتیارەکانەو زەوی ئەو سنوورە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی بەناوچەیەکی گەشتیاری دانراوە، ئێمە بە پێویستی دەزانین لەبواری گەشتیاری وەبەرهێنەکانی کەرتی تایبەت ڕوو لەم ناوچەیە بکات و پرۆژەی گەشتیاری جۆراوجۆر ئەنجام بدەن.

**کەموکوڕی پەروەردە**

سەبارەت بە بواری پەروەردە و بوونی چەندین کەموکورتی بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: لەهەموو ئەو گوندانەی کە لەسنووری چەمی ڕێزانن یەك بینایەی قوتابخانە دروست نەکراوە، تەنانەت لەو گوندەی کە قوتابخانەشی هەیە کێشەی بینایەو کورسی و میلاکات و پێداویستی زۆر هەیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە مشورێکی ئەو گوندانە بخوات کە قوتابخانەی نییە، چونکە خوێندن مافێکی سەرەتایی هەموو کەسێکە بەتایبەتی منداڵان، ئەگەر ژمارەی قوتابیان لە گوندێکدا زۆر کەمیش بێت بەڵام پێویستە قوتابخانەیان بەشێوەیەی هاوچەرخ بۆ بکرێت نەك ئەوجۆرە بینایەی قوتابخانانەی کە ئێستا لە زۆربەی گوندەکان هەیەو لە ئاستێکی زۆر نزم و خراپدایە.

**بنکەی تەندروستی بەپێی پێویست نییە**

سەبارەت بەبواری تەندروستی و کێشەو گرفتەکانی تەندروستی لەچەمی ڕێزان بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون وتی: بەگشتی لەم سنوورەدا گرنگی بەبواری تەندروستی نەدراوە، تەنیا یەك بنکەی تەندروستی هەیە ڕاستە ئێستاکە ژمارەی ماڵەکان لە گوندەکان دیاریکراوو کەمە بەڵام ڕۆژانە پێویستیان بەپشکنین و چارەسەرکردنی پزیشکی دەبێت لەبەر ئەوەی سنوورێکی شاخاوی و سەخت و ساردە، گەرچی ئەو سنوورە ئێستاکە ژمارەی دانیشتووانی کەمە بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆی دانراوە کە سنوورێکی گەشتوگوزارییە پێویست بەوە دەکات بنکەیەکی تەندروستی پێشکەوتوو بەهەموو پێداویستیەکانی بۆ دامەزرێت ئەوەش داواکاری ئێمەو خەڵکی سنوورەکەشە، لەبەر ئەوەی لەکاتی هەر ڕووداوو کارەساتێك خەڵکی ئەو گوندانە ڕوو لە ناحیەی پیرەمەگرون و قەزای دوکان یا شاری سلێمانی دەکەن و کات و خەرجیەکی زۆری دەوێت.

**بڕیاری شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداری جێبەجێ نەکراوە**

لەکۆتایی دا بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگروون وتی: گەرچی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕێنماییەك بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان دابەزیوە بەتایبەتی دەسەڵاتی ئیداریی و لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەش دەستنیشانکراوە مانگانە توانای خەرجکردنی ٥ ملیۆن دینارمان هەبێت، بەڵام ئەو بڕیارە تا ئێستا کارا نەکراوە و جێبەجێ نەبووە، هەربۆیە ئێستا ئێمە ناتوانین ئەو بڕە پارەیەی دیاریکراوە خەرجی بکەین، بەڵام ئێمە دەتوانین لەڕێگای بودجەکانی پەرەپێدانی پارێزگاو وەزارەتەکانەوە ساڵانە پرۆژە بۆ سنوورەکانمان داوا بکەین و بیخەینە بەرنامەوە تا جێبەجێ بکرێت. سەبارەت بەدامەزراندنیش کە هەنگاو نراوە، بەڵام بێ کەموکوڕی نەبووە، چونکە دامەزراندنەکان بەپێی پێداویستی ئێمە نەهاتۆتەوە.